دیمۆکراسی بۆ ئێــران          خودموختاری بۆ کوردســـتان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

۳۰ی ڕێبەندانی ۱۳۸۲     ۱۹ی فێوریەی ۲۰۰٤     ژمارە ۳۸۳     ۱۵۰ تمەن


### نوێنەرانی ناڕازیی مەجلیس لە بەرەبەری "هەڵبژاردن"دا:

## مەجلیسی حەوتەم، هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەمنییەتی نەتەوەیی‌و سەربەخۆیی وڵات

نوێنەرانی ناڕازی لە ڕەوتی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم، لە بەیاننامەیەكدا كە ڕۆژی ۲۸ی ڕێبەندان لە ژێر ناوی "نامەی نوێنەرانی میللەت بۆ ئایەتوڵڵا خامەنەیی" بڵاویان كردەوە دوای ئاماژە بەو سووكایەتییانەی لەلایەن نیهادەكانی ژێر چاوەدێریی ناوبراوەوە لە چوارساڵی ڕابردوودا بە مەجلیسی شەشەم‌و نوێنەرانی كراون، قامكیان لەسەر زەوتكردنی سەرەتاییترین ماف لە خەڵك واتە مافی هەڵبژاردن‌و هەڵبژێران لەلایەن ئەو دەزگاو دامەزراوانەوە داناوە، لە بارەی ئاكامی "هەڵبژاردن"ی ڕۆژی هەینی ۱ی ڕەشەمەش گوتوویانە:

"مەجلیسێك كە بە ئامانجی وەدەرنانی نوێنەرانی ئازا لە قسەكردن‌و هەڵوێست گرتندا لە پێشەوە ڕێك خرابێ“ مەجلیسێك كە سەلاحییەتی نزیكەی ۲۰۰۰ كەس لە كاندیدا خاوەن مەرجەكانی ڕەت كرابێتەوە“ مەجلیسێك كە زۆربەی ئەندامانی لە لایەن سیتادی دژی ئسیلاحات دیاری كرابن“ مەجلیسێك كە بە دەنگی خەڵك نا، بەڵكوو بە دەنگی ئەندامانی شوورای نیگابان و بە گوێرەی تێگەیشتنی تایبەتیی ئەوان هاتبێتە سەر كار“ نەك هەر ناتوانێ داكۆكی لە قازانجە نەتەوەیی‌یەكان و سەروەریی وڵات و مافەكانی میللەت بكا، بەڵكو لەوانەیە ببێتە هەڕەشەیەك بۆ ئەمنییەتی میللی و سەربەخۆیی وڵات."

پێویستە بگوترێ ڕۆژنامەكانی "شرق" و "یاس نو" سەبارەت بە بڵاوكردنەوەی ئەو نامەیە ڕۆژی ۲۹ی ڕێبەندان داخران.

### بە بەشداریی ژمارەیەكی زۆر لە ئەدیبان، نووسەران و ئۆگرانی كاری فەرهەنگی

## یەكەم فستیڤاڵی ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان (تاراوگە) بەڕێوە چوو

سەعات ۱۰ی سەرلە بەیانیی شەمە ۲۵ی ڕێبەندان، ڕێوڕەسمی دەست پێكردنی یەكەم فستیڤاڵی ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان (تاراوگە)، بە بەشداریی ژمارەیەكی زۆر لە شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان‌و بە ئامادە بوونی سەدان ئۆگری كاری فەرهەنگی، لە یەكێك لە ساڵۆنەكانی بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمی دەست پێكردنی فستیڤاڵدا دوای سروودی ئەی ڕەقیب، پەیامەكانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵ، سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكرات هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دەفتەری سیاسیی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "كوردستان"، گۆڤارەكانی "پێشەنگ"، "سپی‌تر"، یەكیەتی‌یەكانی ژنان‌و لاوانی دێمۆكرات‌و شاعیری دووره وڵات فەرەیدوون ئەرشەدی پێشكێش كران. نێوئاخنی هونەریی ڕێوڕەسمەكە، چەند گۆرانی بوون كە هونەرمەندانی كۆڕی هونەری پێشكێشیان كرد.

لە ماوەی چەند ڕۆژ كۆڕو كۆبوونەوەدا، شاعیران، نووسەران‌و ڕووناكبیرانی بەشداری فستیڤاڵ چەندین پارچە شێعر، كورتە چیرۆك‌و باس و لێكۆڵینەوەیان پێشكێش كرد. دوانیوەڕۆی ڕۆژی ۲۹ی ڕێبەندان، بە دوای بەڕێوەچوونی یەك بە دوای یەك‌و سەركەوتووانەی بەرنامەو بڕگە دیاریكراوەكان، ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ئاكامەكانی هەڵسەنگاندنی داوەران‌و بەخشینی خەڵات بە بەرهەمە سەركەوتووەكان‌و كۆتایی فستیڤاڵ بەڕێوەچوو. بەشداران پاش ٥ ڕۆژ چالاكیی فەرهەنگی‌و بیروڕا گۆڕینەوەی بە سوود ماڵاواییان لێك خواست‌و بۆ شوێنەكانی كارو تێكۆشانیان گەڕانەوە. لە لاپەرەكانی ٥ دا پەیامەكانی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكرات، دەفتەری سیاسیی كۆمەڵە، دەستەی نووسەرانی "كوردستان"، لە "ئەدەب‌و هونەری" ئەم ژمارەیەی "كوردستان"یشدا دەقی چەند پەیامی دیكە، ڕیپۆرتاژو بابەتی تایبەت بەو فستیڤاڵە چاپ‌و بڵاو بوونەتەوە.







### بەیاننامە

## بەبۆنەی بیست‌و پێنجەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەكان!**

**خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان!**

بیست‌و دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ (۱۳۸۲ی هەتاوی) بیست‌و پێنج ساڵ لە سەركەوتنی ڕاپەڕینی پڕشكۆی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێدەپەڕێ. بیست‌و پێنج ساڵ لەوەپێش لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی‌دا كۆمەڵانی خەڵكی ئێران پاش ساڵێك ڕاپەڕین‌و خوێن‌و قوربانیدان كۆتایی‌یان بە تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی‌و دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزا شا هێنا. ئامانجی ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شاو سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە بوو كە حكوومەتێكی دێموكراتیك بێتە سەركار كە ئازادی‌و دێموكراسی دەستەبەر بكا، مافی گەلانی زۆرلێكراوی ئێران دابین بكاو فەرق‌و جیاوازیدانان لە نێوان نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەكاندا لە نێو بەرێ، بەڵام بەداخەوە نەك ئەو ئاوات‌و ئامانجانە نەهاتنە دی، بەڵكوو وڵاتەكەمان لەگەڵ دەسەڵاتێكی دیكتاتۆریی ڕووت‌و بێپەردەتر بەرەوڕوو بۆوە. چونكە لە نەبوونی ئاڵترناتیڤێكی دێموكرات‌و زاڵبوونی كەشوهەوای مەزهەبی‌دا، ئاخوندە پاوانخوازەكان زۆر زوو دەستیان بەسەر دەسكەوتەكانی شۆڕش‌و سەركەوتن‌دا گرت‌و لە بەناو ڕیفراندۆمێكدا خەڵك ناچار بوون لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی‌و كۆماری ئیسلامی‌دا (نە وشەیەك زیادو نە وشەیەك كەم) یەكیان هەڵبژێرن.

هەرچەند ئەوكات گەلی كوردو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و هێزە سیاسی‌یەكانی كوردستان كە دەیانزانی لە ڕێژیمێكی وەك كۆماری ئیسلامی‌دا كە لەسەر بناغەی بۆچوونە مەزهەبی‌یەكان دابمەزرێ، نە ئازادی‌و دێموكراسی دەستەبەر دەبێ‌و نە گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتی‌و ئینسانی‌یەكانیان دەگەن، ئەو ڕیفراندۆمەیان تەحریم كرد، بەڵام خەڵكی ئێران كە ڕێژیمی پاشایەتیان تاقی كردبۆوەو لە دژی ڕاپەڕیبوون، ئاسایی بوو ئەگەر دەنگ بە ڕێژیمی پاشایەتی نەدەن‌و لە بەرامبەردا دەنگ بە كۆماری ئیسلامی‌یەك بدەن كە تا ئەو كات نە دیبوویان‌و نە تاقییان كردبۆوە.

ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی كە لەسەر بناغەی بیروبۆچوونی مەزهەبی‌و باوەڕ بە ویلایەتی فەقیه دامەزرا، نە دەگەڵ ئازادی‌و دێموكراسی گونجاو نە بایەخی بە مافە ئینسانی‌و نەتەوەیی‌یەكانی گەلانی ئێران دا. بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە ڕەفتاری سەرەڕۆیانەو كردەوەی دژی دێموكراتی، نێوەرۆكی كۆنەپەرستانەو دیكتاتۆریی خۆی نیشان دا. حیزب‌و ڕێكخراوە سیاسی‌یە پێشكەوتنخوازەكانی نایاسایی‌و هەڵوەشاوە ڕاگەیاندو سەران‌و ئەندامانیان بە لێشاو كەوتنە بەر هێرشی تاقمە دەمارگرژەكانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و هەزاران ڕۆڵەی تێكۆشەرو ئازادیخوازی وڵاتەكەمان بە بیانووی جۆراوجۆر ئیعدام یان ڕەوانەی زیندان كران‌و زۆر بە توندی ئەشكەنجەو ئازار دران، ڕۆژنامەو گۆڤارە سەربەخۆو جودابیرەكان بەر بە دەرچوون‌و بڵاوبوونەوەیان گیراو هەر دەنگێكی موخالیف یان تەنانەت بیرێكی جیا لە بۆچوونی ڕێبەرانی ڕێژیم بەتوندی سەركوت كران.

۲

### لە سەفەرێكی چەند ڕۆژەدا بۆ لەندەن

## سكرتێری گشتیی حیزب چاوی بە كۆمەڵێك كەسایەتیی سیاسیی ئینگلیستان كەوتن

ڕۆژەكانی ۱ تا ٤ی فیوریەی ئەمساڵ هاوڕێی تێكۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە سەفەرێكی چەند ڕۆژەی بۆ وڵاتی ئینگلیستان كرد. لەو سەفەرەدا سكرتێری گشتیی حیزب چاوی بە ژمارەیەك پارلمانتێرو كەسایەتیی سیاسیی ئەو وڵاتە كەوت‌و لە بارەی هەلومەرجی تێكۆشانی حیزبی دیموكرات، كێشەی كوردو بارودۆخی ئێران‌و ئەو هەڵوێست‌و هەنگاوانەی پێویستە بە قازانجی گەلی كوردو خەڵكی ئێران هەڵبگیرێن، ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەگەڵ كردن. بەڕێزان تۆم كلارك (نوێنەری پارلمان‌و سەرۆكی گرووپی پشتیوانی لە كوردەكانی عێراق لە پارلمانی ئینگلیستاندا)، لۆرد ئێڤیبری (نوێنەری مەجلیس‌و سەرۆكی گرووپی پارلمانیی داكۆكی لە مافی مرۆڤ)، ستان نیونز (سەرۆكی حیزبی ئازادی)و لوئیس ئەیالا سكرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لەو كەسایەتی‌یانە بوون. لەلاپەڕە ۲ی ئەم ژمارەیەدا ڕاپۆرتێكی تایبەت بەو دیدارانەی سكرتێری گشتیی حیزب بڵاوبۆتەوە.

### كۆڕی پرسەو سەرەخۆشی لە كوردستانی ئێران و دەرەوەی وڵات

## بەمەبەستی هاودەری لەگەڵ بنەماڵەی قوربانی‌یەكانی‌و مەحكووم كردنی تیرۆریستان

خەڵكی كوردستانی ئێران‌و كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دەرەوەی وڵات، بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی جینایەتی ڕۆژی جێژنی قوربان لە شاری هەولێر، بەشێوەی جۆراوجۆر هاودەردی‌و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ سەركردایەتیی پارتی دێمۆكراتی كوردستان‌و یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان‌و بنەماڵەو كەسوكاری قوربانی‌یەكان نیشان داو بەتوندی ئەو كردەوە تیرۆریستی‌یەیان مەحكووم كرد. جگە لەسەدان پەیام‌و نامەو برووسكەی هاودەردی كە بەو بۆنەیەوە لە لایەن كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە بۆ ڕێبەرایەتیی ئەو دوو حیزبە بەڕێ كران، لە زۆربەی شارەكانی كوردستانی ئێران‌و لە تاران مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشی پێك هات. لە دەرەوەی وڵاتیش بە هاوبەشیی پەنابەرانی كوردی ئێرانی، ڕێوڕەسمی تایبەتی بەم بۆنەیەوە بەڕێوەچوون. لە لاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەیەی "كوردستان"دا چەندین هەواڵ‌و ڕاپۆرت لەو بارەیەوە خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

## هەوڵەكانی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم: بۆ بەرەوژووربردنی ئاماری دەنگدەرانی "هەڵبژاردن"

محەممەدرەزا خاتەمی سكرتێری گشتیی "جبهه مشاركت ایران اسلامی" لە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی "فاینشال تایمز"دا، "تقلب"ی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا بە شتێكی چاوەڕوانكراو زانی‌و گوتی: وەزارەتی ئیتلاعات لەبارەی ۳۰ هەزار بەرگەی ساختەی دەنگدان، وریایی داوەو، ئەوەش لە حاڵێك دایە كە هێندێك هەوڵی دروستكردنی ۲ میلیون ناسنامەی ساختە، ڕەت ناكەنەوە.

هەروەها سایتی "رویداد" نووسی: "مەقامی ڕەهبەری داوای كردوە ٤۰ میلیون لەو ٤٦ میلیون كەسەی لە ئێراندا مافی دەنگدانیان هەیە، بێنەسەر سندووقەكان‌و دەنگ بدەن". هێندێك لەو هەوڵ‌و هەنگاوانەی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم بۆ بردنەسەری هەرچی زیاتری ئاماری دەنگدەران خەریكی ئەنجامدانیانن، بریتین لە:

هەیئەتەكانی چاوەدێری هەموو هێزەكانی خۆیان‌و ئەندامانی دەفتەرەكانی چاوەدێری‌و كەس‌و كارو دەست‌و پێوەندەكانیان كە دەبنە نزیكەی ۲۰۰ هەزار كەس بۆ تاران بانگ دەكەن تا بە ئامادەبوون لەسەر سندووقەكانی دەنگدان وێڕای فشارهێنان‌و گیروگرفت دروست كردن بۆ هەیئەتە ئیجرایی‌یەكان، ئاماری دەنگدەرانیش بەرەوژوور بەرن‌و ئەگەر پێویست بوو هێندێك لە سیناریۆ پێشبینی كراوەكانیش جێبەجێ بكەن.

لەلایەكی دیكەوە سوپای پاسداران ڕۆژێك بەر لە هەڵبژاردن، ئۆردووی گەلاڵەی مەعرەفەتی بەسیج لەشاری تاران بەڕێوە دەبا تا دوای دەنگدان بە لیستەی "آبادگران" (كە هی كۆنەپارێزەكانە)، ڕۆژی شەممە بۆ شارەكانی خۆیان ڕەوانە بكرێنەوە. قەرار وایە ئەو هێزە بەسیجی‌یانە بە ئامادەبوون لە لای سندووقەكانی دەنگدان وانیشان بدەن كە خەڵك زۆر بە گەرم‌و گوڕی لە هەڵبژاردندا بەشداربوون. ئەم شلووغی‌و بەشدارییە گەرم‌و گوڕە ڕواڵەتی‌یەش لە ڕێگای دووربینەكانی تەلەویزیونی ڕێژیمەوە بە دنیا نیشان دەدرێ. شانبەشانی ئەو كارەش بوار بۆ "تقلب" لە ژماردنی دەنگەكاندا‌و بردنەسەری ئاماری ناواقیعیی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا، خۆش دەكەن.



**سەرچاوە: ماڵپەرەكانی "ایران امروز"و "اخبار روز"**

### بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی "هەڵبژاردن"

## خەڵكی مەریوان‌و بۆكان خۆپیشاندانیان وەڕێ خست

ـ شەوی چوارشەممۆ ۱۳۸۲/۱۱/۲۹ی هەتاوی، خەڵكی شاری بۆكان بە ئیعتیراز بە شێوەی هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ڕژانە شەقامەكان‌و خۆپیشاندانێكی بەرینیان وەڕێ خست. لەو خۆپیشاندانەدا بێجگە لەوەی دروشمی دژی ڕێژیم بەرز كرایەوە، شووشەو پەنجەرەی چەند بانك‌و دامەزراوەی ڕێژیمیش شكێندران.

ـ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممۆ ۱۳۸۲/۱۱/۲۹ی هەتاوی، سەرەڕای بوونی هێزێكی زۆری ڕێژیم لە شاری مەریوان خەڵكی ئەو شارە بۆ جاری دووهەم ڕژانە شەقەمەكان‌و بە وەڕێخستنی خۆپیشاندان نارەزایەتیی خۆیان لە شێوەی هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەربڕی‌و بە دژی ڕێژیم‌و بە لایەنگری لە بزووتنەوەی كوردستان دروشمیان دا.


وتووێژی ڕۆژنامەی "فرانكفورتێر ڕۆندشاو" لەگەڵ سكرتێری گشتیی حیزب ۳

كێشەی ڕەوایی‌و ژێرخانەكانی لە كۆماری ئیسلامی‌دا ۱۱

بونیادگەرایی‌و تیرۆریزم، دوو بنەمای سەرەكیی كۆماری ئیسلامی ۱۲

هەڵسوكەوتی سیاسیی ڕێژیم لەگەڵ قەیرانەكانی كۆمەڵگەدا ۱۲

تێپەڕین لە خامەنەیی! ۱۳

چارەگە سەدەیەك تاریكی‌و ئاسۆیەكی پڕشنگدار ۱٤

جێگای دێمۆكراسی‌و مافی مرۆڤ لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ۱۵



دنیای منداڵان ژمارە ۲۰

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی

# بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێران

**درێژەی لاپەڕەی ١**

گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە بلوچستان، تورکمەن سەحرا، خووزستانو کوردستان کەوتنە بەر پەلاماری بەربڵاوو سەرکوتکەرانەی هێزەکانی ڕێژیمو تاقمە توندڕەوو دەمارگرژەکانی سەر بەو ڕێژیمەو بە جۆرێك هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کرا کە کەمتر هێزێکی داگیرکەر لەگەڵ خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراوی دەکا. تەنانەت ژمارەیەك لەو ئاخوندانەش کە هاوبیرو هاوڕێی تاقمی بەدەسەڵات گەیشتوو بوون، بەڵام جاروبار ڕەخنەیەکیان لە کردەوەکانی دەسەڵاتداران دەگرت، لە هێرشو گرتنو بێحورمەتیپێکردن بێبەش نەکرانو تەنانەت ژمارەیەك لەوان بەشێوەی گوماناوی تێداچوون.

لە ڕەوتی ئەو سەرکوتو هێرشو پەلامارانەدا ئەگەر ڕێژیمی کونەپەرست توانی دەست بە دەم بەشێك لە گەلانی ئێراندا بگرێو بە زۆرو بە کوشتار بێدەنگیان بکا، لە کوردستان لەگەڵ بەربەرەکانێیەکی کەم وێنە بەرەوڕوو بۆوە. گەلی کورد هێرشی نیزامیی ڕێژیمی بە خوڕاگریو بەرگری لەخۆکردن وەڵام دایەوە. ئەو بەربەرەکانێو خۆڕاگرییە هەرچەند هەزاران قوربانی، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بە دەیان ئاوایی، تۆپبارانو بۆمبارانی شارەکانی کوردستانو گەمارۆی ئابووریو. . . لێکەوتەوە، بەڵام ئەو شانازییەی بۆ گەلی کورد بەدواوە بوو کە لە بەرامبەر ڕێژیمدا بەچۆکدا نەیەو سەربەرزانە کوردستان بکاتە سەنگەری دیفاع لە ئازادیی ئێرانو، خەبات بۆ دێموکراسیو دابینبوونی مافی نەتەوایەتی درێژە بدا.

هەڵگیرسانی شەڕی ئێرانو عێراقو پێداگریی ڕێژیم لەسەر درێژەدان بە شەڕ کە سەدان هەزار کوژراوو دەیان هەزار بریندارو نەقوستانو سەدان میلیارد دۆلار خەسارەتی ماڵیی لێ کەوتەوە، لەلایەن ڕێژیمەوە وەك نیعمەتی ئیلاهی!! سەیری کرا، چونکە لە پەنا ئەو شەڕەدا گەلانی ئێرانو ئازادیخوازانی وڵاتەکەمانی بەشێوەیەکی بەربڵاو خستە بەر هێرشی هێزەکانی کۆنەپەرستیو کردەوەی ئەوتۆیان دەرحەق بە خەڵکی ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی ئەنجام دا کە مرۆڤایەتی شەرمی لە گێڕانەوەی هەیە.

پاش ئەوەش کە خومەینی ناچار بە خواردنەوەی جامی ژەهرو ڕاگرتنی شەڕ کرا، کۆماری ئیسلامی دەستی لە دوژمنایەتیو سەرکوتی ئازادیخوازان هەڵنەگرت، بە پێچەوانەوە، هەزاران زیندانیی بەبێ موحاکەمە یان تەنانەت دوای تێپەڕکردنی ماوەی زیندانیی بەسەردا سەپاویان، بە کۆمەڵو لە ماوەیەکی یەك دوو مانگیدا ئیعدام کردو کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لە دەرەوەی وڵات خستە بەر هێرشی تیرۆریستی. ڕایەڵکە جاسووسیو تیرۆریستییەکانی ڕێژیم بەسەدان ڕێبەرو کەسایەتیی ئازادیخوازیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا تیرۆر کردو بەمجۆرە ئەم ڕێژیمە بەشێوەیەکی ڕانەگەیەندراو ڕەسمییەتی بە تیرۆریزمی دەوڵەتی بەخشی. لە چوارچێوەی بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشدا دەخالەتو دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێو دەرەوەدا بوو بە سیاسەتی بەکردەوەی کۆماری ئیسلامیو هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانو پێوەندییەکانی ڕێژیمی لەگەڵ بەشێك لە وڵاتان بەرەو کزیو ساردی بردو سیمای دزێوو واقیعیی ئەو ڕێژیمەی خستە بەرچاوی بیروڕای گشتی.

سیاسەتی دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵ گەلانی ئێران نەك هەر بوو بەهۆی بێبەشبوونی خەڵکی وڵاتەکەمان لە مافو ئازادییەکانیان، بەڵکوو پەرەی بە کۆمەڵێك دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتیدا وەك گەندەڵی، ئیعتیاد، چوونە سەری نرخی بێکاری، نەبوونی ئەمنییەتی گیانیو ماڵی بۆ هاونیشتمانان، پەرتەوازەکردنی شارەزایانو پسپۆڕان بۆ دەرەوەی وڵاتو زیادبوونی ڕادەی فەقرو نەداریو بەجۆرێك کە ئێستا بەشێکی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی وڵاتەکەمان لەژێر خەتی هەژاریدا دەژین.

سەرجەم ئەو وەزعە تاڵو نالەبارە، خەڵکی ئێرانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێزار کردو نارەزایەتی دەربڕینی خەڵك لەو ڕێژیمەی لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆردا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربڵاوترو جیددیتر کرد. هەرچەند ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە بە توندترین شێوە سەرکوت کران، بەڵام بەشێك لە کەسانی نێو دەسەڵاتدارەتیی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە درێژەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەقاودەق بەشێوەی ڕابردوو ئیمکانی نیەو بۆ ئارامکردنەوەی خەڵك دەبێ ئاڵوگۆڕێکی بەرتەسك لە شێوەی ڕەفتاری ڕێژیمدا پێك بێنن. لە ئاکامی ئەو بۆچوونەدا قۆڵێکی بەناو ریفۆرمخواز لەنێو دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا سەری هەڵدا کە دروشمی ئاڵوگۆڕخوازانەیەکی بەرتەسکیان هەڵگرت. ئەو قۆڵە لە دەسەڵاتدارەتی توانی بۆ ماوەی ٤ ـ ٥ ساڵ سرنجی بەشێك لە خەڵكو بەتایبەت بەشێك لە دەوڵەتەکانی وڵاتانی دەرەوە بەخۆیەوە مەشغووڵ بکاو هیوای هێندێ ئاڵوگۆڕیان پێ ببەخشێ. بەڵام ئەو قۆڵە لەگەڵ ئەوەی لەم ساڵانەی دوایی‌دا هەم دەزگای ئیجراییو هەم مەجلیسی لە ئیختیاردا بووو سەرکۆماریش سەر بەو قۆڵە بوو، نە ویستیو نە بە کردەوە توانی هەنگاوێکی بەرچاو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرتەسکانەش کە خۆی دروشمەکەی هەڵگرتبوو، هەڵێنێتەوە. بە پێچەوانە قەتڵە زنجیرەییەکان، کوشتنو بێسەرو شوێنکردنی ئازادیخوازان، نووسەرانو رووناکبیران، سەرکوتی خوێناویی خوێندکاران، داخستنی دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی سەربەخۆ یان جیابیریش هەر لەو ماوەیەدا ڕوویان دا کە ئەو قۆڵە بەناو ریفۆرمخوازە نەك نەیتوانی بەر بەو ڕەوتە لە سەرکوت بگرێو هەڵوێستێکی جیددی لە خۆی نیشان بدا، بەڵکوو بەکردەوە بەتایبەتی سەرۆك کۆماری بەناو ئیسلاحتەڵەب لە هەڵوێستگرتنو ڕادەربڕیندا زیاتر بەلای موحافیزەکارانو پاوانخوازاندا کەوتو هاودەنگیو هاوهەنگاوییان لەگەڵ کردنو لەگەڵ دەکەن.

ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی بەناو ریفۆرمخوازان بوو بەهۆی هیوا بڕوایی بەشێکی بەرچاو لەوانەی کە بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیوادار بوونو بەرەبەرە لەو قۆڵەش دوور کەوتنەوە.

هەڵسووکەوتو ئیددیعاکانی بەناو ریفۆرمخوازان کە بە کردەوە هیچی بۆ خەڵکی ئێران لێ‌شین نەبۆوە، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا پێکهاتنی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی خەڵك ئیمکانی نیە، هەربۆیەش بەشێکی بەرچاو لە لایەنگرانی ئەو قۆڵەشی بەتایبەتی لەم دوایانەدا لەگەڵ بێتەفاوەتی بەرەوڕوو کرد یان بەرەو گرتنی هەڵوێستی شیاوو جیددیو هاودەنگ بوون لەگەڵ خەڵكو خەباتی گشتیی گەلانی ئێران پاڵ پێوە نا. بێتەفاوەتیی خەڵك بەرامبەر بەم قۆڵەو بێهەڵوێستییەکانی، ئەو کاتە زیاتر دەرکەوت کە ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی مەجلیس کە زیاتر سەر بەم قۆڵە بوون بە ئیعتیراز بە ڕەدی سەلاحییەتی کاندیداتۆرەکانی سەر بەم قۆڵە لە مەجلیس‌دا مانیان گرتو دیترا کە لەلایەن خەڵكو تەنانەت بەشێك لە دامەزراوەکانی سەر بەم قۆڵەشەوە پشتیوانییان لێنەکراو بەبێ تەفاوەتییەوە سەیریان کرد.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، بیستو پێنجەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە حاڵێکدا یاد دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیه ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری نێوخۆییو دەرەوەیی بەرەوڕوویە. لەلایەك نارەزایەتیی خەڵكو خەباتی هەمەلایەنەی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسیو دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ژێرستەمی ئێرانو لابردنی ئەو هەموو زوڵمو زۆرییە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا لە خەڵك دەکرێ، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەشەکردنو پەرەئەستاندن دایەو نامەشرووعبوونی ئەو ڕێژیمەی پتر دەرخستوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوویان داوە، بەتایبەت کە لە ئەفغانستانو عێراق ـ دوو وڵاتی دراوسێـدا بەئەنجام گەیشتوون، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لەگەڵ تەنگانەیەکی تایبەتیدا بەرەوڕوو کردوە. سیاسەتی ڕێژیمیش لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمو داڵدەدانی دەستو تاقمە تیرۆریستەکان، هەوڵدان بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ، دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیی ناوچەو دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێداو هەروا درێژەی هەیەو فشارێکی نێونەتەوەیی زیاتریان بۆسەر ڕێژیم بەدواوە بووە.

لە وەزعێکی وەهاداو لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا، بەجێیە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕیزەکانی خۆیان پتر ڕێك بخەنو ئەوەندەی گرنگی بە ڕووخاندنی ڕێژیم دەدەن، ئەوەندەش بۆ داهاتووی ئێرانو هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك کە دێموکراسی بە مانای واقیعیی خۆی دەستەبەر بکا، مافی گەلانی ئێران بەڕەسمی بناسێو دابین بکاو ژیانو گوزەرانی خەڵك بەرەوباشی بەرێ، خاوەن بەرنامەو یەکدەنگیو یەك هەڵوێستی بن. چونکە لە غەیری ئەوەدا مەترسیی دووپاتبوونەوەی ئەزموونی ڕاپەڕینی پڕشکۆی ئێرانو هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی دیکە هەڕەشە لە داهاتووی ئێرانو چارەنووسی خەڵکی وڵاتەکەمان دەکا.

بەجێیە کە وڵاتانی دەرەوەش بەگشتیو ئەوانەی کە دژی دیکتاتۆریو تیرۆریزمنو لایەنگری لە ئازادیو دێموکراسی دەکەن بەتایبەت، واقیعبینانە سەیری کارنامەی پڕ لە شەرمو شوورەیی بیستو پێنج ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکەنو چاوێك بە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە دژی ئینسانییەدا بخشێننەوەو لەو پێوەندییانەیان خۆ ببوێرن کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ یارمەتی بە درێژەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمە دەکا. لەوەش زیاتر لە خەباتی گشتیو ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆرو ئوسوولیدا پشتیوانی بکەنو لەو ڕێگایەوە یارمەتی بە سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێرانو ئاشتیو ئارامی لە ناوچەدا بدەن.

بەو هیوایە کە بیستو پێنجەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ببێتە سەرەتای خەباتێکی تێکڕاییترو هەمەلایەنەتر دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو کۆتاییهێنان بەتەمەنیو، لەسەر فەسڵە زەمانییەکانی داهاتوودا تەنیا وەك بڕگەیەك لە مێژووو وەك نموونەی دیکتاتۆرییەکی ڕەشو دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانە ئاوڕی لێ بدەینەوە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرست، دیکتاتۆرو سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسیو دابینبوونی مافی نەتەوایەتی**

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی**

**(٩ی فێوریەی ٢٠٠٤ی زایینی)**

❊ ❊ ❊

# چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، لە ئینگلستان

**هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب، کە بۆ سەفەرێکی چوار ڕۆژی (یەکەم تا چوارەمی فێوریەی ٢٠٠٤) چووبووە ئینگلستانو هەر کە گەیشتە پایتەختی ئەو وڵاتە، لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی حیزبەکەمان لە ئینگلستاندا، بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. سکرتێری حیزب لەم چوار ڕۆژەدا، سەرەڕای دیدار لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو ژمارەیەك لە کەسایەتییە کوردو ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، لەگەڵ کەسایەتییەکانی خوارەوەشدا بیروبۆچوونی ئاڵوگۆڕ کرد:**

### بەڕێز تام کلارك (Tom Clark) نوێنەری پارلمانو سەرۆکی گرووپی پشتیوانی لە کوردەکانی عێراق لە پارلمانی ئینگلستاندا

لەم دانیشتنەدا کە لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەچوو، هەردوولا وێڕای خۆشحاڵیی خۆیان لەم چاوپێکەوتنە، سەبارەت بە ڕەوشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانوکوردستان، بیروڕایان گۆڕیەوە. هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری حیزب، وێڕای ڕێزنان لە تێکۆشانی بەڕێز "تام کلارك"و گرووپەکەی سەبارەت بە پشتیوانیکردنی لە مافە ڕەواکانی کوردانی عێراق، لەمەڕ ڕەوشی قەیراناویی لە ئێران، چەقینی بەناو "ڕێفورمە حکوومەتییەکان"و ویستو بڕیاری زۆربەی خەڵکی ئێران لەپێوەندی لەگەڵ گۆڕینی ڕێژیمدا قسەی کرد. سکرتێری حیزب ئاماژەی بە نەخشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێراندا کردو بە سەرنجدان بە خەباتو خۆڕاگریی چەندین ساڵەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نەخشی ئەم بزووتنەوەیەی بە کاریگەرو گرنگ لە قەڵەم دا.

بەڕێز تام کلارك، وێڕای دەربڕینی ڕەزامەندیی خۆی لەم دیدارە، هەروەها سوپاسی سکرتێری حیزبەکەمانی کرد لەبەر ئەو بیروبۆچوونە ڕۆشنگەرانانەی کە سەبارەت بە ناوچەکەو بەتایبەتی ئێران هەیەتی. ئەم چاوپێکەوتنە کە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٢/٣، کاتژمێر ١١:٣٠ ئەنجام درا، کاتژمێرێکی خایاند.

### بەڕێز "لۆرد ئێڤیبری"، نوێنەری مەجلیسی لۆردەکانی ئینگلستانو سەرۆکی گرووپی پارلمانیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ

ئەم چاوپێکەوتنە کە لە کاتژمێر ٤:١٥ی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، واتە سێشەممە لە مەجلیسی لۆردەکانی ئەو وڵاتەدا ئەنجام درا، سەعاتو نیوێکی خایاندو تێیدا لەمەڕ کۆمەڵێك مەسەلەی جۆراوجۆری ناوچەیی، لەوانە ڕەوشی عێراقو کوردستانی عێراقو، بەتایبەت ڕەوشی ئێرانو کوردستانی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بە ڕوونکردنەوەی پێویستیی ئەو بوارانەی کە باس کران، لەسەر گرنگیی هاوکاریو پشتیوانیی کەسایەتییە دێموکراسیخوازەکان لە خەباتی گەلانی ئێران، لەوانە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە پێناوی هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك لە وڵاتەکەماندا، تەئکیدی کردەوە.

### بەڕێز "ستان نیونز"، سەرۆکی حیزبی ئازادی (Liberation)

دانیشتن لەگەڵ بەڕێز "ستان نیونز" لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٢/٤، کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی، لە ماڵی بەڕێز نیونز ئەنجام درا.

بەڕێز نیونز کە لە دۆستانی لەمێژینەی حیزبەکەمانەو بەتایبەت دۆستی نزیکی دوکتور قاسملووی نەمرە، وێڕای پێشوازیی گەرموگوڕ لە هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لەبەر ئەوەی بانگهێشتنی ناوبراوی قبووڵ کردووەو چۆتە ماڵەکەی، پڕ بەدڵ سوپاسی کرد.

لەم دانیشتنە گەرمو دۆستانەیەدا، هەردوولا سەبارەت بە ڕەوشی ئێرانو کوردستانی ئێران بیروڕایان گۆڕیەوە. بەڕێز نیونز کە بایەخ بە مەسەلەکانی ئێرانو کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەداو بە ئۆگرییەکی تایبەتەوە وەدوویان دەکەوێ، ڕاڤەو ڕوونکردنەوەکانی سکرتێری حیزبەکەمانی لەو پێوەندییانەدا بەسوودمەندو گرنگ لە قەڵەم داو تەئکیدی لەسەر پشتیوانیی حیزبەکەی لە خەباتی گەلانی ئێرانو بەتایبەت گەلی کورد کردەوە.

### بەڕێز "لویس ئەیالا" سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست

ئەم چاوپێکەوتنە لە کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٤/٢/٤) لە دەبیرخانەی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە لەندەندا ئەنجام درا. لەم چاوپێکەوتنەدا وێڕای بیروڕا دەربڕین سەبارەت بە بارودۆخ لە ئێرانو کوردستانی ئێرانو بەگشتی ناوچەکە، خەباتی خەڵکی ئێران لەپێناوی وەدیهێنانی دێموکراسی، ئازادیو هێنانەسەرکاری نیزامێکی دێموکراتیك لە وڵاتەکەماندا، هەردوولا سەبارەت بە کێشە نێوخۆییەکانی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست دوانو چالاکییەکانی گرووپی کاری ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کوردیان تاوتوێ کرد. بەڕێز ئەیالا، لەم چاوپێکەوتنەدا، وێڕای پێداگرتن لەسەر پشتیوانیی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە ویستە ڕەواو عادیلانەکانی گەلی کوردو بەتایبەتی کوردەکانی ئێران، ئەم چاوپێکەوتنەی گەلێك بەسوودمەند زانیو لێکدانەوەی حیزبەکەمانی سەبارەت بە ڕەوشی ئێران بە واقیعگەرایانە زانی.

شایانی باسە کە لەسەرجەم ئەو دیدارانەدا، هاوڕێیان خوسرەو عەبدوڵڵایی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو مەولوود سوارە، بەرپرسی کۆمیتەو نوێنەری حیزب لە ئینگلستان سکرتێری حیزبیان هاوڕێیەتی دەکرد.

❊❊❊

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

سکرتێری گشتیی حیزب لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی "فرانکفورت روندشاو"دا:

# هەڵوێستی هیچ کام لە دەوڵەتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی جێگای خۆشحاڵیی ئێمەو رێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن نیە

**فولکەر شیت، هەواڵنێری رۆژنامەی "فرانکفورت روندشاو" لەم دوایانەدا وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب پێك هێنا کە لەودا کۆمەڵێك پرسیاری لەگەڵ هاوڕێ سکرتێر هێنایە گۆڕێ. ئەو وتووێژە رۆژی سێشەمو، ٣ی فێوریەی ٢٠٠٤ی زایینی بڵاوکرایەوە. رۆژنامەی "کوردستان" لەبەر گرنگیی نێوەرۆکی وتووێژەکە، بە پێویستی زانی دەقی تەواوی بۆ ئاگاداری خوێنەرانی لێرەدا بڵاو بکاتەوە:**



◆ **حیزبی ئێوە لە کۆتایی دەیەی ٩٠دا، خەباتی چەکداریی بۆ خودموختاریی کوردستان راگرت. ئێوە چۆن دەڕواننە داهاتووی کوردەکانی ئێران؟**

❖❖ دواڕۆژی کوردەکانی ئێران تا رادەیەکی یەکجار زۆر بە داهاتووی جێگیربوونی دێموکراسی لەم وڵاتەدا بەستراوەتەوە. زۆر بە گرانی دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە لە چوارچێوەی سیستمێکی نادێموکراتیکدا مافەکانی گەلی کورد یان هیچ کام لە گەلانی بێبەشی ئێراندا دابین بکرێن. هەربۆیەشە کە لە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا "دێموکراسی بۆ ئێران" وەپێش "خودموختاری بۆ کوردستان" خراوە. خەباتی چەکدارانە کە هەتا ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەڕێوە چووە، شێوە خەباتێك نەبووە کە خەڵکی کوردستان بە دڵخوازی خۆیان هەڵیانبژاردبێ، بەڵکوو **نەبوونی دەرەتانی خەباتی ئاشتیخوازانەو لەوەش زیاتر پەلاماری نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان، دیفاعی چەکدارانەی بەسەر گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا سەپاندوە**.

## ساڵی ١٩٨٩ کۆماری ئیسلامی بە کەڵكوەرگرتن لە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکرات، داوی بۆ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، رێبەری حیزب نایەوەو لەڤییەن لەسەر مێزی "گۆیا" وتووێژ تیرۆری کرد

ئێمە دواڕۆژی کوردەکانو هەموو ئێرانییەکان بە دواڕۆژێکی رووناك دەبینینو بە هۆمێدەوە لە ئاسۆی خەباتی رزگاریخوازانەی ئێرانییەکان دەڕوانین. کۆماری ئیسلامی ٢٥ ساڵ پاش هاتنە سەرکاری، نەیتوانیوە جێ پێیەك لەنێو کۆمەڵی ئێراندا پەیدا بکاو ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر تەریك ماوەتەوە. مانەوەی رێژیم لە دەسەڵاتدا نەك لەبەر خۆشەویستیو قبووڵکردن لەلایەن خەڵکەوە، بەڵکوو لە سایەی سەرنێزەو سەرکوتی بێبەزەییانەی ئازادییەکان دایە. هەر لەو کاتەدا شك نیە کە پەرشو بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کۆمەگی بە درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کردوە.

◆ **ساڵی رابردوو ئامادەیی خۆتان بۆ وتووێژ لەگەڵ تاران دەربڕی. دانیشتن بووە؟ بیروڕاتان سەبارەت بە وتووێژ چیە؟**

❖❖ ئەوەی ساڵی رابردوو لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا رامگەیاند، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەڵوێستێکی تازە نیە. ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بە دیالۆگو چارەسەری گیروگرفتەکان لە رێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە هەبووەو هەمیشەش ئەو باوەڕەی دەربڕیوە. حەتمەن دەزانن کە ساڵی ١٩٨٩ کۆماری ئیسلامی راست بە کەڵكوەرگرتن لەم سیاسەتەی حیزبی دێموکرات، داوی بۆ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، رێبەری حیزب نایەوەو لەڤییەن لەسەر مێزی "گۆیا" وتووێژ تیرۆری کرد. ئێستاش حیزبی دێموکرات لەو باوەڕە دایە کە رێگای باشتر بۆ چارەسەری هەر مەسەلەیەكو یەك لەوان مەسەلەی کورد، دانیشتن لەسەر مێزی وتووێژە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێمە بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی باوەڕمان بە هێندێ پرەنسیپ هەیە کە حەز دەکەم جارێکی دیکە ئاماژە بە گرنگترین بەشەکانیان بکەم:

پێش هەموو شتێك ئێمە وتووێژی بە نهێنی رەت دەکەینەوەو، ئەمەش دەرسێکە کە بەقیمەتی لەدەستدانی گەورەترین رێبەری مێژووی تازەی حیزبەکەمان دەستمان کەوتووە. ئێمە هیچمان نیە لە گەلی خۆمانی بشارینەوەو هەر داخوازێکی هەشمانە، داخوازیی خەڵکی کوردستانە. پاشان دووپاتی دەکەمەوە کە حیزبی دێموکرات نە لە کوردستانو نە لە تاران وتووێژ ناکا، بەڵکوو بە پێویست دەزانێ وتووێژ بە بەشداریی لایەنێکی نێونەتەوەییو لە وڵاتێکی دەرەوەو لەژێر پارێزگاریی پۆلیسی دەوڵەتێکی خارجیدا بەڕێوەبچێ. ئێمە وتووێژ لەگەڵ دەستەیەك یان تاقمێك لەنێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا ناکەین. وتووێژ دەبێ لەگەڵ تەواوەتی دەوڵەتو لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بێ. . .

لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی هیچ وەخت نەچۆتە ژێر باری ئەو پرنسیپانەو هەر لە جێشدا باوەڕی بە وتووێژو مافە رەواکانی خەڵکی کوردستانو گەلانی دیکەی ئێران نیە، هیچ کاتێك دانیشتنێك لە نێوان نوێنەرانی رێژیمی ئیسلامیو حیزبی دێموکراتدا نەبووە (جگە لەو دانیشتنە کە بە تیرۆری دوکتور قاسملوو کۆتایی هات. لە کۆتاییدا پێم خۆشە بڵێم لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، پێم وایە لەمەودواش هیچ وەخت وتووێژ لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردو کۆماری ئیسلامیدا روونادا.

◆ **حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران قەدەغەیە، دەوڵەت چەند جاران تێکۆشەرانی (ئێوەی) بە مەرگ مەحکووم کردوە. ئێستا چۆن خەبات (کار) دەکەن لە ئێراندا؟**

❖❖ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە بە ئیجازەی کۆماری ئیسلامیو هیچ دەوڵەتێك دامەزراوەو نە بۆ کارو تێکۆشانی خۆی ئیزن لە هیچ دەوڵەتێك وەردەگرێ. ئەم حیزبە نوێنەری ئاواتو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانەو زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە پشتیوانیی لێدەکەن. بۆیە لەگەل هەموو زەبرو زەنگو کوشتو کوشتارێکی رێژیم لە خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، کارو تێکۆشانی ئەم حیزبە نەك هەر رانەوەستاوە، بەڵکوو هەمیشە لە پەرەئەستاندنیشدا بووە. بەڵام دیارە خەباتی حیزب، خەباتێکی سەختو دژواری نهێنی لە سێبەری نیزامێکی دیکتاتۆری دایە کە زۆرجار قیمەتێکی زۆری بۆ دەدرێ. بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان هەورا لە پشتی حیزبەکەمانو هەرگیز لە گیانبازی نەسڵەمیونەوە.

◆ **ژمارەیەکی زۆر کورد، ١٩٩٧ خاتەمییان هەڵبژارد، لەگەڵ ئەوەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی کردبوو، دەوری ٣٠ کورد لە پارلمانی ئێراندا نوێنەرن. هەڵوێستتان بەرامبەر بە خاتەمی چۆنە؟**

❖❖ ئەوە هەر خەڵکی کوردستان نەبوون کە ساڵی ١٩٩٧ دەنگیان بە سەید محەممەد خاتەمی دا. زۆرایەتییەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران بەو "هیوا"یە کە کۆماری ئیسلامی لەنێو خۆیدا تووشی ریفۆرم بێو ئەوان هەر نەبێ بە بەشێك لە ئازادییەکان بگەن، دەنگیان بە خاتەمی داو ئەویان نارده سەر کورسیی سەرکۆماری. بەڵام ئێمە هەر ئەودەم گوتمان کە خاتەمی نە وەك خەڵکی ئێران باوەڕی بە ئازادیو دێموکراسی هەیە، نە ئەوەندەش کە باوەڕی پێی هەیە، دەتوانێ لە کۆمەڵی ئێراندا وەدی بێنێ. بۆ ئێمە زۆر خۆش دەبوو کە ئەو هیوایەی خەڵك بە خاتەمییان هەبوو، جێی خۆی گرتبایەو ئاڵوگۆڕێکی هەرچەند کەمیش بە قازانجی ئازادیو دێموکراسی لە ئێراندا وەدیهاتبایە. بەڵام بەداخەوە بۆچوونەکەی ئێمە وەڕاست گەڕاو وەك دەبینین شەش ساڵ دوای هاتنەسەرکاری سەید محەممەد خاتەمی، ئێستا زۆربەی نزیك بە تەواوی ئێرانییەکان لە خاتەمیو لایەنگرە بەناو ریفۆرمخوازەکانی تەمابڕاو بوونو تێگەیشتوون کە بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان ئازادیو دێموکراسی بە خۆیەوە ببینێ، پێویستە کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا جێگاکەی بدا بە رێژیمێکی دێموکراتو گەلی.

◆ **هەڵوێستی حیزبەکەتان بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی فێوریە چۆنە؟**

❖❖ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵك کردوە، رۆژی ٢٠ی فێوریە، لەماڵەکانی خۆیان دانیشنو نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە شەش ساڵ سەرۆکایەتیی خاتەمی وەك "رێفۆرمخواز"ێكو چوار ساڵ تەمەنی پارلمانێك کە ٧٥٪ی ئەندامەکانی "رێفۆرمخواز"ن، دەریخستوە کە پۆستی سەرکۆماریو مەجلیسو شووراکانی شارو دێ بەدەست هەر دەستەو تاقمێکەوە بن، ئەوەی حکوومەت دەکاو دەسەڵات بەکار دێنێ، هەر ئەوانەن کە هەڵبژاردەی خەڵك نینو خۆیان بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانن. بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ئەمە تەنیا بیروبۆچوونی حیزبی دێموکرات نیەو بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتووە. هەربۆیەش دەبینین خەڵکی ئێران بەرامبەر بەو شەڕە دەسەڵاتەی بەڕواڵەت لەنێو پاوانخوازانو رێفۆرمخوازاندا هەیە، بە تەواوی بێلایەننو تا ئێستا لە هیچ جێیەك چووکترین جموجۆڵ بۆ پشتیوانی لە تاقمی ناسراو بە رێفۆرمخواز نەبینراوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییش ئەمەیان باش بۆ دەرکەوتووە. هەربۆیە هەموو توانای خۆیان خستۆتە کار بۆ ئەوەی لە رۆژی هەڵبژاردندا خەڵکی راکێشنە سەر سندووقەکان. یەکێك لە مۆرە گرنگەکانی رێژیم بەڕاشکاوی دەڵێ: گرنگ نیە خەڵك دەنگ بەکێ دەدەن، ئەوە گرنگە کە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بە پێی هەواڵێکی بە ئێمە گەیشتووە دەوڵەت بەنیازە لە رۆژی هەڵبژاردنداو راست لەسەر سندووقەکانی هەڵبژاردن کۆپۆنی شتوومەکی خواردەمەنیو پێداویستییەکانی خەڵك دابەش بکا تا خەڵك بۆ وەرگرتنی کۆپۆنەکان کۆ ببنەوەو بەمجۆرە ناچاریان بکەن دەنگ بدەن، یان هەر نەبێ وا بنوێنن کە ئەو خەڵکە بۆ دەنگدان کۆبوونەوە. ئەمن هیوادارم خەڵك فریوی ئەم حیلەیەش نەخۆنو سندووقەکانی دەنگدان لە رۆژی ٢٠ی فێوریەدا بۆ کاربەدەستانی رێژیم بەجێ بهێڵن.

◆ **کۆتاییهاتنی دیکتاتۆریی سەددام لە عێراق، چ گرنگییەکی بۆ کوردی ئێران هەیە؟ وەزعی وانی چاکتر کردوە یان خراپتر؟ ئەوەندەی ئاگادار بم، حیزبەکەتان بنکەی لە شیمالی عێراقە.**

❖❖ رووخانی دەوڵەتی عێراق ناتوانێ شوێنەوارێکی راستەوخۆ لەسەر وەزعی ئێران یان کوردستانی ئێران دابنێ. بەو حاڵە **کوردی ئێرانو پێم وایە هەموو خەڵکی ئێرانیش لە رووخانی رێژیمی سەددام حسێن خۆشحاڵن**، چونکە پسانی هەر ئەڵقەیەك لە زنجیرەی دیکتاتۆری ـ ئەگەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش بێ ـ خزمەت بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانە دەکاو هۆمێد بە سەرکەوتنی خەباتی دژی دیکتاتۆری دەباتە سەرێ. بەتایبەتی کوردەکانی ئێران لەوە کە کوردی عێراق بە مافەکانی خۆیان بگەن، خوشحاڵنو ئەمە بە نموونەیەك لە بە ئاکامگەیشتنی خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەزانن.

## نەبوونی دەرەتانی خەباتی ئاشتیخوازانەو لەوەش زیاتر پەلاماری نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان، دیفاعی چەکدارانەی بەسەر گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا سەپاندوە

کوردەکانی عێراق نزیك بە دوازدە ساڵە لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی عێراقدا دەسەڵاتی سیاسییان بە دەستەوەیەو بۆخۆیان حوکمی خۆیان دەکەن. لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی باشیان لەخۆ بەڕێوەبردنو سیاسەتکردنو بەتایبەتی لە بڵاوکردنەوە ئازادیو دێموکراسیدا لە خۆیان نیشان داوەو دەریان خستوە کە نەتەوەی کورد ئەگەر دەرەتانی بۆ بڕەخسێ، هیچی لە گەلانی دیکەی دنیا کەمتر نیە. ئێستا کە رێژیمی عێراق رووخاوە، کوردەکان لە هەوڵی ئەوەدان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوەند لەسەر بناخەیەکی نوێ دامەزرێنن، بەجۆرێك کە ئیدی وەك هاونیشتمانی پلە ٢ سەیر نەکرێنو نەك هەر لە ناوچەی خۆیاندا خودموختار بن، بەڵکوو بە پێی قانوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی مەرکەزییشدا بەشدار بن.

بەڵێ حیزبی دێموکرات بنکەی لە کوردستانی عێراق هەیەو لەگەڵ ئەوەی لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێك لە کاروباری ئەو ناوچەیەدا خۆ دەپارێزێ، باشترین پێوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ کوردەکانی عێراقو هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەشدا هەیە.

◆ **پێوەندیی دەوڵەتی شیعەی ئێران لەگەڵ شیعە بەهێزبووەکانی عێراق چۆن دەبینن؟**

❖❖ راستە یەکبوونی مەزهەب تا رادەیەك شیعەکانی عێراقو کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکەوە گرێ دەدا، بەڵام ئەوەندەی شارەزاییم هەیە، شیعەکانی عێراقو رێکخراوە سیاسییەکانیان لەباری سیاسییەوە خۆیان بە پاشکۆی کۆماری ئیسلامی نازاننو سەرسەختانە دیفاع لە سەربەخۆیی خۆیان دەکەن. تەنانەت لەباری ئایینیشەوە شیعەکانی عێراق هەمیشە لەسەر ئەوە کە کوێ مەرجەعی دنیای "تشیع"ە، لەگەڵ شیعەکانی ئێران ناکۆکیی بیروڕایان هەبووە. لەلایەکی دیکەوە هەستی نەتەوایەتی شیعە عەرەبەکانی عێراق بە دەیان میلیۆن عەرەب لە وڵاتانی عەرەبیدا دەبەستێتەوەو جیاوازیی مەزهەب ناتوانێ ئەو هەستە نەتەوایەتییە لەوان داگیر بکا. هەربۆیەش وەك دیتان لە هەوڵی رووخاندنی رێژیمی پێشووی عێراقدا رێبەرانی شیعە لەگەڵ عێراقییەکانی دیکە کەوتنو هەوڵو تەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ هاندانی شیعەی عێراق بۆ دژایەتیی وەزعی تازە بەگشتی ناکام مایەوە. جێگای سەرنجە کە ئێران لە هاندانی شیعەکانی عێراق بە دژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشیدا کەمترین رادەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو هەر ئێستا ناوچە شیعەنشینەکان پاش کوردستان ئەمنترین ناوچە بۆ سوپای هاوپەیمانانن.

◆ **لە ئورووپا چاوتان بە کێ دەکەوێ؟ لە سەفەرەکەتاندا بۆ کام هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە ئێران هەوڵ دەدن؟ ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا دەتوانن بۆ دێموکراسی لە ئێراندا چی بکەن؟**

❖❖ ئەوە کە لە ئورووپادا ئەمنو کەسانی وەك من دەتوانین چاومان بە چ کەسانێك بکەوێ، زیاتر لەوە کە پێوەندیی بە ویستی ئێمەوە هەبێ، بە سیاسەتی ئورووپاییەکانو تێبینییە سیاسیو دیپلۆماسییەکانی وانەوە بەستراوەتەوە. تەنانەت هێندێ جار دیپلۆماتە ئورووپاییەکان ئەگەر دیداریش دەکەن، حەز ناکەن لە راگەیەنە گشتییەکاندا رەنگ بداتەوەو مەمانانیش وەك بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی ئەمە لەبەرچاو دەگرین. کەوابێ ئاسان نیە بڵێم چاوم بە چ کەسانێك کەوتوە یان دەکەوێ.

دەوڵەتانی رۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانو (هەر وڵاتێکی دیکەش)دا سیاسەتو قازانجەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، نەك ئەوە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێیان باشە. ئەوەی راست بێ هەڵوێستی هیچ کام لە دەوڵەتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە ئێرانو کۆماری ئیسلامی جێگای خۆشحاڵیی ئێمەو رێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن نیە. چونکە بە ئاسانی دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆیەکانی مانەوەی رێژیمی ئیسلامی لە دەسەڵاتدا کۆمەكو پشتیوانیی رۆژئاواو چاونووقاندنی دەوڵەتەکان لە پێشێلکردنی ئازادیو مافی مرۆڤ لە ئێران دایە. کەس نایهەوێ ئورووپاو ئەمریکا پەلاماری نیزامیی بێننە سەر ئێران، بەڵام ئەگەر بیانەوێ، زۆر ئەهرۆمی فشاریان لە دەستدان کە بتوانن کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن یان مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێران بپارێزێ، یان مەیدان بۆ حکوومەتێکی دێموکراتو گەلی بەجێ بهێڵێ.

❊❊❊

## هەواڵەکانی کوردستان

### دیدارێك لە نێوان دوو هەیئەتی حیزب و کۆمەڵەدا:



سەعات ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) پێکهاتوو لە بەڕێزان: برایم عەلیزادە، ڕەشید شوکررەزاقی، ڕەئووف پەرستار، سروە ناسری و کەریم ئەحمەدی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ئەو هەیئەتە لەلایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، پێکهاتوو لە هاوڕێیان بابا عەلی مێهرپەروەر، مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، حوسێن مەدەنی، مستەفا مەولوودی، فەتتاح کاویان، حەمەنەزیف قادری، سمایل بازیار و خەدیجە مەعزوورەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی ٥ سەعاتەدا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، ئێران و کوردستان و شێوەی هاوکاری زیاتری هێزە کوردستانییەکان کەوتنە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. هەروەها پێویستیی هاوپێوەندیی و هاوکاریی زیاتری هێزە کوردستانییەکان پێی لەسەر داگیرایەوە و باس لە گەڵاڵەی ئەو هاوڕێیانەش، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو. هەیئەتی میوان سەعات ٣:٣٠ ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەلایەن هەیئەتی حیزبی دێموکراتەوە بەگەرمی بەڕێ کرا.

#### سنە:

ڕۆژی ١٣٨٢/١١/١٥، جارێکی دیکە تانکرێکی هەڵگری مەوادی سەممی کەوتە نێو چۆمێکی سەددی قشڵاخ و شوفێرەکەی بە سەلامەت دەرچوو. هەرچەند بەرپرسانی ڕێژیم گوتوویانە کە ئەو تانکێرە هەڵگری پوودری "نووشابە" بووە، بەڵام کارناسان ڕایانگەیاندوە کە ئەو تانکێرەش هەڵگری مەواددی سەممی بووە و دیسان تێکەڵ بە ئاوی سەد بۆتەوە. ئاوێك کە ڕۆژانە خەڵك بۆ خواردنەوە لە شاری سنە کەڵکی لێوەردەگرن. بەرپرسانی ئوستانداریی ئوستانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا، دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو مادەیە سەممییە، بەڵام گوتوویانە زۆر مەترسیدار نیە!

### خۆپیشاندان دژی ڕێژیم

#### سنە

**قوتابیان ڕێپێوانی ڕێکخراو لەلایەن ڕێژیمەوەیان شێواند**

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان کاتێك کە بەپێی بەرنامەی ڕێژیم قوتابیانیان بۆ ڕێپێوان ئامادە دەکرد، لە پڕ هەموو قوتابیان دروشمی دژی ڕێژیم و بژی کوردستانیان بەرز کردەوە. بەم جۆرە کونترۆلی وەزعەکە لەدەست بەرپرسانی ڕێژیم دەرچوو و ڕێپێوانەکە پەکی کەوت. چوار ڕۆژ دواتر چەند مەئمووری ئیتلاعات ڕژانە قوتابخانەکان و چەند کەس لە قوتابییەکانیان دەستگیر و زیندانی کرد.

#### جوانرۆ

ڕۆژی ١٣٨٢/١١/٢٢ زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی شاری جوانرۆ و ناوچەکانی سەربەم شارستانە لە ناوەندی شار کۆبوونەوە. مەئموورانی ئیتلاعات زۆر زوو خۆیان گەیاندە شوێنی کۆبوونەوەکە و بە خۆپیشاندەرانیان ڕاگەیاند کە بەمەرجێ دەتوانن درێژە بە خۆپیشاندان بدەن کە لایەنی پشتگیری لە ڕێژیمی هەبێ. بەڵام خەڵك بە ئیعتراز بەم داوایە دروشمی دژی ڕێژیمیان دا و خۆپیشاندانی دژ بە کۆماری ئیسلامییان درێژە دا. لەو خۆپیشاندانەدا خەڵك بە دروشمی "بمرێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی" و "مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی کورد"، بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم دەربڕی.

هێزەکانی ڕێژیم لە دژکردەوە بەم دروشمانە و بەو حەرەکەتە ئیعترازییە، ڕژانە سەر خۆپیشاندەران و ئەو پەلامارەشیان لەگەڵ دژکردەوەی خەڵك بەرەوروو بووو لە ئاکامدا چەند ماشێنی هێزەکانی ڕێژیم سووتێنران و چەند ماشێنیش لەکار خران. دواتر خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر بانکی بەسیجی سوپا لە جوانرۆ و زیانێکی زۆریان پێگەیاند. هەر لە درێژەی ئەم حەرەکەتە ئیعترازییەدا دەواخانەی "لیلانی" کە مەکۆی سیخوڕ و جاسووسەکانی ڕێژیمە و ناوەندی بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەدیرە کەوتە بەر هێرشی خەڵکی ناڕازی و زیانی پێگەیشت.

بەبەرین بوونەوەی ئەو حەرەکەتە ئیعترازییە، ئەوجار پاسگای هێزەکانی ڕێژیم کەوتە بەرپەلاماری خەڵك. هێزەکانی ڕێژیم کە دەرەتانی خۆراگرییان لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا نەبوو، پەنایان بۆ چەند کەسایەتییەکی شار برد تا خەڵك بە کۆتایی پێهێنان بەم حەرەکەتە ئیعترازییە ڕازی بکەن. شایانی باسە ئەو خۆپیشاندانە تا بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣٨٢/١١/٢٣ی هەتاوی درێژەی هەبوو. بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە جوانرۆوە، ١٥ کەس لە لاوەکانی شار لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا گیراون و ڕەوانەی زیندان کراون.

#### مەریوان

ڕۆژی شەممۆ ١٣٨٢/١١/٢٥ی هەتاوی، خەڵکی مەریوان بە ئیعتراز بە هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، لە بەرامبەر ستادی کاندیداتۆرەکانی ئەو شارەدا، حەرەکەتێکی ئیعترازییان وەڕێ خست و ڕایانگەیاند کە ڕێگا نادەن هیچ کەسێکی هەلپەرست بە ناوی خەڵکی مەریوانەوە بڕواتە سەرکورسیی مەجلیس و خزمەت بە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بکا.

❊❊❊

---

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە پەیامێکدا بۆ

یەکەمین فستیڤاڵی ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە):

# بە دەروەستی و سەربەستیی قەڵەم بەدەستانی کوردستانی ئێران سەربەرزم

**دۆستانی بەڕێزی بەشدار لە یەکەمین فیستیڤاڵی ئەدەبیی کوردستانی ئێراندا!**

**سلاوێك بە پاکی بیرو قەڵەمی نووسەران و ڕووناکبیرانی نیشتمان پارێزو نەتەوە پەروەر!**

پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم فیستیڤاڵە لە یەك یەکی ئێوە خۆشەویستان دەکەم و سوپاس و ماندوونەبوونی بۆ هاوڕێیانی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تەواوی ئەو هاوڕێیانە کە بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوە ئەدەبییە هەوڵیان داوەو زەحمەتیان کێشاوە.

بەڕاستی بۆمن زۆر تاڵە کە لەم بۆنە پیرۆزەدا لەنێوتان نیم تا لە خەرمانی بەرهەمی شێعرو چیرۆك و پەخشانی ئەدەبیی بەرهەمی بیرو تەگبیری ئەم پۆلە لە قەڵەم بەدەستانی کوردی ئێرانی خەرمان لۆغەیەك وەرگرم و لەگەڵ گوێ ڕاگرتن بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەزاران ئافەرین قوربانی خوڵقێنەرەکەی بکەم و پڕبەدڵ بەخۆم بنازم کە نووسەرانی کوردی ئێران لە ماوەیەکی کورت دا مەودایەکی درێژیان بڕیوە، بۆ ئەوەی دەیان ساڵ بەجێمان لە کاروانی ئەدەبی کوردی قەرەبوو بکەنەوە.

بەداخەوە، دوور لە وڵات نازانم نووسەرانی کوردی ئێرانی لە نێوخۆی وڵاتەوە چەندە بۆیان کراوە بەشداری فیستیڤاڵەکەتان بن و هەر نەبێ چەندەیان توانیوە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بۆ فیستیڤاڵ بنێرن.

بەو حاڵەش بە دەروەستی و سەربەستیی قەڵەم بەدەستانی کوردستانی ئێران سەربەرزم. چونکە ئەوەندەی ئاگادارم نووسەران و شاعیرانی کورد لەنێوخۆی وڵات دا، سەرەڕای ئەو هەموو سانسۆر و تەوژمەی لەسەریانە، هەرگیز بەرامبەر بە زۆرداری بەچۆك دا نەهاتوون و قەڵەمەکانیان نەخستۆتە خزمەتی کۆنەپەرستییەوە. ئەگەر بە دەگمەن قەڵەمێکیش هەڵ خلیسکابێ و لە ڕێگای ڕاست ترازابێ زۆر لەوە بێبایەختر بووە کە بتوانێ داوێنی نووسەرانی بەرپرس و وڵاتپارێز ئالوودە بکا.

خوشکان و برایانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەك لە بەرنامەکەی دا هاتوە "بایەخ دان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد"ی هەمیشە بە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی و ئامانجە بەرزەکانی زانیوە. بە شایەتیی هێندێ نووسەری بە ئینساف ئەم حیزبە لەنێو حیزبە کوردستانییەکان دا تەنیا حیزب بووە کە زمانی کوردیی هەر بۆ خزمەتی بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی نەویستوە، بەڵکوو هەوڵی داوە سیاسەتەکەی لە خزمەتی گەشەکردن و پێگەیاندنی زمانی کوردی دابێ. ئەگەر ـ بە داخەوە ـ حیزب لەم بوارەدا کارێکی زۆری لەدەست نەهاتوە، لەبەر هەلومەرجی دوورەوڵاتی و بێدەرەتانی بووە. ئەگینا هەمیشە لە دەرفەتێك گەڕاوە کە هەنگاوی کاریگەرتر لەو بوارەدا هەڵێنێتەوە.

ئەمن لە کاتێك دا بۆ ئەو فستیڤاڵەتان سەرکەوتن و بۆ هەمووتان ڕۆژانێکی پڕبەرهەم و دواڕۆژێکی گەشتر بەئاوات دەخوازم، دڵنیاتان دەکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وادەو بەڵێنەکانی لە بارەی پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیات و هونەری کوردییەوە پابەندە و لە هەموو دەرفەتێك بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لەو پێناوەدا کەڵك وەردەگرێ. ئارەزوومە بەرهەمە هەڵبژاردەکانی ئەم فستیڤاڵەتان لە زووترین دەرفەت دا چاپ و بڵاو بکرێنەوەو ئاواتی گەورەتریشم ئەوەیە فستیڤاڵەکانی دیکەمان لە دواڕۆژێکی نیزیك دا لە کوردستانی ئێران و بە بەشداریی سەدان نووسەری کورد و هەزاران ئەویندای پێشکەوتنی فەرهەنگ و کولتووری کوردی پێك بێنین.

گەرمترین سلاو و باشترین ئاواتەکانم بۆ سەرکەوتنی فستیڤاڵ و سلامەتی و خۆشی و بەختیاریی هەموو لایەکتان وەربگرن.

**براو هاوڕێ و هاوئامانجتان:**

**عبدالله حسن‌زاده**

**پاریس ١٣٨٢/١١/٢٠**

---

**پەیامی دەستەی نووسەران و کارگێڕانی**

**ڕۆژنامەی کوردستان**

## بۆ یەکەمین فستیڤاڵی ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە)

بەبۆنەی پێکهاتنی یەکەم فستیڤاڵی ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەدا، بەگەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران، پێکهێنەران و بەشدارانی فستیڤاڵ دەکەین و سەرکەوتنی ئەم تێکۆشان و کۆبوونەوە فەرهەنگییە بەنرخە بەئاوات دەخوازین.

فستیڤاڵە هونەری و ئەدەبییەکانی کوردستان هەموو کات دەرفەتێکی باش بوون بۆ لێك کۆبوونەوەو پێك ئاشنابوون و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان ڕووناکبیران، نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی کورددا. لەم فستیڤاڵانەدا زۆر جار بەردی بناغەی پێوەندی و هاوکارییەکی کاریگەر لە بەینی فەرهەنگسازان و فەرهەنگپارێزانی ناوچەو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دادەمەزرێ و خاوەنانی بیروڕاو بەهرەو توانا و سەلیقەی جۆراوجۆر، لەسەر چۆنیەتیی بەرەوپێشبردنی ئەرکە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانیان، دەگەنە ئاکامێکی باش. بەڵام دەبێ قبووڵ بکەین ئەوە یەکەم جارە بۆ کۆمەڵێکی ئاوا بەرچاو ئەدیب، نووسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر، هونەرمەندو ڕووناکبیری لە زێدو نیشتمان پەرەوازەکراوی کوردستانی ئێران، دەرفەتی لێك کۆبوونەوە پێك دێ.

ئەگەرچی زۆر بە درەنگەوە بیر لەو پێویستییە کراوەتەوە، بەڵام جێگای خۆشحاڵییە کە ئەدیبان، نووسەران و بەگشتی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە لێرە بەدواوە، هەموو ساڵێ دەتوانن لە ژێر دەواری فستیڤاڵێکی ئەدەبیدا، پێك بگەنەوە. ئەم لێك کۆبوونەوەو بە دیداری یەك شادبوونە لە زۆر بارەوە دەتوانێ بە کەڵك و پڕ بەرهەم بێ. خوڵقاندنی دەرفەت بۆ ئەوەی بەشداران بەرهەمی خۆیانی تێدا پێشکێش بکەن، پتەوکردنی پێوەندی و ڕەخساندنی بوار بۆ دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان سەدان شاعیرو ئەدیب و نووسەری دەرەوەی وڵات و لە هەمووی ئەوانە گرنگتر، پشتگیری لە هەوڵ و تێکۆشانی جێگای ڕێزی هەزاران تێکۆشەرو بەشداری ماندوویی‌نەناسی بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێران، دەتوانن لە بەرهەم و دسکەوتەکانی ئەم فستیڤاڵە بن.

"کوردستان" کە بە درێژایی تەمەنی خۆی مەکۆی لەخۆ کۆکردنەوەی زۆرێك لە شاعیران، ئەدیبان و خزمەتکارانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە، بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە پێکهاتنی ئەم فستیڤاڵە و لەگەڵ دەستخۆش و پیرۆزبایی گوتن بە پێکهێنەران و هەموو ئەو بەڕێزانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان لەو فستیڤاڵەدا بەشدارن، سەرکەوتنی فستیڤاڵ بە ئاوات دەخوازێ. هیوادارین ساڵانی داهاتوو بتوانین ئەم فستیڤاڵە بەرینەوە ئێران و ببێ بە بۆنەیەك بۆ لێك کۆبوونەوەو دیداری ئەدەبی و فەرهەنگی لە نێوان هەزاران ئەدیب و هونەرمەندو ڕووناکبیر کە ژیان لە تاراوگە یا لە بندەستیی دیکتاتۆریدا چەندین ساڵ بوو لێکی دابڕیبوون.

**نووسەران و کارگێڕانی "کوردستان"**

**ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

---

**پەیامی دەفتەری سیاسیی**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**بۆ یەکەمین فستیڤاڵی**

**ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە)**

بەڕێزان بەشدار بووان و بەڕێوەبەرانی فستیڤاڵی ئەدەبیی لە تاراوگە، سلاوێکی گەرم، لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و سەربەرزیتان!

پیرۆزباییتان لێ دەکەین بۆ گرتنی فستیڤاڵێك بۆ ئەدەبیات لە تاراوگە. لە هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و پێشکەوتووانە، ئەدەبیاتی تاراوگە دەورێکی گرینگی وەئەستووە گرتووەو بە دایم مورکی تایبەت بە خۆشی پێوە دیار بووە.

کاتێك باس لە ئەدەبیاتی تاراوگە دەکرێ کە ئازادی لە وڵاتدا، خنکێندرابێ، قەڵەم شکابێ و نووسەرو ئەدیبیش ڕاپێچی زیندان کرابێ، ڕاست ئەوە وڵاتی ئێمەیە، هەربۆیە ئەدەبیاتی تاراوگە، دەبێ هاندەرو لایەنگر، ڕۆشن و ڕوو لە داهاتوو، بوێرو ڕچەشکێن و پڕبێ لە بیری ئازادی و خۆشەویستی گەل و نیشتمان.

ئەورۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هیممەتی نووسەران و ڕووناکبیران، شاهیدی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەرین کە تا دێ هێز دەگرێ و پەرە دەستێنی و بۆتە یەکێك لە دیاردەکانی گەشەی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە کوردستاندا.

کۆمەڵە پشتیوانیکردن لەو ڕەوتە بە ئەرکێکی بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەزانێ و، یەکگرتن و لێك تێگەیشتن و پێوەندیی بەرینی ئەدەبیاتی تاراوگەو ئەدەبیاتی ناوخۆی وڵات بە پێویستییەکی هەنووکەیی دادەنێن کە دەبی بە هەموومان هەولی بۆ بدەین و کاری بۆ یکەین.

پڕ بە دڵ هیوادارین فستیڤاڵێکی پڕ دەسکەوتتان هەبێ و ئەمە هەنگاوێك بێ بۆ پەرەدان بە ئەدەبیاتی ڕەسەن و لایەنگری ئازادی و ڕزگاری.

**دەفتەری سیاسیی**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٢/١١/٢٥**

**٢٠٠٤/٢/١٤**

## کۆڕی پرسەو ماتەمینی بۆ شەهیدانی ای فێوریەی هەولێر، لە شارەکانی کوردستان‌دا

### بۆکان:

رۆژی هەینی ١٧ی رێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان بەبۆنەی کارەساتەکەی رۆژی ١٢ی رێبەندان لە شاری هەولێرو شەهیدبوونی کۆمەڵێك مرۆڤی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری کورد، کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشیی لە مزگەوتی جامیعەی ئەو شارەدا پێك هێنا. شایانی باسە کە بەشێوەیەکی بەرچاو رووناکبیران‌و خەڵکی نیشتمانپەروەری بۆکان بەشدارییان لەو پرسەیەدا کردو هەر بەو بۆنەوە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی‌و وتاری جۆراوجۆر خوێندرانەوەو لە کۆتاییدا سەرجەم بەشداران وێڕای ئەوە کە ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یەیان مەحکووم کرد، هاوسۆزی‌و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ کەسوکاری قوربانی‌یەکانی ئەم رووداوە دەربڕی. هەروەها ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆکان کە قەرار بوو لە رۆژی ٢ی رێبەنداندا رێوڕەسمێك بەبۆنەی پەنجاوهەشتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێك بێنێ، پاش ئەوەی کە بەرپرسانی ئەمنییەتی‌و دەوڵەتیی رێژیم بە کۆسپ خستنەسەر رێگایان‌و نەیانهێشت ئەو رێوڕەسمە لەو رۆژەدا بەرێوەبچێ. بە بەردەوام بوونی خۆی لە هەوڵی شێلگیرانەی رۆژی ٧ی رێبەنداندا رێوڕەسمێکی بەشکۆیان لە شوێنی ئەم ئەنجومەنە بەرێوەبرد.

لەو رێوڕەسمە تایبەتی‌یەدا کە تێی‌دا بە دەیان کەس لە رووناکبیران، شاعیران، نووسەران‌و لاوانی نیشتمانپەروەری شاری بۆکان بەشدار بوون، کۆمەڵێك وتاری زانستی لەسەر ئەم رۆژە مێژوویی‌یە خوێندرانەوەو هەروەها لاوانی شاعیری ئەم شارە بە پێشکێشکردنی شیعری نەتەوەیی‌و نیشتمانی، دیمەنێکی تایبەتی‌و بەشکۆیان بەو رێوڕەسمە بەخشی.

### مەریوان:

رۆژی شەممە، ١٨ی رێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی بەبۆنەی کارەساتە دڵتەزێنەکەی شاری هەولێر لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری مەریوانەوە پێك هات، کە لەو کۆڕە ماتەمینەدا، سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی بەرچاو بەشدار بوون، کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی‌و چەندین وتاری سیاسی‌و نەتەوەیی خوێندرانەوەو بەشداران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە، هاوسۆزی‌و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ کەسوکارو لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق دەربڕی.

### ورمێ

رۆژی شەممە ٢١ رێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، لەلایەن خەڵکی شاری "ورمێ"ی کوردپەروەرەوە رێوڕەسمێکی پرسەو سەرەخۆشی بەبۆنەی کارەساتە تیروریستی‌یەکانی شاری هەولێر لە مزگەوتی "ئەمیر ئاوای" ئەو شارەدا، بەرێوەچوو. لەو رێوڕەسمە ماتەمینی‌یەدا کەریم فەتاح‌پوور، نوێنەری کورد لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. هەروەها بەشوێن وتەکانی ئەودا مامۆستا مەلارەزا وتارێکی پێشکەش کرد. شایانی باسەکە بەشدارانی رێوڕەسمەکە بە توندی ئەو جینایەتەیان مەحکووم کردو پشتیوانیی خۆیان لە داوا رەواکانی گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان‌دا، راگەیاند.

❊ ❊ ❊

### سوئێد:

## بەشداری لە کۆڕی یادکردنەوەی "حەمە رەش رەشۆ"دا

**لە رۆژی شەممە ٢٠٠٤/٢/٧، بۆ رێزگرتن لە یەکەم ساڵی کۆچی دوایی بەڕێز حەمە رەش رەشۆ، سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە، کۆڕێك لەلایەن رێکخستنی ئەو پارتە بە بەشداریی چەند حیزب‌و رێکخراوی سیاسی، کومیتەی هاوکاریی‌و فیدراسیون لە ساڵۆنی ABF لە شاری ستۆکهوڵم پێك‌هات. لەم کۆڕەدا باسێکی تێروتەسەل لەسەر خەباتی سیاسیی‌و فەرهەنگی زیاتر لە ٤٠ ساڵی کاك حەمە رەش رەشۆ کرا، هەروەها لەلایەن کومیتەی حیزب لە سوئێد هەیئەتێکی سیاسی بەشدارییان کردو پەیامی حیزب لەلایەن هاوڕێ عەلی فەتحی‌یەوە خوێندرایەوە.**

# تەقینەوەکانی هەولێرو هەڵوێستی رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی

کەریم پەرویزی

دوو تەقینەوەکەی رۆژی ١٢ی رێبەندانی هەولێر، دژکردەوەی دوژمنان‌و ناحەزانی گەلی کورد بوون لە بەرامبەر یەك هەڵوێستی‌و هاوئاهەنگیی هەنگاوەکانی دوو حیزبی نەتەوەیی کوردستانی عێراق‌دا. یەك هەڵوێستی‌و هاودەنگیی دوو هێزە سەرەکی‌یەکەی کوردستانی عێراق لە رووداوەکانی ئەم دواییانەو لە پرۆسەی رزگاریی عێراق‌داو هاودەنگ بوون‌و سووربوونیان لەسەر ویستە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستانی وا تووڕە کرد کە جینایەتەکانی ١٢ی رێبەندانیان لێ کەوتەوە. ئەوەی کە ئەم تەقینەوانە راست لە کاتێك‌دا روویان دا کە هەر دوو هێزە سەرەکی‌یەکەی کوردستانی عێراق، هاودەنگ‌و هاوهەڵوێست لەسەر فیدراڵیی عێراق لەسەر ئەساسی نەتەوەیی - جوغرافیایی سوور بوون‌و لە بەرەبەرەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان‌دا، بارەگای دوو حیزبەکە تەقێندرانەوە، جێی تێڕامان‌و بیرکردنەوەیە.

لە بەرامبەر ئەو کردەوە تیرۆریستییانەدا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی، لە هەواڵەکانی‌دا وا نیشان دەدا کە ئەوانە کاری تۆڵەسەندنەوەو ئاکامی شەڕی نێوخۆیی هێزە کوردستانی‌یەکان‌و دووبەرەکیی نێو لایەنە سیاسی‌یەکانن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشەو لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی لەو چەشنەدا، کە لە زۆربەیانیش‌دا جێی دەستە رەشەکانی دەرکەوتووە، هەوڵی ئەوەی داوە کە بە تۆڵەسەندنەوە یان وەك ئاکامی شەڕی‌نێوخۆیی هێزە کوردی‌یەکان نیشانی بدا. لە کارەساتی تیرۆری رێبەری نەمر دوکتور قاسملوو لە ڤیەن‌دا، کۆماری ئیسلامی لە هەواڵەکەی‌دا وای باسی دەکرد کە یەکێك لە رێبەرانی "گرووهەك" لە ئاکامی دووبەرەکیی نێو تاقمەکەی‌دا تیرۆر کراوە. کەچی دوایە تیرۆریستە نێردراوەکانی رێژیم کە لەسەر مێزی وتووێژدا دەستیان دابووە ئەو کارە نگریسە بە یارمەتیی دەوڵەتی ئەو کاتی ئوتریش بە حورمەتەوە بەرەو تاران بەڕێ کرانەوە.

یان لە رووداوی ریستۆرانی میکۆنووس‌دا کە شەهیدبونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەری نەمر دوکتور سەعیدو هاوڕێکانی لێ کەوتەوە، کۆماری ئیسلامی دووبارە باسی لە شەڕی نێوخۆیی هێزە کوردی‌یەکان دەکرد. کەچی ماوەیەك دواتر فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی رێژیم دانی بە کارە چەپەڵەکەیان دا نا دواتریش رەوتی دادگای میکونووس ئەو رێژیمەی بە ئەنجامدانی ئەم کردەوە تیرۆریستی‌یە مەحکووم کرد.

لە دوای تەقینەوەکانی هەولێر،

> **گەلی کورد لە کوردستانی عێراق چ تاوانێکی کردوە کە دەبێ تووشی تیرۆرو کردەوەی خۆکوژی بێ؟ چ گوناهێکی بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی‌و دەستو پێوەندیەکانی‌یەوە کردوە کە دەبێ ئاوا سزا بدرێ؟**

دەزگای راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی هەواڵەکەیان وەك ئاکامی کردەوەیەکی تۆڵەسەندنەوە باس کردو لە وتووێژێك کە لە کاناڵی سەحەر لەگەڵ یەکێك لە رێبەرانی هێزە ئیسلامی‌یەکانی کوردستانی عێراق‌دا پێکی هێنا بوو، وایان باس دەکرد کە ئەوانە تۆڵەسەندنەوە بوون‌و هێزە نەتەوەیی‌یەکانی کوردستانیان بە تاوانبار دەزانی‌و بە داخ بوون بۆ ئەوەی کە زووتر ئەو بەڵایەیان بە سەردا نەهاتوە !

گەلی کورد لە کوردستانی عێراق چ تاوانێکی کردوە کە دەبێ تووشی تیرۆرو کردەوەی خۆکوژی بێ؟ چ گوناهێکی بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی‌و دوستوپێوەندی‌یەکانی‌یەوە کردوە کە دەبێ ئاوا سزا بدرێ؟ ئایا ئەوەی کە یارمەتیی هاوپەیمانانی بۆ رووخانی دیکتاتۆری داوە، شایانی ئەم تۆڵەسەندنەوەیە؟ ئایا راونانی تاقمی تیرۆریستیی ئەنسارولئیسلام‌و دنەدەرانی تیرۆریستانی تووڕە کردوە؟ یان سووربوونی گەلی کورد لەسەر مافە رەواکان‌و ویستە نەتەوەیی‌یەکانی، دوژمنانی لە تەنگانە خستوە؟

ئەوکات کە تاقمی ئەنسارولئیسلام ناوچەکەیان داگیر کردبوو و دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانەی تاڵیبانیی خۆیان تێی‌دا دامەزراندبوو، و لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پشتیوانیان لێ دەکراو کەوتنە بەر هێرشی هاوپەیمانان‌و هێزی پێشمەرگە، بەرەو ئێران هەڵهاتن‌و ئێستاش لە شارە سنووری‌یەکانی کوردستانی ئێران، کەمپو ئوردووگایان بۆ ئامادە کراوەو لەوێوە تیرۆریستەکانیان بەرەو کوردستانی عێراق بەڕێ دەکرێن. ئەمانە پێوەندی‌و بەستراوەیی ئەم تاقمە بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەسەلمێنێ، هەر ئەم تاقمەش کە بەرپرسایەتیی تەقاندنەوەکانی هەولێری وەئەستۆ گرت.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بیروڕای بەلاڕێدا ببا و لە هەمان کاتیش‌دا نەیدەتوانی خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەر بەو رووداوانە بشارێتەوە. دوای نزیك بە دوو حەوتوو چەواشەکاری‌و باسکردنی ئەم رووداوە بە شێوەی جۆراوجۆرو تەنانەت بە تۆڵەئەستاندنەوەو دوای وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ئەو تیرۆرانە لەلایەن ئەنسارولئیسلامەوە، وەزیری دەرەوەی رێژیم لە ترسی ئەوەدا کە تاوانی ئەو جینایەتە نەکەوێتە ئۆباڵی کۆماری ئیسلامی، پەیامی دێروەختی سەرەخۆشیی بۆ دوو رێبەری کورد لە کوردستانی عێراق ئەویش وەك دوو ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی عێراق ! ناردو تەنانەت لەوێش نەیتوانی رق‌و قینی رێژیمەکەی بە نیسبەت گەلی کوردەوە بشارێتەوە. ئەو هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو ئەوانەی لە بەرەی دژی تیرۆریزم دان‌و بۆ هەموو کورد بە گشتی‌و بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی، جێگای لێ ورد بوونەوەیە.

❊ ❊ ❊

## کۆڕی پرسەو ماتەمینی بۆ شەهیدانی ای فێوریەی هەولێر، لە دەرەوەی وڵات

### ئوستراليا:

❊ رۆژی ٢٠٠٤/٢/٥ بۆ رێزنان لە شەهیدەکانی کارەساتی هەولێرو مەحکوومکردنی تیرۆریستان، مەراسمێکی تایبەتی لەشاری "Perth" لە ئوستراليا پێك هات، بە هاوکاریی کۆمتیەی حیزب، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆنگرەی گەل‌و کۆمەڵەی کورد. لەم کۆڕەدا پەیامی پارتی دێموکرات‌و یەکیەتیی نیشتمانی خوێندرانەوە. پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن هاوڕێ مەسعوود سەمەدی‌یەوە خوێندرایەوە. ئەم کۆڕە ٢ سەعاتی خایاند.

❊ رۆژی ٢٠٠٤/٢/٧، کۆڕێکی تایبەت بۆ رێزلێنان لە شەهیدەکانی هەولێرو مەحکوومکردنی تیرۆریستان بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی شاری "بریزبال" ساز کرا.

سەرەتا کاك سەلاح پوورئەسەد بە درێژی لەسەر ئەم کارەساتە قسەی کرد. لەلایەن پارتی‌و یەکیەتی‌یەوە بەخێرهاتنی میوانەکان کرا، پەیامی هاودەردیی کۆمیتەی حیزب لەلایەن کاك عوسمان سونبولی خوێندرایەوە. ژمارەیەکی‌تر لە بەشداران لەسەر ئەم کارەساتە قسەیان کرد. شایانی باسە ئەوەی زیاتر بەرچاو بوو لە قسەکان‌داو گرنگیی پێ‌دەدرا، داوای هەرچی خێراتر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەولێرو سلێمانی بوو.

### نیوزلەند

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٩ی فێوریەی ٢٠٠٤، لە شاری ئۆکلاند لە وڵاتی نیوزیلاند، کۆڕێکی پرسەو ماتەمینی بۆ یادی قوربانیانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکەی رۆژی ١ی فێوریەی شاری هەولێر رێکخرا. لەو کۆڕەدا کە لەلایەن نوێنەرایەتیی "پ.د.ك" و "ی.ن.ك"ەوە بەرێوەچوو، زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی شارەکانی ئۆکلاندو هاملتن بەشدارییان تێ‌دا کرد. کومیتەی حیزب لە نیوزیلاند وێڕای تەواوی ئەندامانی حیزب لە دوورگەی باکووری ئەم وڵاتە چالاکانە بەشداربوون‌و هاوخەمی‌و هاودەردیی حیزبەکەمان‌و گەلی کوردیان لەکوردستانی ئێران لەگەڵ برایانی کوردی کوردستانی عێراق دووپات کردەوە.

لەم مەراسیمە ماتەمینەدا، هەردووك راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی حیزب لە نیوزیلاند کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رووداوە تیرۆریستی‌یەدا بڵاوکرابوونەوە، خوێندرانەوە.

### سوئێد:

رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٤/٢/٨ کۆڕێکی ماتەمینی بۆ رێزگرتن لە یادی قوربانیانیی کارەساتی تیرۆریستی شاری هەولێر (واتە هێرش بۆ سەر بارەگای پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) لە رۆژی ٢٠٠٤/٢/١ لەلایەن کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و رێکخستنەکانی پارتی دێموکرات‌و یەکیەتیی نیشتمانیی‌و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە سوئێد بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە ساڵۆنی "ئوسۆ - یمناسیوم" لە شاری ستۆکهولم پێك‌هات. لەو کۆڕەدا وەزیری کاروباری دەرەوەی سوئێد خانمی لیلا فریدول، سەرۆك‌و نوێنەری هەموو حیزبە سیاسی‌یەکانی سوئێد کە لە پارلمانی سوئێددا نوێنەریان هەیە وتاریان پێشکەش کردو هەموو لایەك بەدوای مەحکوومکردنی ئەم کارەساتە تیرۆریستی‌یە پشتیوانیی خۆیان لە ویستە رەواکانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی، ئازادی‌و دێموکراسی دووبارە کردەوە. لەم کۆڕەدا زۆربەی حیزبە سیاسی‌و رێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستان بەشدار بوون‌و پەیامیان نارد. لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، هەیئەتێکی سیاسی بە سەرپەرستی هاڕێی تێکۆشەر کاك حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشداری بەرچاویان هەبوو و لە بەرێوەبردنی کۆڕەکەدا نەخشی بەرچاویان هەبوو.

لە درێژەی بەرنامەکەدا هاوڕێ حەسەن رەستگار وتارێکی سیاسیی پیشکەشی بەشداربووان کرد کە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کارەستە تیرۆریستی‌یە داوای کرد حەول بدرێ بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی هەرچی دوژمنانی کورد، هەرچی زووتر ماڵی کورد یەك بگرێتەوەو هەروەها لە درێژەی وتارەکەی‌دا ئیشارەی بە نەخشی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشتیوانی‌کردنی گرووپە تیرۆریستی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان کرد کە هەتا ئەو کاتەی ئەم رێژیمە لەسەر کارە ئەو کردەوە تیرۆریستییانە بنەبڕ ناکرێ. پێویستە بگوترێ کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەك دوو هەیئەتی بەشداربوون‌و پەیامیان نارد.

### ئینگلستان

رۆژی شەممە ١٨ی رێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بە مەبەستی مەحکوومکردنی کارەساتە تیرۆریستی‌یەکەی هەولێر، هەزاران کەس لە کوردەکانی شاری لەندەن بە هاوکاریی کومیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانی‌یەکان‌و ناوەندی رووناکبیری کورد لە لەندەن‌و هەروەها کۆمەڵگای کورد لە رۆژئاوای لەندەن‌و بنکەی "ماڵی کورد" خۆپیشاندانێکیان پێك‌هێنا. خۆپیشاندان لەگەڵ ئەوەدا یەکدەنگ ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یەیان مەحکووم کرد، پشتیوانیی خۆیان سەبارەت بە دامەزراندنی فیدرالیزم لە عێراق‌دا دووپات کردەوەو هەروەها دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێران‌و تورکیەو سووریەیان لە کاروباری نێوخۆی کوردستان‌و عێراق بە توندی مەحکووم کرد. لەگەڵ ئەوەدا نوێنەری حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکانی بەشدار لەو خۆپیشاندانەدا سەردانی دەفتەری ژمارە ١٠ی سەرۆك وەزیریان کرد کە بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا. هەروەها لە کۆتایی‌دا کومیتەی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و

ـــــــــ بۆ لاپەڕەی ٦

**بەدوای نامەیەکدا کە ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب بۆ بەڕێز "گاری هارد گریڤ"، ئەندامی پارلمانی ئوسترالیایان نوسیبوو، ناوبراویش لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی قانووندانان، مەسەلەی کوردو پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بە ئاگاداری بەڕێزی گەیاندو وەڵامی نامەکەشی وەرگرتەوە، کە دەقی نامەکەو وەڵامەکەی بەمجۆرەیە:**

سەرۆکی دەسەڵاتی قانووندانان (رئیس قوه مقننه)

ئاغای فلیپ رەدۆك، ئەندامی پارلمان

٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٤

جەنابی ئاغای گاری هاردگریڤ، ئەندامی پارلمان!

وەزیری شەهروەندیو کاروباری فرە فەرهەنگی!

Po Box 207

Moorooka QLD 4105

بەڕێز جەنابی وەزیر!

سوپاس بۆ نامەکەی رۆژی ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٠٣ بۆ ئاغای داونەر کە کورتەی ژمارەیەك مەسەلەی تێدا بوو کە لەلایەن ئەندامی حەوزە ئینتخابییە کوردییەکەی ئێوەوە باس کرابوون. لە کاتێکدا کە ئاغای داونەر لە دەرەوەی وڵاتە، من بە پێی دەسەڵاتی جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە وەڵامتان دەدەمەوە.

کاتێك کە تاوانەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دێتە بەرباس، حکوومەتی ئوسترالیاش بەشدراه. دەبێ ئێوە ئاگاداری ئەوە بووبن کە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەنجاو هەشتەمین دانیشتنی خۆی لە ساڵی رابردوودا، بڕیارێکی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێراندا قبووڵ کرد، ئوسترالیا دەنگی موسبەتی بەو بڕیارە دا. قبووڵکردنی ئەو بڕیارە تەئکید لەسەر بەڵێنی ئێمەو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکاتەوە بۆ چاودێریکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانداو بنبڕکردنی جیاوازیدانان بە دژی کەمایەتییەکانو لە نێویاندا کوردیش.

لە هەمان کاتدا حکوومەتی ئوسترالیا لە ڕێگای هەوڵدانی کاریگەرەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە دەکا، کە بە مەبەستی بەرەوپێشچوونێکی بەکردەوە لە ناوچەکەدا بەرنامەڕێژی کراوە. بەم دواییانە ئوسترالیا دیالۆگێکی مافی مرۆڤی لەگەڵ ئێران بنیاد ناوە. جەسەلەی کردنەوەی دیالۆگ ساڵی ٢٠٠٢ لە تاران گیرا کە وای لە بەرپرسانی ئوسترالیا کرد کە بتوانن مەسەلەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ راستەوخۆ لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێرانیدا بخەنە بەرباس. گرتنی جەلەسەی دیالۆگ لە حاڵی حازردا لە ژێر لێکۆڵینەوە دایە.

بەلەبەرچاوگرتنی چەند تاوانێکی دیاریکراوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەشی کاروباری دەرەوە (DFAT) لەسەر بناغەی قانوونی لەگەڵ نوێنەرانی پارلمانەکان، بۆ نموونە لەگەڵ گرووهی پارلمانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیو هەروەها لەگەڵ دامەزراوە ناحوکمییەکانی پێوەندیدار بە کاروباری مافی مرۆڤو حاڵەتەکانی جێگای سەرنجی کۆمەڵگای ئوسترالیایی، پێوەندی دەگرێ.

ئاغای داونەر، ئاگاداری ئەو دەنگۆیانە هەیە کە باس لەوە دەکەن کە ئێران ئەندامی ئەلقاعیدە لە وڵاتەکەیدا پەنا دەداتو نیگەرانیی زۆری خۆی سەبارەت بەو مەسەلەیە بە کاربەدەستانی ئێرانی نیشان داوە. بەتایبەتی ئەو فشاری خستۆتە سەر ئێران کە بەجیددی بە دژی ئەلقاعیدەو تیرۆریستانیتر لە سنووری خۆیدا کار بکا.

من ناتوانم نەزەر لەسەر ئەو مەسەلانە بدەم کە سەبارەت بە ڕێکخستنی ویزای تەعتیلاتی کار لەگەڵ ئێراندا، باس کراوە لەبەر ئەوەی کە ئەو مەسەلانە پێوەندییان بە وەزیری کۆچو کاروباری فرە فەرهەنگیو نیشتەجێبوون، سیناتۆر "ڤانستۆن"ەوە هەیە.

دڵسۆزتان

فیلیپ رەدۆك، جێگری وەزیری دەرەوە

❋❋❋

ئاغای گاری هارد گریڤ، ئەندامی پارلمان!

نوێنەری ناوچەی مۆریتۆن!

وەزیری شەهروەندیو کاروباری فرە فەرهەنگی!

لەلایەن گ. هـ، ٣٠ی ژانویەی ٢٠٠٤

بۆ بەڕێز ئاغای س. پوورئەسعەد!

4127 Quemin St

Yeronca QLD 4704

بەڕێز ئاغای پوورئەسعەد!

**وەڵامی مەسەلەی مافی مرۆڤی کورد لە ئێراندا**

پاشکۆ: نامەیەکە کە لەلایەن ئەندامی پارلمان، جەنابی ئاغای "فیلیپ رەدۆك"، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بە دەستم گەیشتوە، لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە من بە نوێنەرایەتیی ئێوە، سەبارەت بە مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێشکەشی جەنابی وەزیرم کردبوو.

من بۆ زانیاریی ئێوە، ئەم نامەیە دەنێرم، تکایە هەر پرسیارێکی دیکەتان لەو بارەیەوە هەبوو، حەتمەن پێوەندیم پێوە بگرن.

دڵسۆزتان

گاری هارد گریڤ

❋❋❋

# ڕێزگرتن لە ڕۆژی مێژوویی ٢ی ڕێبەندان لە دەرەوەی وڵات

## بریتانیا ـ لەندەن:

ڕێکەوتی ١٧ی ژانویەی ٢٠٠٤، بۆ ڕێزگرتن لە پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە "ئەکتۆن تاون هۆن" لە لەندەن بەرنامەیەتی تایبەتی بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا، سەرەتا هاوڕێ مینا سوارە بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو پاشان دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزدانان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان ڕاگەیەندراو سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" خوێندرایەوەو دواتر پەیامی کۆمتیەی حیزب لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزبەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لەلایەن بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە لەندەن خوێندرایەوەو وتەیەك لەلایەن یادگارەکەی کۆمار، مام قالەی دەباغییەوە پێشکەش کرا.

دوابەدوای ئەم پەیامانە، کاك سەباح ڕەواندزی، گۆرانیبێژی دەنگ خۆش بەرنامەکەی زیاتر ڕازاندەوەو بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد.

پاش تەواوبوونی بەرنامە هونەرییەکان، یەکێك لە ئەندامانی حیزب لە منچستر، پەخشانێکی پێشکەشی بەشداران کرد. لە پاشان نێوی ئەو ڕێکخراوو حیزبە سیاسییانە خوێندرایەوە کە بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە پەیامیان ناردبوو کە بریتیبوون لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ـ لیژنەی ناوچەی بریتانیا
- کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ بریتانیا
- ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵە
- پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ لقی بریتانیا
- نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ ڕێکخراوی بریتانیا
- ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران "ڕێگای کرێکار" ـ بریتانیا
- بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران
- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
- کۆمیتەی باڵای ڕێفراندۆم

بزووتنەوەی میللی بەلووچستان

- بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی عەرەب لە ئەهواز
- ئیحسان قادر، وتەبێژی حیزبە کوردستانییەکان
- هاوڕێیان لە کوردیش ئەدڤایس سنتر (کۆمکار)

لە بەشی کۆتایی بەرنامەکەدا کاك میکائیل بە پێشکەشکردنی چەند گۆرانی بەرنامەکەی زیاتر ڕازاندەوە.

لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامەوە هاوڕێ مینا سوارە بەرنامەکە بە شیعرو پەخشانی جوان کۆتایی پێ هات.

شایانی باسە ئەم بەرنامەیە لە کاتژمێر ٨ی شەو دەستی پێکردو کاتژمێر ١ی بەیانی کۆتایی پێ هات.

## سوئێد

ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە مالمۆ، ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێکهێنا. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب ـ سوئێد لەلایەن بەڕێز مستەفا فەتحیانەوە پێشکەش کرا، بەشوێن ئەودا نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەو بۆنەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش کرد. نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی چەند گۆرانی لەلایەن هونەرمەندان، ئارام هەولێریو جەماڵ فەتحیانەوە زیاتر ڕازایەوە، هەروەها لەلایەن ئەندامی دێرینی حیزب "مامە قالەی شورشە"وە پارچە هونراوەیەك پێشکەش کراو پاشان هونەرمەند بهروزی ڕەحیمی بە دەنگی خۆشی، کۆڕی هەڵپەڕکێی بەشدارانی زیاتر گەرم کرد.

❋ ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، کۆمیتەی حیزب، یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی کوردان لە یۆتیبۆری، ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب پێك هێنا.

سەرەتا، ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ محیەدین ئەحمەدی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە یۆتیبۆری، پەیامی حیزب خوێندرایەوە. هەروەها لەلایەن هاوڕێ ساڵح شەرەفی، بەرپرسی یەکیەتیی کوردان، بەو بۆنەوە پەیامێك پێشکەش کرا. دیارە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەش بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبیو هونەری ڕازابۆوە.

### پەیامی پیرۆزبایی حیزبی خەڵکی بەلووچستان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی خەڵکی بەلووچستان، دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرکۆماریی پێشەوای گەورەی نەتەوەی کورد "قازی محەممەد" کە سەرئەنجام گیانی خۆی لەپێناویدا بەخت کرد، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی دەڵێ.

ئەو ڕووداوە گەورەیە لاپەڕەیەکی زێڕینە لە خەباتی نەتەوەی کورد، لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی خۆیدا. لە درێژەی ئەو ڕێیەدا گەورەپیاوانو کەسایەتییەکانی وەك دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندیو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بەفیداکردنی گیانی خۆیان توانیان ئاڵای ژیانێکی هەمیشەیی بەرز ڕاگرن.

حیزبی خەڵکی بەلووچستان، وێڕای پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی تا لەنێوچوونی یەکجاریی ستەمی نەتەوایەتی، دەستی دۆستیو یەکیەتی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتی هاوبەشو پێداگرتن لەو پێوەندییەدا بۆ حیزبی دێموکرات درێژە دەداو هەر دەستێکی کە بانگەئاوازی ئەو مافە بدا، بەگەرمی دەگوشێ.

حیزبی خەڵکی بەلووچستان

ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی پەیامیان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە ناردبوو، بریتیبوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان ـ یۆتبۆری، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ یۆتبۆری، کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، ڕێکخراوی کارگەرانی شۆڕشگێڕی ئێران ـ (راه کارگر)، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵە، کۆمیتەی کارگێڕیی کۆمەڵەی کوردی، کۆمەڵەی کەلتووریی پەپوولە، ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی نەتەوایەتیی گەلی تورکمەن، حیزبی گەلی بەلووچستان، حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی گەلی عەرەب، بەرەی میللیی ئێران لە دەرەوە.

## سوئێد ـ براس (Bras)

لە کۆبوونەوەیەکی خنجیلانەدا بنەماڵەی ئەندامو لایەنگرانی حیزب لە شاری براس ( Bras) ڕێزیان لە یادی ٥٨مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرت.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٦ی ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٣١، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان دەستی پێکرد. دوای بەخێرهاتنی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە، کاك عەزیز مورادپەرەست پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێدی خوێندەوە. بەدوای ئەودا کاك سمایل ئازەرنیا وتارێکی بە پێزی لەسەر گەورەیی پێشەواو دەسکەوتەکانی کۆمار پێشکێش کرد.

مەراسیمەکە بە ڕەشبەڵەکی لاوان تا کاتژمێر ٢ درێژەی کێشا.

## ئەمریکا ـ تێنسی

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە "تێنسی"، ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێکهێنا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بە مەبەستی ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن یەکێك لە هاوڕێیانی ئەندامی کومیتەی حیزب لە "تێنسی" پەیامی دەفتەری سیاسی بەو بۆنەوە خوێندرایەوە. شایانی باسە کە چەندین حیزبو ڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو. . . بەشدارییان لەو ڕێوڕەسمەدا کردو هەریەکە پەیامی پیرۆزبایی خۆیانیان پێشکەش کرد. دیارە بەهۆی ئەوەکە ڕێوڕەسمەکە هاوکات بوو لەگەڵ کارە تیرۆریستییەکانی شاری هەولێر، ڕێوڕەسمەکە لە بەڕێوەبردنی بەرنامە هونەرییەکانی، خۆی بوارد. پێویستە بگوترێ ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی حیزبی لە شاری "نەشویل"ەوە بەمەبەستی بەشداریی لەو ڕێوڕەسمەدا لە "تێنسی" ئامادە ببوون.

❋❋❋

درێژەی لاپەڕەی ٥

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ لەندەن بەو بۆنەوە ڕێوڕەسمێکی پرسەو سەرەخۆشییان پێکهێنا کە هەیئەتێکی حیزب بە پێشکەشکردنی تاجە گوڵینەیەكو بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کرد.

پێویستە بگوترێ لە سەردانی نوێنەرانی خۆپیشاندەران بۆ دەفتەری ژمارە ١٠ی سەرۆك وەزیران، نامەیەکیان ئاراستەی بەڕێز تۆنی بلێر کرد:

**نامەی کومیتەی هاوکاریی لقەکانی حیزبە کوردستانییەکان**

**لە بریتانیا، بۆ تۆنی بلێر**

**نوێنەرایەتی ناوەندی ئامۆژگاری کوردی**

**St Mary’s Community Center, Bakbeek Rd, London N 8 7PS.**

**زۆر بەڕێز تۆنی بلێر**

**سەرۆك وەزیران !**

**10 Dawning Street**

**London SW 1A 2AA**

**٧ی فێریەی ٢٠٠٤**

**بەڕێز سەرۆك وەزیران !**

ڕۆژی ١ی فێوریەی ٢٠٠٤، دوو تیرۆریستی خۆکوژ خۆیان خزاندە نێو بارەگاکانی پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێری پایتەخت، زیاتر لە ١١٠ کەسیان کوشت کە لە نێویاندا منداڵیش دەبیندرێ، ژمارەیەکی زۆری تریشیان بریندار کرد. سامی عەبدولرەحمان، جێگری سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی هەولێر، ژمارەیەك لە بەرپرسانی پایە بەرزی پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە تەقینەوەکەدا گیانیان لەدەست داوە.

دوژمنانی خەڵکی کورد بە جیددی لە هەوڵی تەگەرە خستنە سەر ڕێگای یەکگرتنەوەی ئەوان دان، کە دیارە سەر ناکەون. ئێمە لە هەموو کاتێك زیاتر یەکگرتووین بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی فیدراڵی دێموکرات.

ئێستا کاتێکی حەساسە بۆ کوردەکانو ئێمە بە جیددی پێویستمان بە هاوکاریی ئێوە هەیە کە تەئکید بکەنەوە کە ئەوان نەبنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە هەمان شێوەی ساڵانی ١٩٢٠ کە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی پشتگوێ خران. دوایی لەگەڵ کۆمەڵە دەنگێگی بەهێزیشدا (بە شێوەیەکی بەرجەستە وینستۆن چرچیل) بەڵێنەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەهۆی ویستی بریتانیاو فەرانسە لە ناوچەکەدا فەرامۆش کران.

بە ڕەسمی ناسینی هەرێمێکی کوردی لە عێراقدا، کە لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەچێو بۆ کوردەکان بێ، هەم بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەم بۆ ئاشتیی دنیا بەسوود دەبێ. دەسەڵاتی کوردیو خەڵکی کوردی ناوچەکە لەسەر بناغەیەکی ئاشتییانە بەڕێوەی دەبەن. ئەوان نەتەوەیەکی سەبوورنو دەتوانن بەرهەڵستێك بن بۆ ئەو بیرە بناژۆیییەی لە ناوچەکەدا لە حاڵی پەرەگرتندایە، کە هەڕەشە لە بنیاتنانی دێموکراسیو گەشەکردنی ئابووری دەکا. ئەو بیرە بناژۆیییە کە لەلایەن هێزە ئایینیو ناسیۆنالیستییەکانەوە وەڕێ دەخرێ.

ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەتی مەبەستمان ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێیە کە هەڕەشەی سەربازی دەکەن ، ئەگەر بێشتر کورد ببێتە قەوارەیەك لە عێراقێکی فیدراڵدا. ئەوان هەموویان دژی بیری عێراقێکی فیدراڵنو هێندێکیان ئێستاش ئارەزووی ژیاندنەوەی ئیمپراتورییان هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کەرکووكو شارەکانی دیکەی کوردستاندا. ئەوان سڵ لەوە ناکەنەوە کە بەرنامەکانی بریتانیاو ئامریکا بۆ داهاتوو پووچەڵ بکەنەوە، و ئێمە بڕوامان وایە کە چاوەڕوان دەکرێ کە ئەوان لە داهاتوودا سڵ لەوەش نەکەنەوە کە هێزە سەربازییەکانیان لە کوردستانی عێراقدا بەکار بێنن. ئەمە دەکرێ ببێتە هۆی ڕوودانی شەڕێکیتر.

بەداخەوە ئێمە خەریکە باوەڕمان بە بەڵێنی حکوومەتەکانی بریتانیاو ئەمریکا لە دەستی دەدەین کە بە قازانجی کوردەکان بجووڵێنەوە. بەتایبەتی ئەوە جێگای نیگەرانییە کە لەوانەیە سیستمێك بەسەر کوردەکاندا بسەپێندرێ کە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوانو بە پێچەوانەی بەرژەوەندیو ئاسوودەیی ئەوان بێ.

ئێمە داواتان لێ دەکەین کە فشار بخەنە سەر حکوومەتە دراوسێکان کە واز لە دەستێوەردان لە کوردستانو کاروباری عێراقدا بێننو هەڵوێستێکی بێلایەنیان لە مەسەلەکەدا هەبێ.

لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە ئێوە دەکەین کە مەسەلەی داهاتووی کوردەکان بخەنە بەردەستی کومیتەی پەیوەندیدار بە UNو ئەگەر پێویست بوو ئەنجومەنی ئاسایش، کە ئەوان بتوانن لە مەسەلەکە بکۆڵنەوەو بگەنە چارەسەرێکی دادپەروەرانە.

❋❋❋

# کێشەی ڕەوایی‌و ژێرخانەکانی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

**ڕامبۆد لوتف‌پووری**

وەرگرتنی دەروونیی هەر دەسەڵاتێ لەلایەن خەڵکەوەو لێکدانەوەو بۆچونی پۆزەتیڤی ئەوان سەبارەت بەو دەسەڵاتە کە بە پێی بەها باوەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە ئەنجام دەگا، یەکێ لە گرینگترین‌و سەرەکی‌ترین پەرۆشی‌یەکانی هەموو دەسەڵاتێکە، تەنانەت دەسەڵاتە ئایدۆلۆژی‌یەکانیش کە بانگەشە بۆ هێندێ بەهاو نۆرمی جێگیرو نەگۆڕ دەکەن، لەو ڕێسایە جیا ناکرێنەوە، بە واتایەکی دیکە ئەو پەرۆشی‌یە، پەرۆشی ڕەوایی‌و مەشروعییەتی ئەو دەسەڵاتەیە.

ڕەوایی ئەو پشتیوانی‌یەیە کە لەلایەن جەماوەرەوە دەبەخشرێتە نیزامی سیاسی‌و ڕۆڵگەلی ئەو نیزامە، ئەو چەشنە پشتیوانی‌یە مافێکی ئەخلاقیی فرمانڕەوایی‌کردن بە دەسەڵاتدارانی دەبەخشێ، پشتیوانی‌یەکی ئەوتۆ دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات لەگەڵ بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە، چونکە لە ڕاستی‌دا پێوەری خەڵك‌و کۆمەڵگا بۆ بە ڕەوا زانین‌و پشتگیری‌کردنی هەر دەسەڵاتێ لەسەر بنچینەی گونجانی پێکهاتەی ئەو دسەڵاتە لەگەڵ بەها باوەکانی کۆمەڵگا دانراوە.

کەوابوو بابەتی ڕەوایی سیاسی ئاماژە بەو بەڵگانەی دەکا کە لە لایەك دەسەڵاتداران لەسەر بناغەی ئەوان، ڕەوایی بە دەسەڵاتەکەیان دەدەن‌و لە لایەکی دیکەوە خەڵکیش بەو بۆنەوە دان بەو ڕەوایی‌یە دا دەنێن.

**جۆرەکانی ڕەوایی:**

بەپێی بۆچونی "ماکس وێبێر" سێ جۆر ڕەوایی لە نیزامە سیاسی‌یەکاندا بەدی دەکرێن، کە هەر کامیان پێڕەوی لە گوتارێکی تایبەت دەکەن کە لەو سەردەمەدا هێژمۆنی بەسەر کەش‌وهەوای سیاسیی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە.

١ــ **ڕەوایی سوننەتی:** لەسەر بناغەی هێندێ بنەماو پڕەنسیپ (بەها) دامەزراوە کە خەڵك وردە وردەو بە تێپەڕبوونی زەمان پێی ڕاهاتوون‌و مافی دەسەڵاتدارێتیان دەدەنێ (وەك دەسەڵاتی بنەماڵە، عەشیرە یا توێژێکی تایبەت)

٢ـ **ڕەوایی کاریزماتیك:** لەو هەست‌و سۆزەوە سەرچاوە دەگرێ کە خەڵك بە بۆنەی کەسایەتیی سەرنجڕاکێش‌و تایبەتیی فەرمانڕەواوە ئاراستەی دەکەن‌و کردەوەکانی بەڕەوا دەزانن، ڕەوایی کاریزماتیك بە جۆرێکی تایبەت، لە ڕەوایی سوونەتی دەژمێردرێ.

٣ـ **ڕەوایی عەقڵانی یا قانوونی:** بەپێی ئەم جۆرە ڕەوایی‌یە، دەسەڵاتداران ڕەوایی خۆیان لە هێندێ فاکتەرو بنەمای عەقڵانی یا قانوونی‌یەوە بە دەست دێنن‌و بە لادانیان لەو قانوون‌و پڕەنسیپانە ڕەوایی خۆیان لە دەست دەدەن.

**بنەماکانی ڕەوایی**
**لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا**

بە پێی ئەو پێناسانەی کە بۆ ڕەوایی‌و جۆرەکانی کردمان، دەکرێ ڕەوتی ڕەوایی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە سێ سەردەمی جیاوازدا بخەینە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو باسە، پێویستە ئاماژەیەك بە گوتاری هێژمۆنیکی ئەم سەردەمە بکرێ کە سەرچاوەی بوون یا نەمانی ڕەوایی ئەو نیزامەیە.

**گوتاری سوننەت گەرایی ئایدۆلۆژیك:**

ئەم گوتارە ڕێبازی ئیسلام‌و دەستوورەکانی وەك تەنیا ڕێگاچارەی کێشەکانی کۆمەڵگاو سەردەمی مۆدێڕن پێناسە دەکاو گەڕانەوە بۆ بنچینەکانی ئایینی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی گۆمەڵگادا پێڕەو دەکا. ئەم گوتارە کە پێکهاتەکەی بریتی‌یە لە:

١ـ بیردۆزیی سیاسیی شێعە، ٢ـ هێندێك لە لایەنەکانی پاتریمۆنیالیسمی سوننەتی، ٣ــ هێندێك دەسکەوتی مۆدێڕن وەك (پارلمانتاریسم‌و هەڵبژاردن)، ٤ــ دێموکراسی‌یەکی ڕواڵەتی‌و دێموکراسی سووری)، ٥ـ ئۆتۆریتەی کاریزمایی، بە هەموو شێوەیەك جەخت لەسەر هێندێ بنەماو پڕەنسیپ وەك، ڕێبەریی، دیسیپلین‌و ڕاگرتنی کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی، بەها سوننەتی‌یەکان، بژاردەخوازیی سیاسی‌و کۆنترۆڵی کەلتووری دەکا کە دەستەبەری دەسەڵاتەکەی دەکەن‌و لە هەمان کاتیش‌دا دژایەتیی زۆربەی بنەماکانی شارستانییەت‌و کەلتووری ڕۆژئاوایی وەك، پلۆرالیسم، کۆمەڵگای شارستانی، لیبرالسیم، سوننەتی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاواو ناسیۆنالیسم دەکاو وەك مەترسی‌یەك بۆ سەر دەسەڵات‌و بەهاکانی خۆی چاویان لێ‌دەکا، چونکە ئەم گوتارە بەدوای پەروەردەکردنی هاوولاتیی گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەرو پێڕەوی ئۆتۆریتەی ڕێبەرو سوننەت‌و بەها ئیسلامی‌یەکانە،

> **ناتەبایی نێوان گوتارو داخوازەکانی خەڵکی ئێران‌و گوتارو ویستەکانی ڕێژیم، هێندێ ناتەبایی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی،وەك: ناتەبایی نێوان ئیسلام‌و سێکۆلاریسم، سوننەتگەرایی‌و مۆدێڕنیزم، ناتەبایی نێوان قانوونگەرایی لەگەڵ پاوانخوازی‌و دەسەڵاتخوازیی ڕەهاو. . .پێك‌هێناوە کە سەرچاوەی سەرەکی قەیرانی ڕەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن**

کەوابوو، ئەم بێدەنگی‌و فەرمانبەری‌و پاسیڤبوونەی کە پەرەی پێ‌دەدا، لەگەڵ گیانی ڕەخنەگری، ململانێی ڕامان، پلورالیزم‌و دێموکراسیی ڕۆژئاوایی، ناگونجێ‌و یەك ناگرێتەوە، بەگشتی ئاوات‌و بەرهەمی ئەم گوتارە کۆمەڵگایەکی تودەیی‌و نیزامێکی داخراوە کە هیچ چەشنە ململانێ‌یەکی دێموکراتیکی تێ‌دا بەدی ناکرێ.

بنەماکانی ڕەوایی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە گشتی لەسەر بنچینەی ئەم گوتارە دامەزراوەو لە چوارچێوەیەکی ئەوتۆدا گەشەی کردوە، گۆڕانی بە سەردا هاتووەو لە ئاکامیش‌دا تووشی قەیران بووە.

بەپێی یاسای بنەڕەتی ئێران، کۆماری ئیسلامی، سێ بنچینەی ڕەوایی هەیە:

یەکەم: ڕەوایی کاریزماتیك ـ تیۆکراتیك (نیهادی ویلایەتی فەقیه)

دووهەم: ڕەوایی سوننەتی ـ ئایینی (شووڕای نیگاهبان)

سێهەم: ڕەوایی قانوونی ـ دێموکراتیك (مەجلیس، نیهادی سەرکۆماری‌و شووراکان)

هیژمۆنی هەر کام لەم ڕەوایی‌گەلە لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، هیژمۆنیی جۆری ئۆتۆریتەو شێوازێکی تایبەت لە بەشداری لە دەسەڵاتیشی لەگەڵ بووە.

لە ساڵەکانی ١٣٥٧ هەتا ١٣٦٨، خومەینی وەك کەسایەتی‌یەکی ئایینی کە ڕێبەرایەتیی بەشێ لە هێزەکانی شۆڕشی کردوە، خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی کاریزماتیك بوو، بە چەشنێ کە ببوو بە تەوەری دەسەڵات لە ئێرانداو دانی هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکان بە دەست ئەو بوو، هەبوونی کەسایەتی‌یەکی وا لە لووتکەی هێرەمی دەسەڵاتدا، ڕەوایی‌یەکی کاریزماتیکی بە کۆماری ئیسلامی دابوو. لەم سەردەمەدا، شێوازی بەشداریی خەڵك لە دەسەڵاتدا بە شێوەی بەسیجی توودەیی بوو، مەستی‌و خۆشحاڵیی سەرکەوتنی شۆڕش‌و هەڵایسانی شەڕی ئێران ـ عێراق، ببووە هۆی ئەوەی کە هەستێکی خەست بەسەر ئاگایی سیاسیی کۆمەڵگادا زاڵ ببێ، ئەگەرچی ڕێژیم لەلایەن هێندێ حیزب‌و لایەنی دیکە وەك چەپەکان‌و ناسیۆنالیستەکان کە دەسەڵاتی ئایینیان قبووڵ نەدەکرد یا ئایینی‌یە نیشتمانگەراکان کە ویلایەتی فەقیهیان قبووڵ نەبوو، یا کەمینە نەتەوەیی‌یەکان کە داوای مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دەکرد، تووشی کێشە ببوو، بەڵام بە گشتی پشتیوانی‌و لایەنگری کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ بوو. ئەگەرچی ئۆتۆریتەی خومەینی ببووە هۆی دزەو هێژمۆنی توێژی ڕووحانی لە دەسەڵاتداو وردە وردە توانیبویان زۆربەی توێژو لایەنەکانی دژی خۆیان لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئۆتۆریتەی کاریزماتیك بە کەسایەتی‌یەکی تایبەتەوە بەستراوەتەوەو لە گۆڕاندایە، ناتوانێ لە دەوڵەتێکی مۆدێڕندا ببێتە بناغەی دامەزرانی نیزام‌و جێگیربوون‌و بەردەوامبوونی یەکیەتیی بە کۆمەڵ دەستەبەر بکا، پاش مردنی خومەینی، کەس نەیتوانی ئەو کەسایەتی‌یە کاریزماتیکەی هەبێ‌و وردە وردە ئەم جۆرە ڕەوایی‌یە کاریگەریی خۆی لەدەست دا، بەڵام، ئەو ئۆلیگارشی‌یە ئایینی‌یەی کە لە ژێر سێبەری ئۆتۆریتەی خومەینی‌دا پێك هاتبوو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت‌و بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی تایبەتی کردنەوەو پەرەدان بە سەرمایەداریی بازرگانی بواری گۆڕانی بەهاکانی کۆمەڵگای پێك‌هێناو بنەمای کاریزماتیك‌و بەسیجگەرایانەی ڕێژیم ئەوەندەی دیکە لاواز کرا.

بۆیە لە ساڵەکانی ١٣٦٨ هەتا ١٣٧٦، ڕێژیم سەرەڕای پەرەسەندنی نارەزایی خەڵك‌و هەروەها کێشەی لەگەڵ هێندێ لە لایەنەکانی نێودەسەڵات‌و دەرەوەی دەسەڵات، ڕەوایی‌یەکی لە جۆری سوننەتی‌و ئایینی وەدەست هێنابوو. لەم سەردەمەدا، شووڕای نیگاهبان هێمای بەرچاوی ئۆتۆریتە بوو، دەسەڵات لە پاوانی ئۆلیگارشی ئاخوندەکان دابووەو بەشداریی خەڵکیش لە دەسەڵاتدا زۆر بەرتەسك کرابۆوەو تەنیا لە ڕێگای هێندێ گرووپی خاوەن نفووزەوە ئیمکانی هەبوو.

بەڕێوەبردنی سیاسەتی تایبەتی کردنەوەو پەرەدان بە سەرمایەداریی بازرگانی، تا ڕادەیەك ڕەوتی قانوونگەرایی‌و دێموکراسیخوازی لە کۆمەڵگادا بەهێز کردبوو، لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی جیهانیبوونەوەو زەختی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەر ڕێژیم، ئەوەندەی دیکە ئەم ڕەوتەی بەرەوپێش برد، بۆیە دیسانەوە بەهاکانی خەڵك گۆڕانیان بەسەردا دەهات‌و سەرلەنوێ پێناسە دەکران، هێندێ خوێندنەوەی نوێ‌و دێموکراتیك‌تر لە ئیسلام‌و دەسەڵاتی ئیسلامی هاتنە ئاراوە، لەم هەلومەرجەدا هێندێ لەو لایەنانەش کە لە ساڵەکانی ٦٨و ٦٩ بەو لاوە لە دەسەڵات بێ‌بەری کرابوون، لە ساڵی ١٣٧٦دا ئەم هەلەیان قۆستەوەو بە هەڵگرتنی دروشمی ڕیفۆرمخوازی‌و لایەنگری لە کۆمەڵگای شارستانی‌یەوە، توانییان بەشێ لە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، بەڵام، دواتر دەرکەوت کە ئەم لایەنانە لە هەڵگرتنی ئەو دروشمانەدا نیازپاك‌و ڕاست نین‌و تەنیا بۆ بەلاڕێدا بردنی ئەو ڕەوت‌و بزووتنەوە ڕاستەقینەیەی خەڵکی ئێران‌و بە دەست هێنانەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە ماوەیەك بوو لە دەستیان‌دابوو، ئەم ڕێگایەیان گرتۆتە بەر، سەرەڕای ئەم ڕاستی‌یە بەشداریی چالاکانەی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦و مەجلیسی شەشەم، نیشانی‌دا کە گیانێکی تازە وەبەر ڕێژیمدا کراوەتەوە. بەڵام، لەبەر چەن هۆکارێ ئەم جۆرە ڕەوایی‌یە بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنی دووهەمین جاری خاتەمی بۆ سەرکۆماری، دیسان کەوتە ژێر پرسیارو تووشی قەیران بۆوە:

١ـ تایبەتمەندیی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیك، کە بە بۆنەی خۆبەستنەوە بە هێندێ بەهای جێگیرو نەگۆڕەوە، توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵ کە بەردەوام لە گۆڕاندان، نیە.

٢ـ هەبوونی بەشی سەرەکیی دەسەڵات لە دەست پاوانخوازەکان‌و سوننەتگەراکاندا، کە بە دەنگی خەڵك هەڵنەبژێردرابوون.

٣ـ نزیك‌بوونەوەی لایەنگرانی ئۆتۆریتەی کاریزماتیك‌و سوننەتی، بۆ پێشگرتن بەئۆتۆریتەی عەقڵانی‌و قانوونی، بۆ ئەم مەبەستەش جەختێکی سەرلەنوێ لەسەر ئۆتۆریتەی کاریزمایی ڕێبەر (ویلایەتی ڕەهای فەقیه) کرایەوەو خوێندنەوەیەکی دەمارگرژانەو نادێموکراتیك‌تریان لێ هێنایە ئاراوە، کە مەودای بەشداریی خەڵکی لە دەسەڵاتدا زۆر بەرتەسکتر کردەوە.

٤ــ سوور نەبوونی ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات لەسەر جێبەجێ کردنی دروشمەکانیان‌و بەرگری نەکردنیان لەو بەشەی ڕیفۆرمخوازان کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بوون.

٥ـ بە بنبەست گەیشتنی ڕەوتی گۆڕان لە سیستەمی دەسەڵاتی ئێراندا، بە هۆی بەرەوڕووبوون لەگەڵ هێندێ بەربەستی یاسای بنەڕەتی‌دا کە ڕێیان لە ڕیفۆرمخوازان گرتوەو ڕێگایان بۆ پاوانخوازان کردۆتەوەو بەگشتی خەڵکیان لە ئاستی ئەو پرۆسەیە ناهۆمیدو خەمسارد کردوە.

پاش ئەوەی کە گوتاری دێموکراتیك وەك ئالترناتیڤی گوتاری سوننەتگەرای ئایدۆلۆژیك لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا سەری هەڵداو پەرەی ئەستاند، لەگەڵ بەرگری‌و بەرخۆدانی نوێنەرانی گوتاری هێژمۆنیك بەرەوڕوو بۆوە کە لە ئامرازی دەسەڵات‌و دەمارگرژی بۆ پاراستن‌و داکۆکی لە خۆیان کەڵکیان وەردەگرت، بۆیە تێکچڕژان، ناتەبایی‌و دژایەتیی ئەم سێ سەرچاوەی ئۆتۆریتە، بە تایبەت ئۆتۆریتەی دێموکراتیك لەگەڵ ئەوانی دیکەو سەرکەوتوو نەبوونی پێویستی هیچیان، بۆتە هۆی جێگیرنەبوون‌و ناسەقامگیریی سیاسی، دروستبوونی جیاوازی‌و دژایەتی سەبارەت بە شێوازی چالاکی‌و بەشداریی سیاسی، لە ئاکامدا قەیرانی ڕەوایی پێك‌هێناوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە توانای چاکسازی‌و دەرەتانی گۆڕانی تێ‌دا نیەو یاسا بنەڕەتی‌یەکەی دەرکەی هەموو چەشنە ڕیفۆرم‌و گۆڕانێکی بنەڕەتیی داخستوە، ڕەوایی خۆی لە دەست داوەو لە قەیرانێکی گەورەدا بەسەر دەبا، بە شێوەیەك کە ناچارە لە بۆنە تایبەتی‌و سیاسی‌یەکاندا بە زۆرو هەڕەشەو گورەشە، خەڵك ناچار بە هاوکاری‌و بەشداری بکا.

ڕۆحی مەرایی‌و سەرەڕۆیی گەشەی کردوە، میکانیزمی ڕاگەیاندن‌و زانیاریدان لە ڕاستی‌یەکان‌و کۆمەڵگاوە بۆ سەرێ گەندەڵ‌و شێواوەو. . . .

لە ئاکامدا ناتەبایی نێوان گوتارو داخوازەکانی خەڵکی ئێران‌و گوتارو ویستەکانی ڕێژیم، هێندێ ناتەبایی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی،وەك: ناتەبایی نێوان ئیسلام‌و سێکۆلاریسم، سوننەتگەرایی‌و مۆدێڕنیزم، ناتەبایی نێوان قانوونگەرایی لەگەڵ پاوانخوازی‌و دەسەڵاتخوازیی ڕەهاو. . .پێك‌هێناوە کە سەرچاوەی سەرەکی قەیرانی ڕەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، ئەم ناتەبایی‌یەی نێوان ئەندێشەو بۆچوون‌و خواستەکانی خەڵك‌و ئەندێشەو بۆچوونی زاڵ بەسەر دەسەڵاتدا، گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕێژیم ناتوانێ خۆی لەگەڵ ویستەکانی خەڵکدا بگونجێنێ یا فریویان بدا، هەر بەم بۆنەوە ناچارە بۆ سەپاندن‌و بە ئاکام گەیاندنی بچووکترین‌و ساکارترین بەشی سیاسەتەکانی لە ئامرازی زۆرو هەڕەشەو تەماع وەبەرنان کەڵك وەربگرێ.

❊❊❊

# چالاکیی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## ئوستڕالیا

### چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو "Chris Galls"

ڕۆژی پێنج شەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب‌و کۆمەڵەی کورد لە "ئادلەید" پێکهاتوو لە هاوڕێیان زاهید کەریمی، محەممەد هاشمی‌و خالید پەردەدار، لەگەڵ خاتوو "Chris Galls"، ئەندامی پارلمانی فیدراڵ‌و سکرتێری پارلمان‌و وەزیری دەرەوەی ئوستڕالیا کۆبوونەوە. لەو دانیشتنەدا نامەی سکرتێری گشتیی حیزبیان سەبارەت بە چارەنووسی ٦ تێکۆشەری حیزب پێشکەش کردو هەروەها کۆمەڵێك باسی جۆراوجۆریان لەسەر کێشەی کوردو هەلومەرجی ئێستای ناوچەو کوردستان هێنایە گۆڕێ‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کردن.

لە کۆتایی‌دا خاتوو "Chris" ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە ڕاگەیاندو دووپاتی کردەوە کە لە داهاتووش‌دا درێژە بەو کۆبوونەوانە بدەن‌و هاوکاری‌یەکی نزیکتری دەگەڵ دابمەزرێ.

## بریتانیا

### کۆبوونەوەی ئەندامانی کومیتەی بریتانیا

لە ڕێکەوتی ١١ی فێوریەی ٢٠٠٤، کۆبونەوەیەك پێك‌هاتوو لە ئەندامانی کومیتەی بریتانیاو بەشێك لە ئەندامانی حیزب گیرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا لەلایەن بەرپرسی کومیتەوە ڕاپۆرتێك لەسەر کارو تێکۆشانی حیزب لەم وڵاتەو چالاکیەکانی کومیتە باس کرا، هەروەها داوا کرا لە هاوڕێیانی حیزبی کە زیاتر بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاری حیزبی چالاك بن‌و هاوکاری زیاتری کومیتە بکەن.

لەم کۆبوونەوەیە بڕیار درا کە ٢ مانگ جارێك کۆبوونەوەی تەشکیلاتی بگیرێ‌و هەروەها داوا کرا کە سکرتێری حیزب کاتی هاتنیان بۆ بریتانیا کاتی زیاتر دابنێ بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە.

## دانمارك

### بەڕێوەچوونی سمینارێك لەسەر مافی نەتەوایەتی لە ئێراندا

ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەهاوکاری چەند کەسایەتیی نەتەوەیی ئێرانی لە دەرەوەو پارلمانی دانمارك، سمینارێك بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزب ـ کۆمیتەی سوئێدو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ـ دانمارك‌و بەشێکی بەرچاو لەو حیزب‌و ڕێکخراوە ناوچەیی‌یانە کە لەنێو خۆیاندا تێکۆشانی نەتەوەیی‌یان هەیە، بەمەبەستی باسکردن لەسەر کێشەی نەتەوایەتی‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەڕێوەچوو.

لە بەشی یەکەمی سمینارەکەدا، هاوڕێ سەعید سوڵتانپوور پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش کرد. پاشان سمینارەکە درێژەی بە کارەکانی خۆی دا. لە بەشی ئانتراکتی سمینارەکەدا، هەیئەتی حیزب لەگەڵ دوو نوێنەری پارلمانی دانمارك، کۆبۆوەو هەروەها پاشان چاویان بە خاتوو لیندل "Lindell" نوێنەری ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەیی‌و دوای ئەویش بە ئاغای "نیلسن لوندس وال"، نوێنەری حیزبی سوسیالیستی گەل لە دانمارك‌و ئەندامی کۆمیتەی هەواڵدەریی دانمارك‌و، بەڕێز "بەهرام ئەتابی" نوێنەری مودراتەکان‌و ئەندامی پارلمانی سوئێد کەوت. شایانی باسە سەرجەم باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان لە کۆبوونەوەکاندا لەسەر مافی نەتەوایەتی لە ئێران بوون.

بەشی دووهەمی سمینارەکەش تەرخان کرابوو بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان. شایانی باسە لەو بەشەش‌دا کۆمەڵێك باس‌و لێدوانی بەربڵاو لەو پێوەندی‌یەدا هاتنە گۆڕێ.

❊❊❊

# بونیادگەرایی و تیرۆریزم، دوو بنەمای سەرەکیی کۆماری ئیسلامی

عەولا بەهرامی

پێشەکی:

**بونیادگەرایی وەك ماهییەتو ناسنامەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێرانو تیرۆریزم وەك میتۆدێکی تایبەتو بەستراو بە ماهییەتو کرداری بونیادگەرایی بە گشتی، دوو تایبەتمەندیی زەقو لە هەمان کاتیشدا پێکەوە بەستراون کە ڕەنگدانەوەیەکی تەواویان بە چارەکە سەدەیەك لە مێژووی ئێرانو دەسەڵاتدارەتیی ئەم برگە مێژووییەی ئێرانەوە هەبووە. مێژووی ئەم چارەکە سەدەیەی ئێران، مێژوویەك بووە کە لەودا کاراکتەری داسەپاوی بونیادگەرایی ئیسلامی ڕۆڵگێڕی سەرەکی بووە. ئەم کاراکتەرە لە نێوەڕۆکدا کاراکتەرێك بووە ئیدئۆلۆژیكو بناژۆ کە بەپێی ڕێسا بنەماییەکانو سروشتی تایبەت بەخۆی لە مێژوودا ئامادەیی نیشان داوەو مێژوویەك لە گۆڕانکاریی بەرەو ئاوەژووی خۆڵقاندوە.**

ئەم چەند دێڕە وەستانێکی پشوو کورتە بۆ نیشاندانی ئامادەییو ڕۆڵگێڕانی دەسەڵاتی بونیادگەرا ـ تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا:

(١)

هەروەك چۆن حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەیاڵگەی ئیسلامی سیاسیو بونیادگەراو ڕێبەرە بونیادگەراکە (خومەینی)یەوە سەرچاوەی گرتووە، بە هەمان شێوەش تیرۆریزم ئەو میتۆدە بووە کە بۆ نزیکبونەوەو گەیشتن بە ستراتیژییە کورتماوەو درێژماوەکانی ئەم حکومەتە وەك پێویستییەکی ژیانەکی بونیادگەرایی، لە هەمان خەیاڵگەوە چاوی لێکراوە، ڕەوایی پێ دراوەو بەکار هێنراوە. بۆیە بە لێبڕاوییەوە دەتوانین بڵێین چارەکە سەدەیەك تەمەنی ئەم حکومەتە لە لایەك بریتی بووە لە پراکتیزەکردنی ئیسلامی سیاسی لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگیدا چ لە ئاستی ئێرانو چ لە ئاستی وڵاتانی موسوڵمانن‌نشینو، لەلایەکی دیکەشەوە کەڵکوەرگرتن لە توانان مرۆیی، ئابووریو نیزامییەکانی ئێرانو تیرۆریزم بۆ پاراستنی ئەم دەوڵەتەو هەوڵدان بۆ ناردنەدەرەوەی بەهاکانی ئەم حکومەتە.

(٢)

لە ئاستی نێوخۆیی ئێراندا ئەم ڕێژیمە بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدو ئامرازە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتداری، لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کاری بۆ بە ئیسلامیکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی وڵات کردوە. پرۆژەی ئیسلامیکردن لەسەر شێوازی تایبەت بە مەزهەبی دەسەڵات، پرۆژەیەکی هەمەلایەنە بووە بۆ جێگیرکردنی بەهاو بایەخەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناخو هزری تاکەکانەوە تا دەگاتە فەرهەنگو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، یاسا، سیاستو ئابووریو لە ریشەدانی بەهاو نۆرمە جیاوازەکان. دیارە نابێ ئەم ڕاستییەش لەبیر بکرێ بۆ بەڕێوەبردنو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە تەنیا بە بەرنامە درێژخایەنە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەو سیاسییەکانی دەسەڵاتەوە قەناعەت نەکراوە، ڕێبەرانو توێژی بونیادگەرای دەوروبەریان بە پێی سروشتێك کە بونیادگەرایی پێی بەخشیون، لە میتۆدی وەك سەرکوت، زیندانیکردنو کوشتنو تیرۆری ئەوانەش سڵیان نەکردۆتەوە کە ملیان بۆ ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی ئەوان ڕانەکێشاوە، یان دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاندوە. واتە بونیادگەرایی لەم ئاستەشداو لەنێو دەسەڵاتیشدا تەنیا بە کارکردنی سیستماتیك بۆ گۆڕینی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە قازانجی خۆی ڕاناوەستێو وەك لە سروشتی دایە، دەبێ پەنابەرێتە بەر توندوتیژیو سەرکوتو تەنانەت تیرۆریش لە ئاستی نێوخۆدا، بە کەڵکوەرگرتن لە دامودەزگا ئیتلاعاتی، حکوومەتیو هێزە نیزامییەکانی. کەڵکوەرگرتن لەو میتۆدەش جیا لەوەی نیشانەیەکی دیاری بونیادگەرایی ئیسلامییە، نیشاندەری قووڵایی دوژمنایەتیی بونیادگەرا ئیسلامییەکانە لەگەڵ ئەوانی دیکەو بەگشتی هەر دەنگو ڕەنگێکی جیاواز لە کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بە شێوەیەکی دیکەو لە ئاستێکی دیکەدا چاو لە پرۆژەی ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە لە ئێراندا بکەین، دەبینین کە ئەو پرۆژەیە تەنیا پرۆژەیەکی فەرهەنگی یان ئایینیی تایبەت نەبووە. بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا پرۆژەیەك بووە بۆ دروستکردنی دەوڵەت ـ میللەتێك کە پێشتر دەوڵەتەکەی لە ئێران دروست کراوە (کۆماری ئیسلامیی ئێران). ئەوەش ئامانجە هەرە سەرەکییەکەی بونیادگەراییەو تەواوی هەوڵیشی ئەوەیە سنوورەکانی ئەم شێوە دەوڵەتە بەرفراوانتر بێ.

دەرەنجامەکانی کارکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم پرۆژەیە لە ئاستی نێوخۆدا بریتییە لە کارەساتێکی بەردەوامی چارەکەسەدەیی. کارەساتێك کە لە سەردەمی مۆدێرنداو بە ئامرازە مۆدێرنەکانو بە بەکارهێنانی هەموو تواناکانی دەوڵەتێك لەسەرە جەستەی وڵاتێکی فرەرەنگو فرەجۆرو فرەکەلتووردا پێك هاتووە. چونکە ئاساییترینو سەرەتاییترین هەنگاوەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ پتەوکردنی بناخەکانیو سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی، و هەروەها هێنانەدی ئیدئالەکانی، بریتی بووە لە سڕینەوەی فرەییەکان لە هەر کوێو لە هەر جۆرێك بووبن لە بۆتەی ئیدئۆلۆژیو دەسەڵاتی بونیادگەراداو، تێکدانی کەسایەتیو ناسنامە تاکەکەسی، نەتەوەییو کەلتوورییەکان، وەستاندنو تێك شکاندنی ڕەوتی پێشکەوتنە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیو زانستییەکان.

لایەنی هەرە کارەساتباری دەسەڵاتدارەتیو پرۆژەی ئەم دەسەڵاتە بۆ لە قاڵبدانی دانیشتووانی ئێران لە بۆتەی ئۆممەتی ئیسلامیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە مێژووییەی کە ئەم ڕێژیمە لەودا سەری هەڵداوەو دەسەڵاتی تێدا دەکا. ئەم شێوە حکومەتە لە سەردەمێکدا لە ئێران هاتە ئاراوە کە ئێران لە زۆر لایەنەوە بە تەواوی قۆناخی فیودالیتەی بەجێ هێشتبوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەموو دەرگاکانی بەڕووی جیهانی پێشکەوتووو پێشکەوتندا بکاتەوە. جیا لەمانە، هەم سەرەتاو هەمیش ئێستای دەسەڵاتدارەتیی بونیادگەرایی ئیسلامی لە ئێران لە سەردەمێکدا هەڵکەوتووە کە بە سەردەمی پێشکەوتنە خێراکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانداو هەروەها سەردەمی گەشەی پێناسەو ئازادییە تاکەکەسیو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان دەژمێردرێ. بەم پێیە بەدوور لە هەر چەشنە دوو دڵییەك دەتوانین بڵێین" گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بونیادگەرا ئیسلامییەکان لەئێران کوودەتایەکی ڕەش بوو لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێرانو لە هەمان کاتیشدا دابڕینی ئێرانو کۆمەڵگەی ئێران بوو لە هەستیارترین سەردەمی تا هەنووکەی مێژووی مرۆڤایەتی.

(٣)

بۆ ناسینەوەی ئەم ڕێژیمە لە دنیای دەرەوەداو بەتایبەت لەنێو دەوڵەتانی موسوڵمانن‌نشیندا، دیسان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ماهییەتو هەمان پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت ـ میللەت (ئۆممەت)ی بونیادگەرایی ئیسلامی کە یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕێژیمەیەو هەر لە ڕێگای ئەویشەوە شوێنپەنجەی تیرۆریستانەی ئەم ڕێژیمە بدۆزینەوە.

بونیادگەرایی ئیسلامی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمی وڵاتانی موسوڵمانن‌نشینو وەك دژکردەوەیەك لە بەرانبەر بە مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵگاکانی ئەم جۆرە وڵاتانە هاتە ئاراوە. ئەم ڕەوتە بەپێی بنەما فیکرییەکانی لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو بەشە لە نۆرمو بەها فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان دایە کە بەشێوەیەك لە دەسەڵاتە فیوداڵیو ئۆلیگاریشییەکاندا پارێزابوون، ئەمە لە ڕاستیدا یەکێك لەگرنگترین بنەماکانی کارکردنو تێکۆشانی ئەم جۆرە گرووپانەیە. هەر لەم پێوەندییەشدا بۆ دروستکردنی ئەو دۆخە خوازراوو ئیدئالییەیە کە ئەم گرووپانە لە دەوری ستراتیژیی گشتگیری دەوڵەت ـ میللەت (ئۆممەت)ی ئیسلامی، لە دەوری یەك کۆدەبنەوەو زۆرێك لە خاڵە جێگای ناکۆکییەکانیان وەلادەنێن.

لەم نێوەدا سروشتییە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش، وەك نموونەی پیادەکراوو خاوەن توانای ماددیو مەعنەوی لەم پێوەندییەدا، هەم وەك هاوپەیمانی دەرەجە یەك چاوی لێبکرێو هەمیش ئەو هەوڵ بدا بۆ چەسپاندنی ناوەندێتیو ڕێبەرایەتیی خۆی لەم بوارەدا، بێتە مەیدانەوە. ئەوە گرنگترینی ئەو عالقانەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ڕەوتو گرووپە بونیادگەرا ڕەنگاورەنگە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دیکەوە گرێ دەدا. کەواتە لێرەوە سروشتی دێتە بەرچاو کە ئەم ڕێژیمە جێپەنجەی لە پەروەردەو تەیارکردنی تاقمو گرووپە بونیادگەرا ئیسلامییەکاندا بە ڕوونی دیار بێو پێچەوانەی ئەم ئاکامگیرییە شتێکی دوور لە چاوەڕوانی بێ. چونکە قۆناخی دواتری ئەم هاوپەیمانێتییەش کارکردنە بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاریکراوەکانو بەرنگاربوونەوەی توندوتیژ لەگەڵ نەیاران (کە دیارە ئەوانیش نەیاری هاوبەشن).

لەم قۆناخە دایە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە یەکێك لە هەڵسووڕێنەرانو داڵدەدەرانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. هەر لە ئاکامی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانو تاقمو گرووپە تیرۆریستییەکانو هاوبەرەییان لە بەرانبەر دوژمنی هاوبەشیان دایە کە بۆ وێنە ڕایەڵکەکانی تیرۆریستیی حەماسو جیهادی ئیسلامی نەك کارئاسانی، بەڵکوو بەشداریی لە تیرۆری نەیارانی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەکەنو، کۆماری ئیسلامییش جیا لە پشتیوانیی ماددیی بەردەوام، لە ڕاگەیەنە گشتییەکانییەوە لە هەوڵی ڕەواییدان بە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم جۆرە تاقمانە دایەو بەردەوام پاکانەیان بۆ دەکا، یان وەك دەبینین لە کاناڵە دیپلۆماتیکییەکانی دەوڵەتەکەیەوە، بەردەوام لە هەوڵدا بووە تیرۆریستەگیراوەکانی ئەم گرووپانە بە ساتو سەودا لەگەڵ وڵاتە خاریجییەکانو ئیسرائیل، بە بارمتە ئیسرائیلیو ڕۆژئاواییەکان بگۆڕێتەوە. . .

(٤)

ئەگەر ڕووداوی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبر بووەتە گەورەترین نیشانەی تیرۆریزمی سەرچاوەگرتوو لە بونیادگەرایی ئیسلامیو، جیهانی ڕۆژئاوای بە تەواوی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ بە شێوەیەکی جیاواز ـ لەبەر لەم ڕووداوە سامناکە ـ بڕوانێتە دیاردەی بونیادگەراییو گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. ئەگەر سامناکیو ئاستی تەنینەوەی ئەم کارە تیرۆریستییە وای کرد کە دنیای پێشکەوتوو هەست بە قووڵایی دوژمنایەتیی ئەم لایەنانەی ئەنجامدەرو پشتگری ئەو کردەوە تیرۆریستییەن، لەگەڵ شارستانەتیو پێشکەوتن بکا، لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییش ئەم ڕاستییە ڕوونتر خۆی دەرخست کە، یەکەم: بونیادگەرایی ڕەوتێکە لە بەرانبەر پێشکەوتنە هەمەلایەنەکانی مرۆڤایەتیو دنیای پێشکەوتوو (ڕۆژئاوا وەك نموونەی دیار لەم بارەیەوە) سەنگەری گرتووەو لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی دژی مرۆییو دژی ئەخلاقی ناپرینگێتەوە، دووهەم: یەکەمین هەنگاوەکان بۆ خێراترکردنی پرۆسەی پێشکەوتنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بریتییە لە شەڕی هەمەلایەنە لەگەڵ تیرۆریزمو سەرچاوەکەی واتە بونیادگەرایی ئیسلامیو جێگیرکردنی دێموکراسی.

ئەوەش لەڕاستیدا خاڵێکی گرنگە کە دەتوانین لە ڕێگای ئەویشەوە ڕاستییە تاڵەکانی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتدرەتیی بونیادگەرا ـ تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بخەینە ڕوو.

✻ ✻ ✻

# هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ قەیرانەکانی کۆمەڵگادا

ئەیوب شەهابی‌راد

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی وردو بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرو ستانداردە باوو یاسا پەسندکراوەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنو پێشکەوتووەکانەوە، کۆمەڵگەی ئێران ـ بە واتای ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیەك کە خاوەنی کۆی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە کۆمەڵگەیەك لەم سەردەمەدا هەیەتی ـ هەڵسەنگێنینو لێی بکۆڵینەوە، هەبوونو دەرکەوتنی هێندێك گرفتو کێشەی کۆمەڵایەتی لە ڕەهەندی جیاوازو سنووورداری وەك شێراویو گونجاویی ڕەفتاری ـ کۆمەڵایەتی، کێشە ئابوورییەکانی وەك بێکاریو نرخ ئاوسان تا ڕادەیەك مەنتقیو چاوەڕوانکراو دێنە بەرچاو، دیارە ئەگەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و بەردەوامو هەروەها پێشگیرییەکی حکوومەتی لە پشت پەردەوە، لە هەوڵی چارەسەرکردنیان دابێ، بەڵام ئاوردانەوەیەکی گشتی لە بارودۆخی ئێران، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئێران لە نێو یەکێك لە قەیرانیترین دەورەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدایە. قەیرانێکی بەربڵاوو قووڵ کە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی تەنیوە، تا ئەم قەیرانانەش بەردەوام بن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاکامی خراپو زیانی قەرەبوو نەکراوی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵ بە دواوە دەبێ.

ئێستا کە، بارودۆخی ئێران لە ڕووی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پەرەسەندنی پێوەندییەکانو زانیارییەکان، گەشەکردنی سیاسیو ئابووری، لە هەرچەشنە سیستمێکی ئاشکراو هەمە لایەنەو یەکپارچە بێبەشە. هەر لەو ڕووەوە وێڕای قەیرانەکانی نێوکۆمەڵ، ئەوڕۆ بە سەرنجدان بە گۆڕانکاریو پێشکەوتنە بەرچاوەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە ئاستی نێونەتەوەییو نەتەوەیی لەلایەكو لاوازیو ناشارەزایی پێکهاتەی ڕێژیم لەلایەکی دیکەوە، وڵاتی لەگەڵ قەیرانی جیددی ڕووبەڕوو کردۆتەوە، ئەگەر لە ئاستێکی فراواندا هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدرێو کاریگەرییە سیاسییەکانیان لەسەر کۆمەڵ کەم نەکرێتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا هەلومەرجێکی شێواو بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرۆکی وڵاتەکەمان دەگرێ. چونکە هەموو فاکتەرەکان ئاماژە بە دەرکەوتنی بێوێنەی پچڕانو لێك ترازانی شیرازە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی گرنگترینو بەربڵاوترین ئەو قەیرانانەی کە ئەوڕۆ کۆمەڵی ئێران لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا دەستو پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکا، لە چەند نموونەیەکدا کورت دەکەینەوە:

ـ چەقینی پرۆسەی تێپەڕبوون لە



کۆمەڵێکی سوننەتی بۆ کۆمەڵێکی مۆدێرن، کە زیاتر لە سەد ساڵ درێژەی هەبووەو بەشێکی گەورەی سەرمایەی مرۆییو کۆمەڵایەتیو دەرفەتی پەرەستاندنی کۆمەڵایەتیو ئابووری نەوەکانی پێشووی تا ئێستا بەفیڕۆ داوە. بە زیاتر پەرەسەندنی ئەو مەسەلەیە لە ساڵانی دوای شۆڕشو هاتنە سەرکاری حکوومەتی کۆماری ئیسلامیو هەروەها لەبەر نەبوونی سیستمێکی زانستی سەردەمیانەو سەرهەڵدانی قەیرانگەلێك لە ئاکامی ڕاوەستانی ئەو پرۆسەیەو هەلومەرجی تایبەتیی دوای شۆڕشو شەڕو هەڵسووکەوتە درۆشمخوازیو ئیدئولۆژییەکانی ڕێژیم، بوو بە سەرچاوەی پێکهاتنی کۆمەڵێك گیروگرفتو کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری وەك گەندەڵی کارگێڕی (فەسادی ئیداری)، بێسەروبەرەیی، تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی تەندروستیو سلامەتیی تاکەکەسیو نەمانی بڕوای خەڵك بە دەوڵەت، کە ئەنجامەکەی بەردەوامبوونی یەکلایەنەی پێکهاتەیەکی ئیستبدادی بووە لە وڵاتدا.

ـ بەشێکی زۆری دانیشتوانی وڵات لە ژێر خەتی هەژاریدا دەژین، ئەوەش لە ئاکامی بەرینتر بوونی کەلێنی نێوان چینەکانو هەژاربوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری تاکەکانی کۆمەڵو دوو جەمسەربوونی چینەکانی کۆمەڵو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پلە بە پلەی چینی نێوەندی شارنشین لە درێژەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدایە. دابەشکردنی نایەکسانی سامان لەنێو دەستەو تاقمی دەوڵەتی لەلایەكو توانای سوودمەندبوونی تاقمێکی تازە پێداکەوتووی دەورانی ڕێژیم بەسەر هێندیك ئیمتیازو دەرفەتی نایاسایی ئابووریو داراییو زیادبوونی توانای داراییو سامان وەسەریەکنانی ئەفسانەییو چاوەڕوان نەکراوی ئەو توێژە، لە پاوانخوازیو بەتاڵانبردنی داهاتی میللەتەوە سەرچاوە دەگرێو بوەتە مایەی پەرەسەندنی هەمەلایەنەی هەژاریی ڕەها (موتلەق)و ڕێژەیی پێك گونجانی لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵدا. تەنانەت ژیان، بژێوی، ئابووریی تاکەکانو بنەماڵەکانیشی خستەتە مەترسییەوە.

ـ چارەنووسو مافی ژیانی خەڵك لەلایەن چەندسەد کەسێکەوە مۆنۆپۆل کراوە، کە چەکڵدانەیان هێندە چووکەیە، کەمترین هەوڵیان بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات پێهەرس ناکرێو کەڵك لە ئامرازەکانی سەرکوتکردنی وەك دەسەڵاتی دادوەریکردن (قوه قضائیە)، هێزی ئینتزامیو بەسیج بۆ جێگرکردنی دەسەڵاتەکەیان وەردەگرن، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بوێرانە پەردە لە ڕووی کردەوە دزێوەکانی مافیاکانی هێزو سامان هەڵدەماڵن، ئەو خوێندکارانەی کە هیچ گوناهێکیان نیە بێجگە لە خوازیاربوونی داهاتوویەکی ڕووناکترو ئازادتر، ئەو پارێزەرانەی کە بەپێی یاسا لە مافی قوربانییەکانی بەکرێگیراوانی حکوومەت پشتیوانی دەکەنو لە گۆشەی زیندان پەستێنراون، بە پێچەوانەش کەسانێك کە بە ڕۆژی ڕووناك تیرۆرو جینایەتیان ئەنجام داوە، ئازادنو لە دژایەتیکردنی مافەکانی خەڵکدا بەردەوامن. هەروەها پۆستەکانی دەوڵەتی چ هەڵبژێردراوو چ دانراو، لە پاوانی کەسانێکدایە کە ئەو سیستمە لە ڕادەبەدەر ناعادنەیە، ناخەنە ژێر پرسیارو لە بەرامبەردا جۆرە ئیلتیزامێکی کردەکییان لە بەرامبەریدا هەیە.

ـــ قەیرانە کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵدا، لە زیادبووندان، ئیعتیاد، فەحشا، دزی، نەخۆشییەکانی، وەك ئیدز، گەڕووی کۆمەڵ دەگوشن، ئاماری خۆکوژی ساڵ لەدوای ساڵ زیاد دەکا، هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە، هەروەك نموونەیەکی سەرەتایی چنگیان لە جەستەی ئێران گیرکردوە.

بە سەرنجدان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ، لە کاتێکدا کە کارەساتێك بە درێژی ٢٥ ساڵ وەك مۆتەکەیەك سێبەری بەسەر پێکهاتەی وڵاتدا کێشاوە. ڕێژیم لە هیچکاتو لە هیچ مەوردێکدا ئامادە نیە ئامارو ژمارەی ڕاستەقینەو قووڵایی ئەو کارەساتە ئاشکرا بکا، ئەگەر جاروبار لە تریبۆنە ڕەسمیو نارەسمییەکان شاهیدی دان پێدانانی ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ڕێژیم لەبارەی قەیرانو کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبین، دیارە بە

بۆ لاپەڕەی ١٣

# تێپەڕین لە خامەنەیی

## کۆنەپارێزەکان، دروشمی ڕیفۆرمخوازان بە قازانجی خۆیان دەقۆزنەوە

حامید. ش

ئەوکاتەی سەید عەلی خامەنەیی ڕێبەری دەزگای ویلایەت، لە دوایین لێدوانی ڕەسمیی خۆیدا، کە پێوەندیی بە مەسەلەی ڕەدی سەلاحییەتی کاندیدەکانی دەورەی حەوتەمی پارلەمانی ئێرانو مانگرتنی هێندێك لە نوێنەرانی پارلەمانی شەشەمەوە هەبوو، ڕایگەیاند کە لەم نیزامەدا، هیچ گرێیەك بە کوێری نامێنێتەوە، ڕیفۆرمخوازەکان ئەگەرچی هەر لەم لێدوانەدا بە ملهوڕ و گێرەشێوێن ناودێر کرابوون، بەڵام ئەو هیوایە کەوتە دڵیانەوە کە بە ناوبژیوانی کردنی ڕێبەر، بەشێکی زۆر لەو کاندیدە ڕەدکراوانە، مۆڵەتی خۆ پاڵاوتنیان پێ بدرێتەوە. خامەنەیی بەر لەم لێدوانەش، ویستبووی لە بەرامبەر پشتیوانیی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی لە باڵی پاوانخواز، تۆزقاڵێکیش لا لە ڕیفۆرمخوازەکان بکاتەوە. هەر بۆیە لە دیداری لەگەڵ ئەندامانی شووڕای نیگەهبان دا پێی ڕاسپاردبوون کە ئەو نوێنەرانەی کە لە دەورەی شەشەم دا بە شیاوی بەشداربوون لە هەڵبژاردن زانراون، بێجگە لەوانەی بەڵگەیەکی قایم، شیاونەبوونیان دەرخستوە، ئەم جارەش ئیزنیان پێ بدرێتەوە. بەڵام بە دوای تەواو بوونی ماوەی پێڕاگەیشتنی سەلاحییەتەکان، ئەو ئامارەی شووڕای نیگەهبان بڵاوی کردەوە، نیشانیدا کە ڕاسپاردەی ڕێبەر پشت گوێ خراوە. بڕیاری دووهەمی خامەنەیی، ئەوە بوو کە ئەو لیستە ٦٠٠ کەسییەی کە وەزارەتی ناوخۆ، بە ناعیلاجی پێی ڕازی بووە، بە پێی " حوکمی حکوومەتی"ی ئەو لەلایەن شووڕای نیگەهبانەوە بخرێتە ناو لیستی پاڵێوراوان. بەڵام شووڕای نیگەهبان ئەم جارەش هەر بە تەنیا بۆ ٢٠٠ کەس لەم ٦٠٠ کەسە، لە بڕیاری پێشووی خۆی پاشگەز بۆوە و دوو قولانج لەو لیستە سێ قولانجییەی ڕێبەری، پێشکەشی خۆی کردەوە.

بەم دژ کردەوە ئاشکرایەی باڵی کۆنە پارێز، ئەوان بە کردەوە بەڵام بە بێدەنگی وبە خۆپاراستن لە هەراوهوریا، تێپەڕینی خۆیان لە خامەنەیی ڕاگەیاند.

دروشمی"تێپەڕین" بە گشتی، بۆ یەکەم جار لە لایەن هێزەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز، بۆ قەرەبوو کردنەوەی سیاسەتی سەردانواندن و ملدانی خاتەمی لە بەرامبەر ویستی دەسەڵاتخوازانی ناو حاکمیەتدا هاتە ئاراوە، دورشمێك کە وەکوو زۆربەی دروشمەکانیتریان هەرگیز نەگەیشتە قۆناخی بەڕێوەچوون وپراکتیزەبوون.

هەڵبەت قەناعەت هێنانی ئەم هێزانەش بە دروشمی "تێپەرین لە خاتەمی" داستانی خۆی هەیە. لە سەرەتای هاتنە سەر کاری خاتەمی دا، تیۆریدارێژەکانی سەر بە باڵی دووی جۆزەردان، تەحلیلیان ئەوە بوو کە ڕادیکاڵ نەبوونی خاتەمی لە قسەوکردەوەکانیدا وەکوو بەرپرسێکی ڕەسمیی ناو سیستەمی کۆماری ئیسلامی، دیاردەیەکی سروشتی و تا ڕادەیەك چاوەڕوانکراوە. ئەگەر جەماوەری خەڵك، میچ(سقف) یان ئاستی سەرووی ویست وداخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەردەبڕن، خاتەمی وەکوو سەرۆك کۆماری ئەم سیستەمە، بۆ پاراستنی هاوکێشی و بۆهەڵبژاردنی ڕێگایەکی ناوین، نە دەتوانێ پشت لەم داخوازییانە بکا و نە دەبێ پشتگیری لە داخوازییە ڕادیکاڵەکانیش بکا. بەڵکوو دەبێ چاوی لە تەختایی(کف) یان ئاستی خوارووی ئەم ویستە جەماوەرییانە بێ. بنەمای ئەم شیکارییە لە سەر ئەم بۆچوونەی ڕیفۆرمخوازەکان دامەزرابوو کە نە هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هیچ وڵاتێك دا قەرار وانیە سەرۆك کۆمار ببێتە ئۆپۆزیسێونی نیزام. سەرۆك کۆمار لە ناو نیزامدا بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی تا ئەم جێگایەی پێی بکرێ، بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی خەڵك تێدەکۆشێ، بەڵام ناتوانێ لە ناو ئەو سیستەمەدا، لە گەڵ ئەو کەسانە هاودەنگ بێ کە تەمای سەرەکییان، لە بەر یەك هەڵوەشاندنەوەی خودی ئەو سیستەمەیە.

ئەم بۆچوونە بە چەند هۆ ناڕاست بوو. هۆی یەکەم ئەوە بوو کە ئەم تەحلیلگەرانە هەر لە بنەڕەتدا، خراپ لە مانای ئۆپۆزیسیۆن گەیشتبوون. ڕاستە لە هەندێك لە وڵاتەکان دا بە تایبەت لەو وڵاتانە کە وەکوو ئێران سیستەمێکی نادێموکرات بە سەر یان دا زاڵە، بەشێکی گرینگ لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیون، بریتین لە ئۆپۆزیسیونی شۆڕشگێر و دژە سیستەم، بەڵام کۆمەڵناسان، بەگشتی پێیان وایە کە چەمکی " ئۆپۆزیسێون" لە ناو مانای " لێك جیا کردنەوەی هێزەکان" ( تفکیك قوا) دا شاردراوەتەوە. واتە هێزەکانی بەڕێوەبەر و یاسادانەر و قەزایی بۆیە لێك جیا دەکرێنەوە هەتا بتوانن بن بە ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی یەکتر و کردەوەکانی یەکتر بخەنە ژێر چاوەدێریو کۆنترۆڵو، سیستەمی دەوڵەت ( دەوڵەت بە مانا بەر بڵاوەکەی نە بە مانای کابینە) لە یەك دەست بوون و یەك شێواز بوون بپارێزن. دیارە لە نیزامە دێموکراتەکان دا، چاپەمەنییش وەکوو کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی دێتە مەیدان و هەرسێك هێزی ناوبراو، دەخاتە ژێر چاوەدێریی خۆی.

دیسان هەر ئەو کۆمەڵناسانە، پێیان وایە کە یەکەم شوێن بۆ پێکهاتنی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی، پارلەمانە. چونکە لە پارلەماندا، نوێنەرانی باڵە جیاوازەکان، هەر کامەیان فراکسیۆنێکی تایبەت بە خۆیان پێك دێنن و بە پێکهێنانی ئەم فراکسیۆنانە، بە گشتی هاوکێشییەکی شیاو لە نێوان دەسەڵاتی هێز و باڵەجیاوازەکانی سیاسی پێك دێنن. کە واتە ئەم بۆچوونە کە "سەرۆك کۆمار ناشێ ئۆپۆزیسیۆن بێ" لە ئەدەبیاتی سیاسیی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهییەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، هەر چەشنە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە چاوی دژە شۆڕش، ڕووخێنەر، پیلانگێڕو مووچەخۆری بێگانە تەماشا کرد و دوای هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی،کەوتە گیانی هێزە سەرانسەرییەکان و هەر لە تاقمە چەپەکانەوە بگرە هەتا میللی مەزهەبییەکان، هیچ تاقمێکیان بە ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی نەزانی. تەنانەت لەم دواییانەش دا، لە هەراو قڕەی ڕەدی سەلاحییەتەکان دا، ڕادیۆ وتەلەفیزیۆنی ڕەسمیی ئێران، بەم پاساوە کە وەزارەتی ناوخۆ بووە بە ئۆپۆزیسیۆنی نیزام، ئەم وەزارەتخانەیەی بایکۆتی خەبەری کرد!

هۆی دووهەم بۆ ناڕاست بوونی شیکاریی تیۆریسیەنەکانی ڕیفۆرمخواز، ئەو بابەتە بوو کە سەرۆك کۆمارێك کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بۆی نیە هەر بە تەنیا سەرنج بداتە چۆنیەتی پێوەندی لە گەڵ سیستەمی فەرمانڕەوا، بەڵکوو ڕێکخستنی پێوەندی لە گەڵ ئەو خەڵکەش کە ئەویان وەکوو سەرۆك کۆمار هەڵبژاردوە، مەرجی سەرەتایی وبەڵگەنەویستی سەرۆك کۆمار بوونە. ڕیفۆرمخوازەکان، کە بۆ دڵگەرم کردنەوەی ئەو خەڵکەی لێیان کشاونەتەوە جەریانی شکستی بزووتنەوەی میللی کردنی سەنعەتی نەوت و کشانەوەی خەڵك لە موسەددیقیان وەبیر جەماوەر دێناوە، نەیان دەویست ئەو بابەتەش وەبیرخۆیان بێننەوە کە موسەددیق ئەو کاتەی نوێنەری مەجلیس بوو، هەر جارەی لە پارلەمان ـ کە ئەو دەمیش زۆرینەی لە دەستی هێزەکانی وەفادار بە سیستەمی سەڵتەنەتی دابوو ـ دڵسارد دەبۆوە، پەنای دەبرد بۆجەماوەری خەڵکی ئێران و داوای یارمەتی لێ دەکردن. واتە کارێك کە خاتەمی هەرگیز نەیویست بیکا.

تەحلیلگەرەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز بەم شێوە پاساوانە کە بۆ سەرۆك کۆماریان دەدۆزییەوە و ڕێگای خۆدوورخستنەوە لە داواکارییەکانی جەماوەری خەڵکیان پێ نیشان دەدا، بەر لە هەموو شتێك، ناوەرۆکی نادێمۆکراتیی بۆچوونەکانی خۆیان دەردەخست. بەڵام بەرەبەرە ئاکامەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستانە، بەرەنگاری خۆشیان بۆوە. دوای قڕانی چاپەمەنییەکان و لە زیندان توندکرانی ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتوانانی جودابیر و سەرکوتی بزاڤە خەڵکییەکان بوو کە ئەو هێزانە، بە ناڕاستیی بۆچوونەکانی خۆیان زانی و تێزی "تێپەڕین لە خاتەمی" یان هێنایە گۆڕێ. تێزێك کە ئەگەرچی هەرگیز بەڕێوە نەچوو بەڵام نیشاندەری پاشگەزبوونەوەی هێزە ڕیفۆرمخوازەکان لە بەشێك لە هەڵوێستە ناڕاستەکانیان بوو.

گومان لە وەدا نیە ئەگەر کاتی خۆی، خاتەمی سیاسەتی "تێپەڕین لە خامەنەیی" ڕەچاو کردبا، واتە هەمان ئەو سیاسەتە کە کۆنە پارێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و قازانجی سیاسیی خۆیان ڕەچاویان کردو هیچ نەقەوما، ئەو دەم دروشمی "تێپەڕین لە خاتەمی" لەلایەن هێزەکانی وەفادار بە سەرۆك کۆمار، بەرز نەدەکراوە. دیسان گومان لەوەدا نیە کە ئەگەرچی هێزەکانی وەفادار بە خاتەمی بەکردەوە پابەندی ئەو دروشمە نەبوون، بەڵام خەڵك زۆر زووتر بڕوایان بەم دروشمە هێنا و بڕیاری جێبەجێکردنیاندا. تەنانەت هەر ئەو کاتەی لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ دا، دەنگیان دا بە خاتەمی، دروشمی"تێپەڕین لە خامەنەیی"شیان بەرز کردبۆوە.

بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامان ولێ وردبوونەوەیە، چۆنیەتی ڕەچاوکرانی ئەم سیاسەتە لە لایەن هێزە کۆنە پارێزەکانەوەیە. ئەو کەسانەی هەتا دوێنێ دروشمی توانەوە لە ناو ویلایەتیان دەدا، ئەمڕۆ فەرمایشی مەقامی ویلایەت بە هێند ناگرن و حوکمە حکوومەتییەکەی بە سەرخۆی دادەدەنەوە.

کاتێك دروشمێك لە چەشنی"تێپەڕین لە خاتەمی"یان "تێپەڕین لە خامەنەیی" بە قسە یان بە کردەوە دێتە گۆڕێ، دوو بابەت لە پشت ئەم دروشمانەوە خۆیان حەشارداوە:

١ـ جۆرە نارەزامەندییەك لەو کەسەی قەرارە تێپەڕین لە سیاسەت و کردەوەکانی ڕوو بدا.

٢ـ متمانە بە هێزێك، لە سەرووی ئەو هێزەی قەرارە لێی تێپەڕن.

لە مەر بابەتی یەکەم دەکرێ بڵێین نیشانەکانی نارازی بوون لە خامەنەیی لە ناو هێزەکانی پاوانخواز، پەردە لە سەر هەندێك کێشەی شاراوە لە ئاستەکانی سەرووی دەسەڵاتی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی هەڵدەگرن کە تا ئێستا دیزە بەدەرخۆنە کراون. دوای مەرگی خومەینی، خامەنەیی بە شەوێك لە پلەی حوجەتولئیسلامییەوە گەیشت بە پلەی ئایەتوڵڵاهی. هەر بۆیە هیچ سەیر نیە ئەگەر کەسێکی وە کوو ئایەتوڵڵا جەننەتی، دەبیری شووڕای نیگەهبان و زۆر ئایەتوڵڵای دەست ڕۆیشتوو و و دەست نەڕۆیشتووی دیکەش، بە چاوی داگیرکاری پلەیەکی ئایینی و سیاسیی گرینگ چاو لە خامەنەیی بکەن.

بەڵام بابەتێکی گرینگ تر، بابەتی دووهەم واتە ئەو هێزە متمانە پێکراوەیە کە پاوانخوازەکان دوای مل نەدان بۆ فەرمایشی ڕێبەر، پشتیان پێ بەستوە. ئەو کەسانەی دروشمی "تێپەرین لە سەرۆك کۆمار"یان هێنا گۆڕێ، بۆ چوونیان ئەوە بوو کە خاتەمی بە پشتیوانی و یارمەتیی خەڵکەوە پشت ئەستوورە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو هێزانەی بە کردەوە لە خامەنەیی یان تێپەڕاندوە بە چ هێزێکەوە پشت گەرمن؟

وڵامی ئەم پرسیارە زۆر دژوار نیە، باڵی ڕیفۆرمخواز چەندین جار ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە شیکارییەکانی دا ئەوەی ڕاگەیاندوە کە پاوانخوازان، خاوەنی دوو ئیمتیازن کە خۆیان لەو ئیمتیازانە بێ بەرین:

یەکەم کردەوەخوازی (عمل گرایی) یەکە، کە پاوانخوازان هەیانە و لە بەرامبەردا ڕیفۆرمخوازان لە جیاتی ئەم کردەوەخوازییە، پەنایان بردۆتە بەر "تیۆری دەرمانی"و زۆر وێژییەکی بێ ئاکام.دووهەم، هێزی تەشکیلاتیی پاوانخوازانە کە گوایە دەسەڵاتی بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ هەر چەشنە شۆڕشێکی جەماوەری و سەرانسەریی هەیە.

پاوانخوازان بەم هەڵوێستەی گرتیان واتە جێ بەجێ کردنی بێدەنگ و بێ هەرا وهوریای پرۆژەی تێپەڕین لە خامەنەیی، ئیمتیازی یەکەمی خۆیان لە چاو ڕیفۆرمخوازەکان نیشان دا، بەڵام لەبارەی ئیمتیازی دووهەمیانەوە، تووشی هەڵەیەکی ئاشکرا بوون. لە ڕاستیدا ڕیفورمخوازەکان تەنانەت ئێستاش، حەز بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە ناکەن. واتە دوای ئەو دەرکرانەش کە بە گەلە کۆمەگیی پاوانخوازان و لە سەرووی هەموویانەوە شووڕای نیگەهبان ڕووی دا، قازانجی ئەوان زیاتر لە چوارچیوەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهیدا وەدی دێ نەك لە چوارچێوەی حکوومەتێکی خەڵکی وئازاد کە جێگای ئەم ڕێژیمە دەگرێتەوە. هەر بۆیە بۆترساندن و سارد کردنەوەی خەڵك، ئەو بۆچوونە بڵاو دەکەنەوە کە ئەگەر بێتوو ڕاپەڕن، پاوانخوازەکان بە هۆی تەشکیلاتێکی پتەو کە هەیانە دەسەڵاتی سەرکوت کردنی ئەو ڕاپەڕینەیان هەیە. دیارە ئەو بۆچوونە کە ڕیفۆرمخوازەکان بڵاوی دەکەنەوە هەر لە بنەڕەتدا، بۆ مەسرەفی خەڵك بووە نەك بۆ مەسرەفی پاوانخوازان. کە چی کۆنەپارێزەکان خراپ لەوە تێگەیشتوون و بەو پێهەڵگوتنە تەواو سەر خۆش بوون.

دیارە لە بەرامبەر شەپۆلەکانی تووڕەیی ونارەزامەندیی خەڵکدا، تەنیا ئەو نیزامە دەتوانێ مانەوەی خۆی دەستەبەر بکا کە پشتیوانیی جەماوەرێکی زیاتر و بەربڵاوتری لە پشت بێ. دێتەوە بیرمان کاتێك لەم ساڵانەی دوایی دا"هۆگۆ چاوێز" سەرۆك کۆماری "وێنێزوئێلا"، خەریك بوو بە هۆی کودەتایەکی نیزامی کە لە لایەن بەشێك لە خەڵکەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، لە سەر کار لابچێ، ئەوە پشتیوانیی جەماوەرێکی زۆر بەربڵاوتر لە خەڵك بوو کە دەسەڵاتەکەی پاراست و کۆدەتاچییەکانی بەزاند.

بارودوخی حکوومەتی ئێران تەواو پێچەوانەی ئەوەیە. واتە زۆرینەی خەڵکی ئێران بە تەواوی لە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە، بێزراون. ئەگەر کاربگاتە ئەو جێگایە کە خەڵك بڕیاری دوایی خۆی بدا و بیهەوێ لە خاتەمی وخامەنەیی و بە گشتی لە هەموو سیستەمی ویلایەتی فەقیهی تێی پەڕێنێ،کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەندە بەرگەی شەپۆلی نارەزامەندیی خەڵك دەگرێ کە حکوومەتی "شا" گرتی.

❊ ❊ ❊




## درێژەی لاپەڕ'ی ١٢

راگەیاندنی ئامارگەلێکی ناواقعیو خستنەڕووی پاساوی نازانستی، نیشانەی نییەتی خێری ئەوان نیە، بەڵکوو وەزاڵەهاتنی کۆمەڵو قووڵایی کارەساتو قەیرانەکانی وڵات ناچاریان دەکا، کە لە ڕوانگەیەکی تەواو سیاسیو بەئاوەژووکردنی ڕاستییەکان ئەو ئامارە نادروستانە ڕابگەیەنن، بێشك ڕێژیم هیچکات پرسیاری لە خۆی نەکردوە کە تا کەنگێو چۆن دەیهەوێ حکوومەتی ڕیسوای خۆی بەسەر پێکهاتەی قەیراناویی کۆمەڵ، قەڵەمە شکاوەکانو ئەندێشە زیندانییەکانو منداڵانی هەژارو بێدەرەتان، درێژە پێبدا.

بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە، دیتنەوەی ڕێگەچارەی کردەکی بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانە هەنووکەییەکانی کۆمەڵ، بە ئامرازە فکریو ئیدئۆلۆژیکیو تواناکانی کۆماری ئیسلامی وەدی نایەن. گرتنە بەری هەر ڕێگە چارەیەك لە پێناوی چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە چوارچێوەی سیستمی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامیدا، لەگەڵ دژایەتیو پارادۆکسی ریشەیی بەرەوڕوو دەبێ. بۆ نموونە ڕێژیم تا چ ڕادەیەك دەتوانێ یان دەیهەوێ لانیکەمی ئازادیی کۆمەڵایەتی بە نەوەی لاو بدا؟ یان تا چەند مل بۆ گۆڕانکاریی سەرەتایی لە سیستمی پەروەردەو فێرکردندا دەدا، کە لەسەر بنەمای باوەڕەکانی خۆی دامەزراوە؟ بێگومان سیاسەتەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر بەشێکی زۆری دانیشتوان، بۆ نموونە، ٢٢ میلیۆن لاوی ١٤ تا ٢٩ ساڵە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، ڕێژیم لە سەرەتاکانی شۆڕشدا دەیویست، کە نەوەیەکی دەستەمۆو گونجاو لەگەڵ فەرهەنگ، بۆچوونو بەهاکانی خۆیدا پەروەردە بکا. بەڵام لە وەدیهێنانی ئەو نیازەدا نەك هەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو لەلایەن لاوانی وڵاتەوە هەر لە سەرەتاوە جۆرێك بەربەرەکانی دژی ئەو فەرهەنگو بایەخانە فۆرمی گرتو بووە هۆی ئەوەی کە لاوەکانمان ببنە خاوەنی فەرهەنگێکی ژێرزەمینیو لە واقیعدا نارەسمی کە بە شێوەی نهێنی گەشە بکاو بە هیچ شێوەیەك لە کۆڕو بنکە کۆمەڵایەتییەکان دەرنەکەون. ڕێژیم بەو ڕوانگەو تێفکرینەی کە هەیەتی، هەر چەشنە گۆڕانکاریەك لە شێوەو جۆری ژیانی لاوەکان هەر لە لیباسپۆشینو مەیل پەیداکردنیان بەرەو شادیو تەفریح، بە مەسەلەیەکی ناپەسندو غەیرەئیسلامی لە قەڵەم دەدا. ئەوەش بۆتە هۆی پێکهێنانی جۆرێك دوالیزمی کەسایەتی لە ژیانی تایبەتی لاوەکاندا، کە بۆ خۆی سەرچاوەی زۆر لە بێسەروبەرەییەکانی کۆمەڵگەیە. بە هۆی نارەسمیو ژێرزەمینیو نهێنیبوونی ئەو کێشانەو هیچ کەسێكو هیچ نیهادێك قسەیان لە بارەوە ناکاو لە ئاکامدا هیچکات ئامارێکی ڕاستەقینە لە بارەی ئەو کێشانەوە، کە ڕێژیم هەمیشە لە هەوڵی پەردەپۆشکردنیاندایە، ئاشکرا ناکرێ.

زۆر لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی وەك ئیعتیاد، ئیدز، فەسادو فەحشا، کە بەرۆکی کۆمەڵیان گرتوە، بەڵگەی لاوازیی بونیادو ژێرخانی فەرهەنگیی خەڵك نیە، بەڵکوو هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو بیرە نەخۆشەیە کە لە ڕێگەی سیاسەتی بێجێو دواکەوتووانەی ڕێژیم بۆ نێوکۆمەڵ تەزریق کراوە، بەرهەمی ٢٥ ساڵ حاکمییەتی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ خەڵکی ئێران، تەنیا خەونو ئارەزووە هەرگیز وەدی نەهاتوەکانو دڵخۆشکردنی خەڵك بە بەڵێنی پووچ بووە.

بە شێوەیەك کە کردەوەو ئامانجی دەزگا ڕاگەیەندراوەکانی ڕێژیم، تەنیا بڵاوکرانەوەی وەهمو خەیاڵ لە پێناوی ڕاکێشانو بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی لە ئاست قەیرانەکانو گرفتەکانی کۆمەڵگەداو پاساوهێنانەوەیان بە هێندێك دروشمی بریقەداری وەك "قەناعەت کردن بە ژیانی سادەو دووریکردنی موسوڵمانان لە خوشگوزەرانیو، یا هێندێك دروشمی ئاینی کە زیاتر دەستکردی ئەندێشەی ڕێژیمن، بووە. تا لەو ڕێگەیەوە تۆوی قەناعەتو ژیانێکی سادە لە کۆمەڵدا بچێنێ. بەشێکی زۆر لە خەڵك تەنانەت خەونی ئەو ژیانە سادەیەشیان لە هەلومەرجی ئەوڕۆدا پێنابینرێ. بەڵام خاڵی جێگەی لێوردبوونە لێرەدا، بێشەرمیی ڕێژیمە کە بە بەربڵاویو قووڵتربوونەوەی هەر ڕۆژە زیاتری ڕۆژرەشیو نەهامەتیی کۆمەڵ، بە هەمان ڕادە لە فکری قایمکردنی پایەکانی حاکمییەتو خۆ پڕچەککردنی تێکنۆلۆژیی سەربازی دایە. بێگومان کیشەی سەرەکیی ئەوڕۆی وڵات، بەدەر لە بێتوانایی ڕێژیم لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی کۆمەڵ، قووڵیی ئەو کارەساتەیە کە بە بەردەوامبوونی حاکمییەتی دزێوی ئاخوندی، زیاتر دەبن. لە هیچکاتدا تەنانەت ئەگەر ڕێژیم بیشیهەوێ، توانای چارەسەرکردنی کێشەکانو وەڵامدانەوەی ئەو قەیرانانەی نیە کە بەرهەمی حاکمییەتەکەین.

دوایین وتەش ئەوەیە کە ڕێگەچارەی ڕادیکاڵ بۆ قەیرانو کێشەکانی کۆمەڵ، ڕووخاندنی ڕێژیمو دامەزراندنی حکوومەتێکی هەڵهێنجراو لە ویستی خەڵکەوەیە، چونکە لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیو ولایەتی فەفیهیدا ناکرێ تاکە ڕێگەیەکیش بۆ لەنێو بردنی هیچ قەیرانێك ببینینەوە.

❊ ❊ ❊

# چارەکە سەدەیەك تاریکی‌و ئاسۆیەکی پرشنگدار

## ئاوڕێك لە ٢٥ ساڵ ململانێی کۆماری ئیسلامی‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان

عیرفان ڕەهنموون

پێشینەی خەبات‌و بەربەرەکانێی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ پێش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەباتێکی نەپسانەوەی لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتیدا بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران‌و دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا، بەڕێوە دەبرد. واتە بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان، جووڵانەوەو خرۆشانێکی کاتی‌و بێ‌بەرنامە نەبوو کە تەنیا ئامانجی ڕووخانی سیستمی سواوی پاشایەتی بووبێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا کە هەرەسهێنانی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەی کردبووە نیشانە، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی‌و پێشکەوتنخوازانە بوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە واقیعییەکانی ئێران‌و کوردستان.

کاتێ کە ڕێژیمی پەهلەوی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ٥٧دا بە تەواوی هەرەسی هێنا، بەشێك لە خەباتکارە خۆڕاگرەکانی کورد کە پێشتر پەڕیوەی ئەودیوی سنوورەکانی کوردستانی ئێران ببوون، گەڕانەوە نیشتمان‌و دەستیان کرد بە خەباتی ئاشکراو ڕێکخستن‌و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی دێموکراسیخوازانەو تیشك خستنەسەر لایەنە تاریکەکانی مافی نەتەوایەتی کە تا ئەوکات لە ژێر گوشاری فەزای پۆلیسی‌و داپڵۆسیندا بواریان بۆ نەڕەخسابوو. بەڵام تەنیا پێنج هەفتە دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و لە سەروبەندی نەورۆزی ٥٨دا، پاشماوەکانی ڕێژیمی پەهلەوی‌و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە پادگانی سنەوە بە تۆپ‌و دۆشکاو هێلیکۆپتێر، گەڕەکە بێدیفاعەکانی دەوروبەری پادگانیان دایە بەر ئاگرو ئاسن‌و سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە قارەمانەیان شەهید کردو نەورۆزی خوێناوی بووە یەکەمین پەڵەی ڕەش‌و تاوان بەنێوچاوانی ئەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جگە لەو ڕەشەکوژی‌یە، لە ڕێگای پاسدارە دڕندەکانی‌یەوە هەڵیان کوتایە سەر دوو گوندی ئێسك سووکی "قارنێ‌و قەڵاتان" لە ناوچەی نەغەدەو دەیان کەس لە خەڵکی بێ‌تاوانی ئەو دوو گوندەیان شەڵاڵی خوێن کردو تەنانەت بەزەیی‌شیان بە کۆرپە چاوگەشەکانی نێو لانکەکانیشدا، نەهاتەوە. خومەینی‌و کۆمارە دزێوەکەی کە دەیانزانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بەو ڕەشەکوژییانە ناتوێتەوە، کەڵکی ناڕەوای لە ئایین وەرگرت‌و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا فتوای بەدناوی جیهادی دژی نەتەوەیەك دەرکرد کە زۆربەی نزیك بە تەواوی دانیشتووانی موسوڵمان بوون، ئەو فتوا ئەهریمەنی‌و بەدنێوە شەڕی سێ مانگەی لێکەوتەوەو کەڵکوەرگرتنی ئامێری لە مەزهەبیش، نەیتوانی چیا سەرکەشەکانی کوردستان‌و پێشمەرگە هەڵمەت پڵنگی‌یەکانی حیزب‌و گەل، بەچۆکدا بێنێ.

سەرەڕای ئەو جینایەتانەی ڕێژیم، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیلهام وەرگرتن لە نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەو دێموکراتیکی خۆی، هەوڵێکی زۆری دا کە لە ڕێگەی وتووێژو کاری دیپلۆماتیکەوە کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، بەڵام ڕێژیم وەڵامی داخوازە ڕەواکانی گەلی کوردی نەدایەوەو خۆی بۆ کودیتایەکی خشکەیی ئامادە دەکرد. دیتمان کاتێ ئاخوندە دەسەڵاتپەرستەکان دەیانەویست بە کەڵکوەرگرتن لە "ریفراندۆم"، کودێتا وەڕێ خەن‌و خەڵکیان خستە سەر دووڕێیانی هەڵدێر ئاسای (ڕێژیمی پەهلەوی ـ کۆماری ئیسلامی) کە هیچ کامیان ئەو ئارمانجانەیان وەدی نەدەهێنا کە گەلانی ئێران لە پێناویاندا نرخیان دابووو، بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ئەو بەنێو ریفراندۆمەی ڕەت کردەوەو بە تەحریمکردنی ئەو شانۆگەری‌یە، میدالیای زێڕینی داکۆکی لە ئازادی‌و دێموکراسی دا لە سنگی خۆی‌و گەلە کۆڵنەدەرەکەی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەیزانی "کوردستان" شوورەی لە ڕووخان نەهاتووی ئێرانە، مەغۆل‌ئاسا، هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر کوردستان، بەڵام ڕۆڵە ئازاو چاونەترسەکانی گەل لێیان هاتنە دەست‌و کوردستانیان کردە گۆڕستانی پاسدارانی تاریکی‌و ستەم. هەڵگیرسانی شەڕی ئێران ـ عێراق بیانووی زیاتری دایە دەست ڕێژیمی ئاخوندی‌و بەو بیانووەوە، هەزاران بەکرێگیراوی خۆی ڕەوانەی کوردستان کردو بەکردەوە کوردستانی کردە پادگانێکی گەورەی نیزامی. بەڵام ڕۆڵە ئازاو دلێرەکانی کورد ڕێگایان نەدا کە تاریکی بە تەواوی ئاسمانی نیشتمان داپۆشێ‌و لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگە نەبەزو ورەئاسنینەکانەوە دڕ بە تاریکی دراو هەزاران چەخماخە بێدەنگی‌و خۆبەدەستەوەدانیان بەچۆکدا هێنا.

دوای نۆشینی جامی ژەهر لەلایەن خومەینی‌یەوەو کۆتایی‌هاتنی شەڕی کاولکارو بێ‌ئاکامی ئێران‌و عێراق، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێی خەبات‌و تێکۆشانەوە. واتە بزووتنەوەی کوردستان توانی لە ساڵی ١٣٥٧ تا ٦٧ەوە گەلی کورد بەزۆربەی مافەکانی خۆی ئاشنا بکا، ڕێکیان بخاو تۆوی بەرخۆدان‌و خودئاگایی لە هزری گەلی کوردستاندا بچێنێ. لەو کاتەوە شۆڕش‌و بەرخۆدان تەنیا بە چیاکانەوە سنووربەند نەبوون‌و هێور هێور لە چیا سەرکەشەکانەوە بەرەو کێڵگەو گوندو کووچەو شەقامەکانی کوردستان ڕێچکەیان بەست.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وایدەزانی کە بەڕاوەستانی شەڕی ئێران ـ عێراق، ئیدی بزووتنەوەی کورد لە پەلوپۆ دەکەوێ‌و بڕستی خۆدەرخستنی نامێنێ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە مێشکە پووچ‌و دواکەوتووەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم کوڵ بوون لە ناسینی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوە بەرین‌و ڕەسەنەی کوردستان.

لێرەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی، هێدی هێدی بڕێ لە سەنگەرەکانی دەگوێزێتەوە شارەکانی کوردستان‌و لاوە وشیارو ئاگاکانی کوردستان بە پێکهێنانی ئەنجومەنە ئەدەبی‌و فەرهەنگی‌یەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ـ کە بەرهەمی ئەو هەموو شەهیدو تێکۆشانە بوون ـ خەباتێکی بەرینی فەرهەنگی وەڕێ دەخەن‌و هاونیشتمانانی کورد لە ڕێگەی ئەو بنکەو بنیاتە شارستانییانەوە زیاتر لە جاران لەگەڵ زمان‌و فەرهەنگ‌و کەلتووری نەتەوەکەیان ئاشنا دەبن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بنەڕەتدا ڕێژیمێکی کۆنەپەرست‌و ناشارستانی‌یە ـ هەرچەند کە گوشارێکی زۆری خستە سەر ڕووناکبیران‌و نووسەرانی شۆڕشگێڕ ـ بەڵام نەیتوانی نە قەڵەمەکانیان بشکێنێ‌و نە قەڵەمەکانیان لێ بکرێ.

لە کەشوهەوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی ئێران ــ عێراق‌و گۆڕانی هەندێ لە هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئەوکاتدا، ڕێبەری مەزنی نەتەوەکەمان کاك دوکتور قاسملوو ـ لەگەڵ ئەوەدا کە بە ڕەگ‌و پێستەوە کۆماری ئیسلامی دەناسێ ـ داوای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ وتووێژ ڕەت نەکردەوەو لەگەڵ ئەوەدا کە هیوایەکی زۆرکەمی بە سەرکەوتنی وتووێژەکان هەبوو، لەو وتووێژەدا بەشداری کرد. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە مامۆستای دێموکراسی، وتووێژی بە شێوازێك لە خەبات دەزانی‌و دەیەویست لەو ڕێگایەوە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بە گوێی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان، ئێران‌و کوردستان بگەیەنێ. دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی ڕێژیمی خومەینی کە دڵنیابوون دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش بە نرخێکی کەم مامەڵە بە خوێنی ئەو سەرکردە هەڵکەوتوەی کوردەوە دەکا، لەسەر مێزی وتووێژ، پێغەمبەری ئاشتی‌و هاوڕێ بە ئەمەکەکەیان دایە بەر دەستڕێژ تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان "بزووتنەوەی کورد" لەگەڵ قاسملووی ڕێبەردا تیرۆر بکەن. تیرۆری دوکتور قاسملوو، هەرچەند کە خەسارێکی یەکجار گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی‌و



دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو



دوکتور سادق شەرەفکەندی

دێموکراسیخوازی، بەڵام گیانبەختکردنی مرۆڤی مەزن، رابوون‌و چەخماخەیەکی بەهێزە بۆ هەژاندنی ئازادیخوازان‌و سوورترو پێداگرتریان دەکا بۆ درێژەدان بە خەبات‌و تێکۆشان.

دوا بەدوای شەهیدبوونی مامۆستای دێموکراسی، هاوڕێ هاوسەنگەرو بەبڕشتەکەی قاسملووی زانا ـ کاك دوکتور سەعید ـ ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی کوردی وەئەستۆ گرت‌و لە ماوەیەکی کورتدا سەلماندی کە قوتابیی ڕاستەقینەی ڕێبازی قاسملووی ڕێبەرە. کاك دوکتور سەعید بە فرموولەکردن‌و پراکتیزەکردنی "ڕێبازی قاسملوو" گڕوتینێکی زیاتری بەخشی‌یە خەباتی ڕەوای گەلە چەوساوەو بندەستەکەمان‌و دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ـ ڕێگات درێژەی هەیە"، بووە مەشخەڵێکی پرشنگدارو لە گەمارۆی پاسدارانی تاریکی‌دا، لە گەرووی کوڕو کیژە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەوە دەهاتە دەرو ئێستاشی لەگەڵ بێ، پاشەکشە بە هێزە ئەهریمەنی‌یەکانی ڕێژیم دەکا.

کاك دوکتور سەعید هەوڵێکی زۆری دا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ـ کە ئەوکات تووشی بێ‌بەرنامەیی‌و پەرشوبڵاوی ببوو ـ بۆ خەباتێکی بە بەرنامەو هەمەلایەنە ڕێك بخا. بۆیە ڕێژیم هەر زوو لەو ڕاستی‌یە گەیشت کە دوکتور سەعید نە تەنیا کارێکی کردوە کە بێ‌قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دیاری نەدا، بەڵکوو دەیەوێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لێك نزیك بکاتەوەو بۆ بەربەرەکانێ‌یەکی شێلگیرانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا ڕێك بخا. ڕێژیم جارێکی دیکە مێشکی ڕێبەرانی کوردی کردە نیشانەو لە ریستورانی میکونووس‌دا، کاك دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی دایە بەر دەستڕێژ، تا بە خەیاڵی خاوی خۆی بزووتنەوەی کوردستان تووشی نسکۆو داڕمان بکا. بە پێکهاتنی دادگای میکونووس (دادگای بێرلین)و ریسوابوونی کۆماری ئیسلامی لەو دادگا عادیلانەیەدا، کێشەی کورد گەیشتە دڵی ئورووپاو جیهانی ئازادو بەتەواوی پەردە لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی هەڵدرایەوە. دوای کارەساتی میکونووس، قوتابییانی ڕێگای قاسملوو ـ شەرەفکەندی، بەکاری بەکۆمەڵ‌و دڵسۆزی‌یەکی کەم‌وێنەوە نە تەنیا نەیانهێشت ئاڵای شەهیدانی ڕێبەر بنەوێ، بەڵکوو بە بەرخۆدانێکی جێگای ئافەرینەوە، درێژەیان دا بە ڕێگای سووری شەهیدانی حیزب‌و گەل.

کاتێ کە کۆماری ئیسلامی بۆی دەرکەوت کە بە تیرۆری ڕێبەرانی پایەبەرزی نەتەوەی کورد، بزووتنەوە ڕیشەدارەکەی لە پەلوپۆ ناکەوێ، بە کەڵکوەرگرتن لە شەڕی بێزراوی نێوخۆو باری نالەباری ئابووریی کوردستانی عێراق، تیمە تیرۆریستی‌یەکانی خۆی بەلێشاو ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردو هەوڵی دا بە تیرۆرو پاکتاوی جەستەیی تێکۆشەرانی کورد بەگشتی‌و خەباتکارانی دێموکرات بەتایبەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لەسەر ڕێگای نامرۆڤانەی خۆی لابدا، بەڵام سەرەڕای تیرۆری دەیان خەباتکاری بەئەزموون، نەیتوانی ئەم بزووتنەوە پۆڵایینە بەچۆکدا بێنێ.

لێرەوە کۆماری ئیسلامی هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی‌داو هەم لە ئاستی ناوچەیی‌دا، شکستێکی بێ‌ئەملاو ئەولا دێنێ‌و لە زۆربەی بوارەکاندا بەناچار پاشەکشەی پێ دەکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەم شکستانەدا، بزووتنەوەیەکی مەدەنی‌و دێموکراسیخوازانە لە نێوخۆی وڵاتدا ئارام ئارام شکڵ دەگرێ‌و ڕووداوی ٢ی جۆزەردانی ٧٦ دێتە ئاراوە. ئەم ڕووداوە، ڕووداوێ نەبوو کە خاتەمی‌و دەست‌و پێوەندەکانی خوڵقاندبێتیان، بەڵکوو دەرەنجامی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن‌و خەباتی سیاسی ـ فەرهەنگیی هەموو گەلانی ئێران بوو. گەلی کورد لەو فەزا سیاسی‌یەی کە تا ئەندازەیەك کرابۆوە، بەباشی کەڵکی وەرگرت، عەینی‌ترین فاکتیش سەرهەڵدانی بزاڤی خوێندکارانی کورد لە سەرانسەری زانکۆکانی ئێراندا بوو. خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کورد توانییان بە دامەزراندنی ژمارەیەك ئەنجومەنی ئەدەبی، ناوەندی کەلتووری‌و بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤاری کوردی، دەنگ، بۆچوون‌و خەباتی هەقخوازانەی کورد بگەیەننە قوولایی‌یەکانی ئێران‌و نە تەنیا خوێندکارانی کورد، بەڵکوو خوێندکارانی گەلانی دیکەی ئێرانیش لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی‌و ئارمانجەکانی بزووتنەوەی کورد، ئاشنا بکەن. ئەگەر چاوێك بە فۆرم‌و نێوەرۆك‌و بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم گۆڤارە ڕەنگین‌و بەنرخانەدا بخشێنین، بەئاسانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو گۆڤارانە هەمان ئەو خەونە ئەرخەوانییانەن کە ڕێبەرانی شەهیدو پێشمەرگە قارەمانەکانی نەتەوەکەمان لە کۆڕو کۆبوونەوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و لە سەنگەرو چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە بانگەوازیان بۆ دەکردن.

یەکێك لە دروشمەکانی دەوڵەتی خاتەمی، کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتە بەنێو دێموکراتیکەکانی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم بوو، بۆیە دەوڵەتی خاتەمی بۆ ئەوەی لە خەڵکی هەموو ناوچەکانی ئێران بە قازانجی ئامانجە سیاسی‌یەکانی خۆی کەڵك وەرگرێ، هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی شووراکانی شارو گوندی بەڕێوەبرد. لەو هەڵبژاردنانەدا، خەڵك بەشێوەیەکی بەرین بەشدارییان کردو لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا نوێنەرانی باوەڕپێکراوی خەڵك هەڵبژێردران. بەڵام دوای تێپەڕینی یەك دوو ساڵ لەکاری شووراکان، جەماوەر بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەسڵێکی نەختێ دێموکراتیك ناتوانێ لەنێو دەیان ئەسڵ، ئۆرگان‌و دامودەزگای سیخوڕی‌و ناهەڵبژێردراودا، درێژە بە کار بە قازانجی خەڵك بدا. لەژێر تیشکی ئەو ئەزموونانەدا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و بزووتنەوەی کورد هەڵبژاردنەکانی دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو گوندیان تەحریم کرد. لێرەوەیە کە قۆڵی بەنێو ریفۆرمخواز لە بەڵێنە بریقەدارەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوەو چیتر جیاوازی‌یەك لە نێوان وتەو کرداری قۆڵەکانی ڕێژیمدا نامێنێ‌و ڕوخساری ریفۆرمخوازو کۆنەپارێز تێکەڵ دەبن‌و ناناسرێنەوە.

کارەساتی ٣ی ڕەشەمەی ٧٧ی شاری سنەی خوێناوی، سەلماندی کە قۆڵی بەنێو ریفۆرمخواز نەتەنیا بەرنامەیەکیان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کورد پێ نەبوو، و جگە لەوەی کە ئەو تاوانە نامرۆڤانەیان مەحکووم نەکرد، بەڵکوو تەنانەت لە بڵاوکراوە بەنێو ئازادەکانیاندا، بەتاکە وشەیەکیش هەواڵی ئەو جینایەتەیان بڵاو نەکردەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوو دەداو هاوکێشە سیاسی‌یەکان وەرچەرخانێکی بەرچاو بە خۆیانەوە دەبینن‌و ئێران لەگەڵ عێراق‌و کورەی باکووریدا دەکەونە تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی‌یەوەو جەنگی جیهانیی دژە تیرۆر، دەست پێ دەکا. بە هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان‌و هەرەسهێنانی ڕێژیمی تالیبان، جەنگی جیهانیی دژە تیرۆر دەچێتە خانەی کردەوەوە‌و گەردەلوولی بە تەوژمی دێموکراتیزاسیۆن بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتەوەو بە هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق‌و ڕووخانی ڕێژیمی دژە کوردی بەعس، گەمیەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد دەکەوێتە سەرئاو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دامەزرانی عێراقێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ بە مەترسی‌یەکی جیددی بۆسەر خۆی دەزانێ، تەواوی توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ڕێکخستنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە عێراقدا، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ شکست بە پرۆژەی دێموکراتیزاسیۆن لە عێراقی نوێدا بێنێ. چونکە عێراقێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ کە تێیدا گەلی کورد بە مافی ڕەوای فیدراڵیزمی نەتەوەیی گەیشتبێ، دەبێتە سەرمەشق بۆ بزووتنەوەی کوردو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران. دوو تەقینەوە خۆکوژی‌یەکەی ئەم دواییانەی هەولێر لە لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و مەڵبەندی سێی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بەبێ هیچ گومان‌و دوو دڵی‌یەك دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدا بووە، ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی بەنرخی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق شکست‌و بخواو نەبێتە سەرمەشقێك بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەك بەسەر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی‌دا، بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی ئامادەیی‌و ئاسۆی خەبات ڕوون‌و پرشنگدارەو هیوا بە سەرکەوتن‌و شادبوونی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی لە جاران گەشترەو، دڵنیاین لەوە کە داهاتوو بۆ گەلی کوردو مافە ڕەواکانێتی‌و چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی پێشووش، چارەنووسی ڕێژیمی کۆنەپەرست‌و کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

❊❊❊

# جێگای دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا!

**م. ڕەوانپاک**

٢٥ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی سیستەمێکی حکوومەتی بە ناوی "کۆماری ئیسلامی" بە سەر ئێراندا رادەبرێ. تێپەڕ بوونی چارەکە چەرخێك بەسەر تەمەنی نیزامێك دا، هەڵ دەگرێ لە زۆر بارەوە لەسەری بنووسرێ. یەك لەو مەسەلە گرنگانەی کە پێویستە باسی لێبکەین روانگەی ئەو نیزامە بەرامبەر بە دوو چەمك یا دیاردەی گرنگ بە ناوەکانی "دیموکراسی"و "مافی مرۆڤ"ە. دەستنیشانکردنو شیکردنەوەی روانگەی ئەو سیستەمە سیاسیـیە بەرامبەر بەو دوو چەمکە، جگە لەوەی لە دۆزینەوەی وەڵامی زۆرپرسیاری پێوەندیدار بە کێشەوقەیرانەکانی ئەم ٢٥ ساڵەی تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، یارمەتیدەرمان دەبێ، سەبارەت بە داهاتووی ئەو ڕێژیمەو جێگاو ڕێگای لە جیهانی ئەمڕۆشدا، زۆر شتمان لێروون دەکاتەوە.

ئەگەرچی ٢٥ ساڵ لە تەمەنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" رابردوە، بەڵام پێناسەکردنو دیاریکردنی ناوو نێوەرۆکی ئەو جۆرە سیستەمە دەسەڵاتدارەتی‌یە، هەروا جێگای باسو لێدوانو جێگای کێشەو ناکۆکی‌یە. ئایا "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بەڕاستی سیستەمێکی کۆماری‌یەو سەرچاوەی مەشرووعییەتی دەسەڵات لەو سیستەمەدا خەڵکەو، بناغەی پێوەندیی نێوان خەڵكو دەسەڵات لەسەر قانوون دانراوەو قانوونەکەش لە ویستو ئیرادەو بەرژەوەندەکانی خەڵکەوە سەرچاوەیان گرتوە؟ ئایا ئەو حکوومەتەی بە دوای سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران لە وڵاتەکەمان دەسەڵاتی گرتە دەست، دەکەوێتە بەر ئەو پێناسەیەی بۆ دەوڵەتانی "پیشامدرن"، سەرەڕۆ، ملهوڕ، توتالیتێر هەیە؟ هەر کام لەو ناوانە بۆ ئەو ڕێژیمە قبووڵ بکەین، کە بە ناخی پێناسە ناسراوەکانیاندا شۆر دەبینەوە، کۆمەڵێك پارادۆکس بەدی دەکەین. بۆ وێنە ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دەسەڵاتو دەوڵەتێکی "پیشامدرن" بناسین، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە لە دەوڵەتە "پیشامدرن"ەکاندا قانوونو هەڵسوکەوتو دەسەڵاتدارتی لە سەر بناغەی "قانوون" جێگاو مانایەکی نیە. بناغەی دەسەڵاتدارەتیو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەو جۆرە دەوڵەتو دەسەڵاتانەدا، "فیقه"وعورفو عادەتە، پادشا لە چوارچێوەی ئەو عورفو عادەتانەداو بە هاودەستیی دەستو پێوەندەکانی کۆمەڵگە هەڵدەسووڕێنێ. کەچی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە رواڵەت سیستەمێکی کۆماری‌یەو خاوەنی دەزگای قانووندانانو قانوونی تایبەت بە خۆیەتی. کەواتە لەو روانگەیەوە بە زەحمەت دەتوانین لە قالبی دەوڵەتێکی "پیشامدرن"دا جێگای بکەینەوە. بەڵام هەر لەو کاتەشدا چارەنووسی وڵات نەك بە دەستی هەڵبژاردەو نوێنەرانی خەڵكو بەگوێرەی بڕیارو یاساکانی ئەوان، بەڵکو بەپێی ئیرادەو فەرمانو بڕیاری کەسێك یا نیهادێك بە ناوی ڕێبەری ـ کە ناوی "پادشا" یا "سوڵتان"ی لەسەر نیە ـ بەڕێوە دەچێ!




بەسەرنجدان بەو راستی‌یە، ڕەنگە "توتالیتاریست" سیفەتێکی پڕ بە پێست بێ بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. چونکە ڕێژیمە توتالیتارەکان لەگەڵ حکوومەتە زۆردارو ملهوڕەکانو دیکتاتوری‌یەکانی پێشوودا، جیاوازی‌یەکی بنەڕەتییان هەیە. حکوومەتی توتالیتێر، ملهوڕ نیەو خاوەنی قانوونە. بەڵام چ جۆرە قانوونێك؟! ئەو جۆرە حکوومەتانە پشت ئەستوور بە قانوون، هەموو ئازادی‌یەکانو مافەکانی هاووڵاتی (حقوق شهروندی) لە خەڵك یا دانیشتووانی وڵات یا کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتیان زەوت دەکەن.

بۆ ناسینی جەوهەرو نێوەرۆکی سیستەمی دەسەڵاتداری ئێرانو، بۆ تێگەیشتن لە روانگەو بۆچوونی ئەو سیستەمە، بەرامبەر بە "دێمۆکراسی"و "مافی مرۆڤ" ـ یەکەمیان وەك ئامرازی جێبەجێکردنو دابین کردنی ویستو ئیرادەی خەڵكو دووهەم وەك کاکڵەو پوختەی ئەو هەقو ئازادییانەی مرۆڤ دەبێ هەیبێ ـ دەبێ لە پێشدا بڕوانینە نێوەرۆکی قانوونەکانی ئەو ڕێژیمە بە تایبەتی قانوونی بنەڕەتی. پاشانیش سیاسەتو کردەوەو ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە لە بواری چۆنیەتی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ویستو داواکانی خەڵكو ڕادەی مەیدانداتی بە بەشداریی خەڵك لە بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی وڵاتو کۆمەڵی خۆیاندا، هەڵسەنگێنین.

قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی کە ڕاستی‌دا پردی پێوەندیی نێوان خەڵكو دەسەڵات، یا ڕێککەوتننامەی نێوان ئەو دوو لایەنەیەو، خەڵكو دەسەڵاتدارەتی بە پێی قاعیدە دەبێ لە چوارچێوەی ئیختیارو تواناو ئەرکو مافە دیاریکراوەکانی نێو ئەو بەڵگەنامەیەدا بجووڵێنەوە، لە جیاتی دابینکەرو دەستەبەرکەری دیموکراسیو مافی مرۆڤ بێ، زەوتکەرو پێشێلکەریەتی. ئەم قانوونی ئەساسی‌یە ـ کە بە ئیددیعای بەشێك لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هێشتا بە تەواوی بەڕێوە نەچووە ـ ئەو کاتەش کە لە هەموو "ظرفیت"ەکانی کەلك وەربگیرێ، هێشتا ناتوانێ دابینکەری مافەکانی مرۆڤ، بەرامبەریی ئینسانەکانو ڕێزگرتن لە کەرامەتی ئینسانی بێو بواری گەشە کردنو بەرەوژوور چوونی مەقامی بەرزی ئینسانی پێك بێنێ.

با لە پێشەکیی قانوونی ئەساسیو هەروەها لە ئەسڵەکانی ئەم قانوونە، چەند نموونەیەك بێنینەوە کە لەگەڵ بناغەکانو پێویستی‌یەکانی دیموکراسیو لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لە دژایەتی‌یەکی ئاشکرادانو، ڕەنگی قانوونیو شەرعی بە بێبەری کردنی هاووڵاتانی ئێران لە ئازادیو مافە ڕەواو بێئەملاو ئەولاکانیان دەدەنو، بەرامبەریی ئینسانەکان سەرەڕای جیاوازی‌یە جۆراوجۆرەکان ڕەت دەکەنەوە.

لەدوا پاراگرافی ئەسڵی ١٧٧ی قانوونی ئەساسیی ئێراندا کە پێوەندیی بە "چاوخشاندنەوە بە قانوونی ئەساسیدا"هەیە هاتوە:

**"نێوەرۆکی ئوسوولی پێوەندیدار بە ئیسلامی بوونی نیزامو، بنیاتنرانی هەموو قانوونو ڕێوشوێنەکان لە سەر بناغەی پێوانە ئیسلامیو بنچینە ئیمانی‌یەکانو، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو کۆمار بوونی حکوومەتو ویلایەتی ئەمرو ئیمامەتی ئۆممەتو، هەروەها** بەڕێوەبردنی وڵات بە پاڵپشتی **دەنگی گشتیو دینو مەزهەبی ڕەسمیی ئێران، ئاڵوگۆڕ هەڵنەگرن".**

لە پێشەکیی قانوونی ئەساسی‌دا، لەو جێگایە کە باسی "شێوەی حکوومەت لە ئیسلامدا" کراوە، هاتوە:

**"حکوومەت لە روانگەی ئیسلامەوە، لە هەڵوێستی چینایەتیو دەسەڵاتدارەتیی تاکەکەسی یا بە کۆمەڵەوە، سەری هەڵ نەداوە، بەڵکو خۆنواندنی ئامانجی سیاسیی نەتەوەیەکی هاودین(هم‌کیش)و هاوفکرە کە خۆی ڕێك دەخا تا لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە فیکریو عەقیدەتی‌یەکاندا ڕێگای خۆی بەرەو ئامانجێکی یەکجاری کە ڕۆیشتن بەرەو ئەڵلایە بکاتەوە".**

هەر لەدرێژەی ئەو پێشەکی‌یە لە بەشی "حکوومەتو حاکم"دا هاتوە:

**لە پێکهێنانی دامەزراوو بنیاتە سیاسی‌یەکاندا کە دەبنە بناغەی پێکهێنانی کۆمەڵ، بەگوێرەی خوێندنەوەو تێگەیشتنی مەکتەبی، ساڵحەکان ئیدارەی حکوومەت دەگرنە ئەستۆ. ڕەوتی قانووندانانیش کە دیاریکەرو دەست نیشانکەری ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی‌یە، لە بازنەی قورئانو سوننەتدا دەبێ. هەر بۆیە چاوەدێریی وردو جیددی لە لایەن ئیسلامناسانی دادپەروەرو ساڵحو پاك، شتێکی پێویستو حەتمی‌یە".**

> **سیستەمێکی حکوومەتی کە قبووڵی نیە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵاتو توسقاڵێك باوەڕی بەوە نیە کە مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك بوونو خاوەنی مافە سروشتی‌یەکانی خۆیانن، سیستەمێك کە دینو مەزهەبی کردوە بە سەرچاوەکانی قانوونو ڕێوشوێنەکانی خۆی، شتێکی سروشتی‌یە ئەگەر لەگەڵ دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ لە ناتەباییو دوژمنایەتی‌دابێ.**

هەرئەو چەند نموونەیەی هێنامانەوە (کە مشتێکە لە خەروارێك) نیشان دەدەن:

١ـ سەرچاوەی دەسەڵاتو قانوون لەو ڕێژیمەدا ئایینە. ئەو ئایینەش، دینو مەزهەبی ڕەسمیی وڵاتە. (دینی ئیسلامو مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی)

٢ـ دەنگی خەڵك لەو سیستەمە دەسەڵاتدارەتی‌یەدا، جێگایەکی نیە. چونکە ئەساسی دەسەڵاتو بەڕێوەبەری لە سەر پەیرەوی کردنی گشتی لە وەلیی ئەمر دامەزراوە.

٣ـ خەڵك، وەك ئۆممەت سەیری دەکرێ. ئۆممەتیش پێناسەی خۆی هەیەو ئەرکی ئایینیو واجبی شەرعیی ئەوەیە کە پەیرەوی لە ئیمام بکا.

٤ـ دەست نیشانکردنو ناوبردنی دینو مەزهەبێك وەك دینو مەزهەبی ڕەسمیو وەك سەرچاوەی قانوونو ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، یانی فەرقوجیاوازیدانان لە نێوان ئایینە جۆراوجۆرەکانو پەیرەوانیان، یا زاڵکردنی یەکیان بەسەر ئەوانی دیکەدا.

٥ـ هێندێك شت لەو یاسایەدا نەگۆڕنو خەڵك هیچ کات بۆی نیە بیر لە گۆڕانیان بکاتەوە. لەوانە ئوسوولی پێوەندیدار بە ئیسلامی بوونی نیزام، بنیاتنرانی هەموو قانوونو ڕێوشوێنەکان لەسەر بناغەی پێوانە ئیسلامی‌یەکان، ویلایەتی ئەمرو ئیمامەتی ئۆممەتو هەروەها بەڕێوەبردنی وڵات بە پاڵپشتی دینو مەزهەبی ڕەسمی.

٦ـ لەو نیزامەدا تەنیا "ساڵحەکان" مافی بەدەستەوەگرتنی ئیدارەی حکوومەتو مەملەکەتیان هەیە. ئەم ساڵحانەش دەبێ بۆ خەڵك دەست نیشان بکرێن، چونکە خەڵك بۆخۆیان عەقڵی لێك جیاکردنەوەی "ساڵح"و ناساڵحیان نیەو لە هەڵبژاردنی ساڵحاندا، ئەگەر بۆیان دیاری نەکرێ، بەهەڵە دەچن.

لەچاوخشاندنێکی سەر پێیی بە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێژیمە "مشروعیت"ی خۆی نەك لە دەنگی خەڵك بەڵکو لە بەستراوەیی خۆی بە دەسەڵاتی ئیلاهیو ئاسمانی، هەڵ دەهێنجێ. وەلیی فقیه خۆی بە ڕاسپاردەو دەست نیشانکراوی خودا دەزانێو هەربۆیەش پەیرەوی‌کردن لە ئەمرو فەرمانی خۆی، بە ئەرکی شەرعیو ئایینیی ئۆممەتو، سەرپێچی لە ویستو داواکانی، بە دژایەتی لەگەڵ خودا لە قەڵەم دەدا.

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە، چاوەڕوانیو گەڕان بەدوای ڕێزنان لە دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە سیستەمێکی وەك کۆماری ئیسلامی‌دا، کارێکی بێماناو بێئاکامە. ئەو نیزامە هەر لە بنەڕەتڕا لەگەڵ بەشدار کردنی خەڵك لەبڕیاردان لە بارەی چارەنووسی خۆیانداو، بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان نیە. ڕوانینی ئەو سیستەمە بۆ مرۆڤەکانو مافەکانیانو، ئەرکی دەسەڵات بەرامبەریان، هیچ جێگایەکی بۆ ئەو جۆرە چاوەڕوانیانە نەهێشتۆتەوە.

کاتێك، نیزامێك خۆی بە ئیلاهیو پیرۆز ناودەباو پێی وایە دەسەڵاتی موتڵەق تەنیا هی خودایە، خوداش بەشێك لەو دەسەڵاتەی سپاردوە بە ڕێبەری ئەو نیزامە تا بەندەگانی ئەو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بەرەو ئامانجێکی یەکجاری کە ئەڵلایە، ڕێنوێنیو ڕێبەری بکا، ئەمە یانی ڕەتکردنەوەی ئەو فەلسەفەو بیروبۆچوونانە کە بناغەکانی دەوڵەتی مۆدێرنو چەمکەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤیان لەسەر دامەزراوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، لەگەڵ ئەو فەلسەفەو بیروباوەڕانە ناگونجێ کە مەشرووعیەتی دەسەڵاتو سیستەمێك بە ڕەزامەندیو دەنگدانی خەڵك دەبەستنەوەو قبووڵکردنی "مافە سروشتی‌یەکان" دەکەنە مەرجی بە ڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ مرۆڤەکانو نیشانەی بەستراوەبوونی دەسەڵات بە خەڵك. دیموکراسیو مافی مرۆڤمان دەبێ لەو ئەندێشە سیاسی‌یە بوێ کە پێی وایە خەڵك بۆخۆیان خاوەنو بڕیاردەری ئەسلیی کاروباری وڵاتەکەیانن، و مافی ئەوەیان هەیە وەك یەك لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیانەوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بن. لەو روانگەو بۆچوونەدا، هێرەمی دەسەڵات لە خوارێڕا بۆ سەرێ، بنیات دەنرێو دەسەڵات نەك نوێنەری خوداوەند، بەڵکوو هەڵبژێردراوی خەڵکەو مەشرووعییەتی خۆی لە خەڵك وەدەست دێنێ. خەڵکێك کە سەرەڕای جیاوازیی ڕەگەزی، قەومی، ئایینیو جینسیو . . . مافی وەك یەکیان هەیە. حکوومەت هەڵبژێردراوی خەڵکە، هەربۆیە لە بەرامبەر خەڵکیشدا وەڵامدەرەو، هەرکات خەڵك بیانەوێ بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی کاروباری خۆیان لە سەرکار وەلادەنێن. سیستەمێکی حکوومەتی کە قبووڵی نیە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵاتو توسقاڵێك باوەڕی بەوە نیە کە مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك بوونو خاوەنی مافە سروشتی‌یەکانی خۆیانن، سیستەمێك کە دینو مەزهەبی کردوە بە سەرچاوەکانی قانوونو ڕێوشوێنەکانی خۆی، شتێکی سروشتی‌یە ئەگەر لەگەڵ دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ لە ناتەباییو دوژمنایەتی‌دابێ. لە نیزامی حوقووقیی نوێی ئەم سەردەمەدا کە لە سیستەمە سیاسی‌یە دیموکراتو پێشکەوتووەکاندا دابینو پەیرەو دەکرێ، بە پێچەوانەی نیزامی حوقووقیی شەرع، مرۆڤ سەرچاوەی حەقەو، ئازادی‌یە سروشتیو بنەڕەتی‌یەکان، بناغەی هوویەتی مرۆڤ پێك دێنن. سەرچاوەی قانوونەکانیش شعوورو عەقڵی مرۆڤەکانن نەك دینو ئایین.

بۆیە تا ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارەتی‌یە، بەو جیهانبینیو روانگەیەوە لە ئێراندا لەسەر کاربێ، هیچ ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەماندا نایەتەدی، رابردووی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەو دەستاودەست کردنی هێندێك لە پۆستەکانی دەسەڵاتو ناوەندەکانی بە رواڵەت بڕیاردان وەك سەرکۆماریو مەجلیس لە بەینی کەسانی جۆراوجۆر، سەرەڕای پێکهاتنی ئەو هەمووە ئاڵوگۆڕە لە ناوچەو جیهاندا بە قازانجی بەرەوپێشچوونی دیموکراسیو مافی مرۆڤ، هیچیان لە واقیعییەتی بێگانە بوونی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو دوو چەمکە نەگۆڕیوە. ئەوەش لەحاڵێك دایە کە تا دێ پتر بۆ هەموولایەکمان دەردەکەوێ کە لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ چەشنە دەسەڵاتو سیستەمێك بەبێ دابین کردنی دیموکراسیو مافی مرۆڤ، ناتوانێ داهاتوویەکی بێجگە لە وەلانرانو فڕێدان هەبێ.

❊❊❊

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 383     19 Feb  2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

# ئـەمـریکـا ڕێژیمی ئێـران بە درێژەدان بە بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئـەتۆمی تاوانبار کرد



"ڕۆلا خەلەف" سەرنووسەری "تایمزی مالی" لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا، لە وتارێکدا نووسی بە دوای دانانی عەبدولقەدیر خان باوکی بۆمبی ئەتۆمیی پاکستان بە فرۆشتنی نهێنییە ئەتۆمییەکان بە ئێران، لیبیو کۆریای شیمالی، مەسەلەی پەرەگرتنی بەرنامە ناوکییەکان نگیەرانیی زۆری خولقاندوە. ڕاپۆرتی لێکۆڵەرانی تایبەت بە چەکوچۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی هێندێك کەلوپەلو تاقیکاریی ئەنجام دراو لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کە ئەو ڕێژیمە ئامادە نەبووە ئاشکرایان بکا، لە هەلومەرجێکی ئاستەمدا هاتۆتە گۆڕێ. باسی ئەوە هەیە کە ڕێژیمی ئێران درێژەی بە دامەزراندنی دەزگاکانی "سانتریفوژ" داوەو ئورووپا ئەم هەنگاوە بە پێشێل کردنی ڕێککەوتننامەکە دەزانێ.

جان بولتون جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا گوتی ڕێژیمی ئێران بەرپرسایەتیو بەڵێنەکانی خۆی لە بواری وەستاندنی بەرنامەی چڕ کردنەوەی ئورانیۆوم نەبردۆتە سەر. دیپلوماتەکان دەڵێن لێکۆڵەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی هێندێك گەڵاڵەیان دۆزیوەتەوە کە پێوەندییان بە دەزگای "سانتریفوژ"ی تازەوە هەیە. ئەم دەزگایە بۆ چڕ کردنەوەی ئورانیۆم بە کار دەهێنرێ. ڕێژیمی ئێران باسی ئەوگەڵاڵانەی نەکردبوو.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەوە دایە کە ئایا ڕێژیمی ئێران گەڵاڵەکانی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی لە چەشنی ئەوەی بە لیبی فرۆشراوە، کڕیوە یان نا؟ ئەگەر دەر بکەوێ شتی وای کردوە، ئەمە لەسەر ڕێژیمی ئێران زۆر بە گران دەوەستێ. چونکە لەسەر ئەوە پێی داگرتوە کە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی نەبووە.

هەر لەو پێوەندییەدا جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکا ڕۆژی ١١ی فێوریە خوازیاری هەڵگرتنی هەنگاوی توندترو قایمی نێونەتەوەیی بە مەبەستی کونترۆڵ کردنی پەرەگرتنی چەکی ئەتۆمی بوو و گوتی زانستی چڕ کردنەوەی ئورانیۆمو کەڵك وەرگرتنی دووبارە لە سووتەمەنیی ئەتۆمی نابێ بە دەست ئەو وڵاتانەوە بێ کە دامەزراوی ئەتۆمیی تەواویان نیە.

**سەرچاوە:** BBCpersian

# لە پـەسنی خۆشـەویستـیدا

بەر لە ماڵاوایی

بەهاری ئەمساڵ، یەکێك لە خوێنەرانی ستوونی "بەر لە ماڵاوایی"، نووسراوێکی خۆی بە مەبەستی بڵاوبوونەوە لەم ستوونەدا بە زمانی فارسیو بە ئیمەیل بۆ ناردم. لەو کاتەوە چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەبارم تا بڵاوی بکەمەوە. ئێستا کە بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لەگەڵ "والنتاین" (ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی) هاوکات بووە، پێموایە دەرفەتێکی باش هاتۆتە پێش تا چاوەڕوانیی ئەو خوێنەرە عاشقەی ستوونی "بەر لە ماڵاوایی" بەجێ بێنم.

**ع. وریا**

★★★★

**( بۆ "نەدا"یەك کە تیشکی خۆشەویستییەکەی دەروونمی روون کردۆتەوە)**

کەسێك لە دوورەوە بۆ لای خۆی بانگم دەکا،. کەسێك کە هیچکات نە قەڵافەتیم بینیوە، نە دەنگیم بیستوە، تەنانەت نە چاوم بە وێنەیەکی کەوتوە ! لەمەش سەرنج ڕاکێشتر، تەنانەت ناوی ڕاستەقینەشی نازانم. لەوانەیە ئەو ناوەی من بەوەوە دەیناسم، ناوی ڕاستەقینەی نەبێ. لەوانەیە ئەو وڵاتەی، ئەو دەڵی لەوێ دەژیم، شوێنی ڕاستەقینەی ژیانی نەبێو لە وڵاتێکی غەیری ئەوێ بژی. ئەگەر لەبارەی بەرزیی باڵای، تەمەنی، ڕەنگیو قژیو چاوی، ئیشو کارو ئاستی خوێندەواریی، شتێکی پێ گوتووم ـ باوەڕیشم پێ کردوە ـ لەوانەیە لەبەر هێندێك پارێزو تێبینی، هیچیانی ڕاست نەبن. پێیگوتووم کچەکوردێکی باشووری کوردستانە کە منداڵیی خۆی لە ئێراندا تێپەڕ کردوە، هەر بۆیە بەسەر زمانی فارسیدا زاڵە. من بە کردەوە بۆم دەرکەوتوە کە لە هەر دوو زمانی کوردیو فارسی شارەزایە. بەڵام هیچ سەیر نیە سەرەڕای زاڵبوونی بەسەر ئەم زمانانەدا لە نەتەوەیەکی دیکە بێ. بەچی دیارە کە تێکەڵاویی لەگەڵ زمانو ئەدەبیاتی فارسیو موسیقای ئێرانی، بەرهەمی چەندین ساڵ مانەوە لە ئێران بێ؟

بەڵێ، لە خووو خدەو کێشەو گرفتەکانی، لە شادیو بەختیارییەکانی، شتێکی زۆرکەم دەزانم. لە بارەی بنەماڵەکەی، ئەو ڕێوشوێنو دابو نەریتانەی لە ماڵەوەیاندا برەویان هەیە، سەبارەت بەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکا، ئەو وەرزشو یارییانەی ئۆگریانە، لە سەدان بیرەوەریو رازو نهێنیی تاڵو شیرینی، لە بەرنامەو نەخشەکانی بۆ داهاتوو، لە یەك وتەدا، لەو جیهانەی بۆ خۆی پێکی هێناوە، شتێکی ئەوتۆ نازانم. ئەم قسانە لەبارەی ئەو شتانەوەش کە ئەو سەبارەت بە من دەیانزانێ، هەر ڕاستن. زانیاریی ئێمە لەبارەی یەکترەوە، ئەو زانیارییانەن کە بە هۆی چەند نامەوە گۆڕیومانەوە، ئەویش نامەی ئەلیکترۆنی ! نە دەسخەتێك لە گۆڕی دابووە کە لانیکەم خەتو دەستنووسی یەکتر ببینین، نە کاغەزێك کە وابزانین دەستی لایەنی بەرامبەرمانی وێ کەوتوەو هەست بەوە بکەین بۆنو بەرامەی خۆشەویستەکەمانی پێوەیەو بەمجۆرە، پتر بڕوا بە پێوەندییەکەمان بێنین. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستییانەشدا، لە مەودایەکی دووری سەدانو هەزاران کیلۆمیترییەوە، لەوانەشە دوورتر یا نزیکتر، بە تاسەو بێقەرارییەوە، بۆ لای خۆی بانگم دەکا.

دەڵێن "وشە خودایە". ئەوەی بووە بەهۆی پێوەندیی نێوان دڵی منو ئەو، ئەو وشانەن کە نێوەڕۆکی نامەکانی ئێمە پێك دێنن. بەڵام داخوا بەڕاستی ئەوە وشەکانن کە دەتوانن موعجیزە بخولقێنن؟ وشەکان، قاپێلكو چوارچێوەن بۆ دەربڕینی ئەوماناو واتاو پەیامانەی ئێمە مەبەستمانن. ئەو قاپێلكو توێکلانە، بە تەنیاییو بێئەو ژیانەی ئێمە بە جیسم (تەن)ی ئەوانی دەبەخشین، هیچیان لەدەست نایە. لە پشت وشەکانەوە، دەبێ بەدوای شتێکی دیکەدا بگەڕێین: ئەو هێزو دەسەڵاتە جادووییە کە مەولانا گوتەنی "دڕك دەکا بە گوڵو، سرکە دەکا بە شەڕاو". من ئەو دەسەڵاتە جادووییەم دۆزیوەتەوەو ناسیومەو لەسەر ئەو بڕوایەم کە خولقێنەری هەستی، نیعمەتێکی بە نرختر لەوی بە مرۆڤەکان نەداوە. زۆر مرۆڤ هەن لە بەختی گەشی خۆیانو تێگەیشتنی ئینسانیی قووڵی خۆیانەوە، ئەم کیمیایەی بەختیاریو ئەم ئوکسیرە ژیان وەبەر هێنەرەوەیان دۆزیوەتەوەو بە هۆی ئەوەوە هەموو چڵكو ژەنگێکیان لە گەوهەری گیانی خۆیان سڕیوەتەوە. من ئەو دەسەڵاتە جادووییەم لە یەکەیەکەی وشەکانی کەسێکدا کە لای من "نەدا"ی ناوە، دۆزیوەتەوە. من بوومە خولیای هێزێکی بێسنوورو بێوێنەو، شەیدای جوانترین دیاریی خولقێنەری هەستی بە مرۆڤەکانم. من بەنرخترینی گەنجەکانم دۆزیوەتەوە، ئەوینو خۆشەویستیو یەکتر ویستنم دیوەتەوەو لە بەرامبەر پەیامبەرەکەیدا ـ نەدا ـ ئەو کەسەی نەدای خۆشەویستیی بە گوێمدا چپاندوە، کڕنۆش دەبەمو ددان بە بەندەیی خۆم لە هەمبەر خوای خۆشەویستیدا دەنێم.

**هێدی ١-٣/٥/٢٠**

## لە دادگای نێونەتەوەیی جینایىدا

# "بنیاتی هەنگاوەکانی ژنان بۆ داکۆکی لە دادپەروەریی جینسییەتی" پێك هات



ڕۆژی ١٣ی فێوریەی ئەمساڵ لە شاری لاهەی هولەند، ئەو شارەی بنکەی دادگای نێونەتەوەیی جینایی لێیە، بنیاتێك بە ناوی "هەنگاوەکانی ژنان لە پێناوی دادپەروەریی جینسییەتیدا" (Wome,s Initiatives for Gender Justice) دامەزرا. ئەم تاقمە پێشتر بە ناوی ئەنجومەنی ژنان بۆ دادپەروەریی جینسییەتی تێدەکۆشا. بنیاتی ناوبراو لە پەنا تێکۆشانی دادگای نێونەتەوەیی جینایىدا، دەورێکی تازە لە تێکۆشانی خۆی وەك "چاوەدێری جینسییەت" دەست پێدەکا. مەبەست لە پێکهاتنی ئەو دامەزراوە، شوێندانان لەسەر پەسند کراوەی ڕۆم Rome Stutute بوو تا عەداڵەتی جینسیو جینسییەتی لە بارەی ژنان بەڕێوە بچێو هێندێك لەو جینایەتانەی دژی ژنان دەکرێن، وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی بژمێردرێن.

بە هەوڵی ئەو ئەنجومەنە بەشێك لەو تاوانو جینایەتانەی دژی ژنان دەکرێن، سەرەڕای دژایەتیو موخالیفەتی نوێنەرانی واتیکان، ئێران، عەرەبستانی سەعوودیو نوێنەرانی کۆنەپارێزی وڵاتانی وەك ئەمریکا، وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی لە پێڕەوی نێوخۆی دادگای نێونەتەوەیی جیناییدا گونجێندران. دەستدرێژی، کۆیلەتیی جینسی، ناچار کردن بە لەشفرۆشی، دووگیانیی زۆرە ملی، نەزۆك کردنی بەزۆریو جۆرو شێوەکانی دیکەی توندوتیژیی جینسی، هەروەها ئەزیەتو ئازاردانو قاچاقو کڕینو فرۆشتنی ژنان لەو تاوانانەن.

**سایتی: "ایران امروز"**

# ناڕەزایەتی دەربڕینیکونفیدراسیونی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان دژی کوشتاری کرێکارانی مانگرتوو لە کرمان

کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان کە بە هۆی ٢٣٣ یەکیەتیی کرێکاری لە ١٥١ وڵاتی جیهانەوە، نوێنەراتیی ١٥١ میلیون کرێکار دەکا، لە ڕێگای نامەیەك بۆ محەممەد خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نیگەرانیی زۆری خۆی لە کوشتاری لانی کەم ٤ کرێکارو بریندار کردنی زیاتر لە ٤٠ کرێکاری دیکە لە دێی "خاتوون ئاباد"و شاری بابەك لە ڕۆژی شەممە ٢٤ی ژانویەدا، دەربڕی. لەو نامەیەدا هاتوە: "حکوومەتی ئێران لە سەریەتی کاتێك کە کرێکاران لە مافی قانوونیی خۆیان بۆ مانگرتن کەڵك وەردەگرن پێشی کوشتاری کرێکارانو بریندار کردنیان لەلایەن پۆلیسەوە بگرێ."

کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە ئازادەکانی کرێکاری ( ICFTU) ڕای گەیاندوە "سەبارت بە گەورەییو جیدی بوونی ئەو ڕووداوانە، لەلای کومیتەی ئازادیی تەشەککولی ڕێکخراوی جیهانی لە دژی کۆماری ئیسلامی سکاڵا تۆمار دەکا." لە نامەی کۆنفیدراسیۆنی ناوبراودا هەروەها داوا کراوە ئەو کرێکارانەی لەو پێوەندییەدا گیراون دەست بەجێ ئازاد بکرێنو تاوانبارانیش دەست نیشان بکرێنو لێکۆڵینەوەیان لێبکرێ. کۆنفیدراسیۆن لە خاتەمیی ویستوە دەستووری لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو بێلایەنانە لەو بارەوە دەربکاو ئاکامەکەی بە ئاگاداریی هەموولا بگەیەنێ. ڕاشی گەیاندوە "ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە سەر دەستووری خاتەمیو بە هۆی دەفتەری ناوبراوەوە کراوە، لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو بێلایەنانە دانانرێ. ئەو قسەیە لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەیەش کە گۆیا لەلایەن وەزارەتی نێوخۆو ئوستانداریی کرمانەوە کراوە، هەر ڕاستە." کونفدراسیۆن داوای لە دەوڵەتی خاتەمی کردوە مافی مانگرتن بۆ کرێکاران مافێکی بنچینەییەو دەبێ ڕێزی ئەمانە بگرێ.

**سەرچاوە سایتی "اخبار روز"**

# خامەنەیی: "دوعا بکە من بمرم بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دوابکەوێ"



خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی خاتەمیو کەڕووبیدا، وەڵامی داوای ئەوانی لە بارەی دواخستنی هەڵبژاردن بەم جۆرە دابۆوە: دواکەوتنی هەڵبژاردن تەنیا لە حاڵەتێکدا مومکینە. ئەویش ئەوەیە دوعا بکەن من بمرمو یەك دوو حەوتوو ماتەمینی گشتی ڕابگەیەندرێو هەڵبژاردنیش یەك دوو حەوتوو دوابکەوێ. دەڵێن کاتێك کەڕووبی ئەم ڕووداوەی بۆ نوێنەران گێڕاوەتەوە، یەکێك لە نوێنەرانی [ئوستانی] فارس دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردۆتەوەو گوتوویەتی ئیلاهی ئامین! کەرووبی بەم قسەیە قەڵس بووەو بۆ ماوەیەك بێدەنگ بووە.

لە کۆبوونەوەی خامەنەیی لەگەڵ خاتەمیو کەڕووبیدا، خامەنەیی گوتوویە: نوێنەران غەڵەت دەکەن دەست دەکێشنەوە. کەرووبیش دەڵێ غەڵەت بکەن یا ڕاست، ئەوە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە. خامەنەیی پێی دەڵێ ئاغای کەرووبی! ئەوە لە ئەستۆی تۆیە بچی بیانهێنیەوە سەر ڕێی ڕاست. کەڕووبیش دەڵێ ئەتۆ لەگەڵ ٦ کەس تەرەفی بۆت نایەنە سەر ڕێ، من چلۆن دەرەقەتی ٢٩٠ کەس بێم؟!.

**سەرچاوە: سایتی "اخبار روز"**

# کۆنەپارێزانو کەلك وەرگرتن لە خانمانی بەدحیجاب بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن



لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆنەپارێزانو پاوانخوازان بەردەوام ڕەخنەیان لە ریفۆرمخوازان دەگرت کە لە پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنو لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەو میتینگەکانیاندا، ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان ڕەچاو ناکەنو فیتوو و چەپڵە لێدەدەن، ئادامس دەجوون، کەلك لەو کچو ژنانە وەردەگرن کە بە وتەی ئەوان "بەدحیجاب"نو بەمجۆرە دەنگی دەنگدەرانو سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

بەڵام وادیارە بڕیاری تەحریمی شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم لەلایەن خەڵکەوە، کۆنەپارێزانی بە جۆرێك ترساندوە کە ناچارن بۆ وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر، کەلك وەرگرتن لە خانمانی بە وتەی ئەوان "بەدحیجاب"یش بە ڕەوا بزانن!

# گوڵی ڕۆژی ئاسمانی، دیاریی والینتاین



تێلسکۆبی فەزایی ئیسپیستزیر کە ساڵی ڕابردوو بۆ فەزا نارداو چەند مانگ لەمەوبەر چووە سەر خولگەی خۆی، وێنەی هێشوویەك ئەستێرەی کە کەوتوونە نێو سەحابییەك بە ناوی "ئێن.جی.سی ٧١٢٩"، بۆ زەوی ناردۆتەوە. "توماس مەگیت" ئەستێرەناسی ناوەندی "هاروارد ئیسمیتسونین" دەڵێ "ئەم وێنەیە نەك هەر جوانە، بەڵکوو لەسەر دروست بوونی ئەستێرەکانیش لە ناوچەیەکی پڕ لە سەحابیدا یارمەتیمان دەدا".

"ئین.جی.سی٧١٢٩"، کە هەر دەڵێی خونچەی گوڵی ڕۆزە، ٣٣٣٠ ساڵی نووری لە زەوی دوورەو ١٣٠ ئەستێرەی لاو (تازە دروست بوو)ی تێدایە. بەو هۆیەوە کە ئەم وێنەیە لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا بۆ زەوی ڕەوانە کراو شێوەی گوڵی ڕۆز دەدا، زاناکان ناویان ناوە "دیاریی والنتاین".

**بی. بی. سی**

# تەقینەوەی شەمەندەفەرێك لە خـوراسـان



بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕێبەندان، لە ٢٠ کیلۆمیتریی شاری نیشابوور، نزیك ویستگەی خەییام، تەقینەوە لە واگۆنەکانی شەمەندەفەرێکدا کە بارەکەی گووگرد، مازووتو بێنزین بوو، ڕووی دا. بە پێی هەواڵی تەلەویزیۆنی ئێران ئەو ڕووداوە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٨٠ کەسو بریندار بوونی لانیکەم ٣٥٠ کەسی دیکە.

تەقینەوەکە ئەوەندە توند بوو کە ماڵەکانی ٣ گوندی نزیك بەو ویستگەیەی وێران کردن. لە شاری مەشهەد کە ٧٥ کیلومیتر لە شوێنی ڕووداوەکە دوورە، دەنگی ئەو تەقینەوەیە بیسرا. بە قسەی فەرمانداری نیشابوور، هۆی ئەو تەقینەوەیە، هەژانی شەمەندەفەرەکە بە هۆی بوومەلەرزەیەکەوە بووە کە توندییەکەی ٣/٦ ریشتێر بووە.